14

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ڕێکخراوی زمانناسی دەریدەکات

ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠١٢


- زمانناسی هەر بەردەوام دەبێ
- پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان
- پرسی ئەلفوبێ لە هەر دوو کۆنفرانسی زمانی کوردی
- زمان و دیالێکت
- مێژووی زمانی کوردی- پلانی زمان
- زمانەوانی گەردوونی وشوێنی زمانی کوردی
- لە وێستگەکانی وشەسازیی کوردیی
- خوێندنەوەیەک بۆ پێناسەی جێناوی لکاو
- چۆمسکی و گرنگیدان بە ڕۆنانی قووڵ
- چەند تێبینی و سەرنجێک لەسەر مەنهەجی کوردی
- کرماشـان.. کرمانجان یان گەرماژن
- دواندنێکی بڵاونەکراوەی مامۆستا هەژار

# زماناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان
ڕێکخراوی زمانناسی دەریدەکات

ژمارە (١٤) ٢٠١٢

**خاوەنی ئیمتیاز**
پ.ی سەلام ناوخۆش
٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

**سەرپەرشتیاری زانستی**
د. شێرکۆ بابان

**سەرنووسەر**
نەریمان خۆشناو
٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧
٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

**بەڕێوەبەری نووسین**
عەبدوڵڵا ڕەحمان

**بەڕێوەبەری هونەریی**
کۆچەر ئەنوەر نایف

نەخشەسازی بەرگ
خەلیل هیدایەت مام شێخ

**ناونیشان/ کوردستان ـ هەولێر - شەقامی ئاراس - پشت قوتابخانەی ئەیوبییە**

**بۆ پەیوەندیکردن:**

zimannasi@yahoo.com
xoshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com

تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٢٠٠٠) دینار

# ناوەرۆک


زمانناسی هەر بەردەوام دەبێ / **دەستەی گۆڤار** ........................ ٣

پـڕۆژە یاسای زمـانە فەرمییـەکان لە هەرێمی کوردستان ................ ٥

پرسی ئەلفوبێ لە هەر دوو کۆنفرانسی زمانی کوردی/ **سوداد ڕەسوڵ** ........ ٢٠

زمان و دیالێکت / **د. نەریمان خۆشناو** ........................ ٦١

مێژووی زمانی کوردی- پلانی زمان /**پ.ی. سەلام ناوخۆش** ................ ١٢٢

زمانەوانی گەردوونی وشوێنی زمانی کوردی / **موحسین عەلی حوسێن** ...... ١٦٨

لە وێستگەکانی وشەسازیی کوردیی / **د.شەهاب شێخ تەیب** ................ ١٧٧

خوێندنەوەیەك بۆ پێناسەی جێناوی لکاو/ **عەدنان ئەحمەد عەلی** ......... ٢٠٩

چۆمسکی و گرنگیدان بە ڕۆنانی قوڵ / **ئـاری عوسمان خەیـات**.............. ٢١٥

چەند تێبینی و سەرنجێك لەسەر مەنهەجی کوردی/ **گۆران وسو حەمەد** ..... ٢٢٠

کرماشـان... کرمانجان یان گەرماژن /**بەختیار مام حەمید** .................. ٢٣٠

دواندنێکی بڵاونەکراوەی مامۆستا هەژار/ **شوان ئەحمەد** .................. ٢٣٧

سەروتار

# زماننناسی هەر بەردەوام دەبێ[٧]

گۆڤاری زمانناسی گۆڤارێکی تایبەت بە زمانیی و دەگمەنە، ئێمە نالێین هەر لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە تەواوی کوردستان گۆڤارێکی تاقانە بوو . تاقانە، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو تاقانەیەك بێنازە ! ! نە دەسەڵاتی کوردی و نە کۆمپانیایەك و نە ڕێکخراوێکی سیاسی سپۆنسەری ناکات ! دەسەڵاتی کوردی، دەسەڵاتێکی وا نییە کە گرنگی بە مەعریفەت بدات.ئەگەر حکومەتی کوردی کاری لە سەر مەعریفەت بکردبووایە، لە جیاتی سیاسەت، ئەوا ئێستا لە باشوور چەند گۆڤارێکی دەگمەن و پڕ مەعریفەت بوونیان لە دەڤەرەکە دەبوو، نەوەك هێندە گۆڤار و ڕۆژنامەی سیاسی هاوشێوە !

ئێمە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زمانناسی، هیچ کێشەیەکمان لە سەر ژمارەی بابەتەکان نییە و دەتوانین هەموو مانگێك بە

ڕێکوپێکی گۆڤارەکە دەربکەین، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە، دارایيە بۆ دەرکردنی گۆڤارەکە . مەسەلەی دارایی بۆ گۆڤارێکی وەك زمانناسی ئەوەندە گرینگە، لە سەرەتای دەرکردنی گۆڤارەکە پلانمان وا بوو، کە کار بکەین بۆ دامەزراندنی ئەکادیمیای زمان بۆ ئەوەی زمانی کوردی لەو پاشاگەردانیەی تێی کەوتووە ڕزگاری بکەین ! ئێستاش خەون بەو ڕۆژە دەبینین !هەبوونی گۆڤارێکی وەك زمانناسی بۆ کورد گرینگە، چونکە دوور لە سیاسەت کار لە سەر زمانی کوردی دەکات و دەیەوێ کورد زمانێکی شارستانی هەبێت و بگات بە کاروانی گەلانی پێشکەوتوو.

لە ماوەی داهاتوودا گۆڤاری زمانناسی لە دەرچوون هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەفسووس لە بریتی مانگانە، وەرزیی دەبێ. کە وەرزیی بێ، قەبارەی لە جاران گەورەتر دەبێ....جا هیڤادارین کەسانی پسپۆر لە بواری زمان درێغیمان لەگەڵ نەکەن، لە هەمان کاتیشدا ئێمە لە دەستەی نووسینی گۆڤارەکە هەر بەردەوام دەبین لەو پرۆگرامەی کە لە سەرەتا دامانتابوو، کە هەوڵدانە بۆ بژارکردنی زمانی کوردی لەو کێشە و گرفتانەی کە تێدایە، بەتایبەتی لە ڕێنووسی کوردی.

**دەستەی گۆڤاری زمانناسی**

# پـــڕۆژه یاسـای زمـــانه فه‌رمییـــه‌کـان
# له هه‌رێمـی کوردسـتان ـ عێراق

ئاماده‌کـــردنی
پارێزەر تاریق جامباز / یاساناس
د. ئاسۆ عه‌بدوڵلا زاده/ یاساناس
د. عومه‌ر مه‌حموود که‌ریم/ زمانناس
د. نه‌ریمان عه‌بدوڵلا خۆشناو/ زمانناس

ئـەم پـڕۆژە یاسـایە لـە ٢٠١٢/٥/١٢ دراوەتـە سـەرۆکی پەرلـەمان، و لـە ٢٠١٢/٧/١٧ لە هۆڵی پەناگیری لـە پەرلـەمانی کوردسـتان بـە سەرپەرشتی (د. ئەرسـەلان بـایز) سـەرۆکی پەرلـەمان وۆرکشـۆپێکی بـۆ سـازکرا، پـاش وۆرکشـۆپەکەش ئامادەکـارانی پـڕۆژە یاسـاکە تێبینـی و سـەرنجی ئامادەبووانی وۆرکشۆپەکەیان خستە نێو پڕۆژەکە، ئێستاکە وەرگێرانـی بـۆ زمانەکانی عەرەبی و فارسی بـۆ کـراوە و دراوەتـە پەرلـەمان بـە مەبەسـتی ئەنجامدانی خوێندنەوە و پەسندکردنی یاساکە. جێگـەی باسـە ئـەم پـڕۆژە یاسـایە تاکـە پڕۆژەیـە کـە بـە زمـانی کـوردی پێشـکەش بـە پەرلـەمانی کوردسـتان دەکرێـت و بـۆ مەبەسـتی پارێزگـاریکردنی زمـانی کوردییـە لـەو شاڵاوەی کە ڕووبەڕووی زمانەکەمان بۆتەوە .

## بەشی یەکەم
## پێناسەی زاراوەکان

**<u>مـاددەی یەکـەم:</u>** مەبەسـت لـەو زاراوانـەی لـەم یاسـایەدا بـەکارهاتوون، ئەمانەن:

**هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

زمانە فەرمییەکان: ئەو زمانانەیە کە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق دان بە فەرمی بوونیاندا نراوە.

کۆمسیۆن: کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان.

## بەشی دووەم

## بنەما و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:** زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە .

**ماددەی سێیەم:** لە هەرێمی کوردستاندا زمانی پێکهاتەکانی تری عێراق (زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی) لە یەکەی کارگێڕی خۆیان و لەو حاڵەتانەدا کە پێویستە، لەپاڵ زمانی کوردیدا فەرمین.

**ماددەی چوارەم:** ئامانجی ئەم یاسایە چەسپاندن و بە کردەیی کردنی فەرمییەتی زمانی کوردییە لە هەرێمی کوردستاندا و، ڕێکخستنی ئەو فەرمییەتییەیە لە پەیوەندی لەگەڵ زمانە فەرمییەکانی دیکەی عێراقی فیدراڵدا.

**ماددەی پێنجەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئاسایشی نەتەوەییمان سیاسەتێکی ڕوون و پتەوی زمانی دادەڕێژێ و پەیڕەو دەکات. هەرچەندە ئەم سیاسەتە لە هەرێمی کوردستان - عێراقدا بەڕێوەدەچێت، بەڵام لە پێناو پەرەپێدان و پێشخستنی زمان و کلتووری کوردی، هەماهەنگی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان و ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵاتیش دەکات.

## بەشی سێیەم

## زمانی یاسا و دادگاکان

**ماددەی شەشەم:** هەموو پرۆژە یاسایەك لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی ئامادە و پەسند دەکرێت.

**ماددەی حەوتەم:** لیژنەکانی دارشتنی یاسا پێویستە پسپۆری زمانەوانییان تێدا بێت.

**ماددەی هەشتەم:** لە رۆژنامەی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەقی یاسا و بریارەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاودەکرێتەوە، لە حالەتی گومان لە شیکردنەوەدا، نوسراوی کوردی یاساکان سەرچاوەیە.

**ماددەی نۆیەم:** لە دەرچوونی هەر یاسایەکدا ئاماژە بە زمانە فەرمییەکان و لایەنی جێبەجێکردنی یاساکە دەکرێت.

**ماددەی دەیەم:** هەموو رێوشوێنە دادوەرییەکان بە بریاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی بەرێوەدەچن و دەنووسرێن.

**ماددەی یازدەم:** لە حالەتێکدا کە لایەنێکی داواکاریی یاسایی، عەرەب زمان بێت، یان سەر بە یەکێك لە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بێت، یان لە هەر حالەتێکی دیکەی پێویستدا، بەکارهێنانی ئەو زمانانەش لە رێوشوێنە دادوەرییەکان و بریاری دادگاکاندا رێگەپێدراوە، بەمەرجێك وەرگێر بۆ زمانی کوردی دابین بکرێت .

## بەشی چوارەم

## زمانی دامودەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە

**ماددەی دوازدەم** : زمانی کوردی، زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم فەرمانگە و دامەزراوەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەرییە .

**ماددەی سێزدەم:** زمانی پەیوەندی و نامەکاری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکانی دیکەی عێراق زمانی کوردی و عەرەبییە. بۆ پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان دەکرێ لەگەڵ زمانی کوردی و عەرەبی، زمانی لایەنەکەی دیکەش بەکاربێت.

**ماددەی چواردەم:** رێککەوتنە دووقۆڵی، یان چەند قۆڵییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، پێویستە بە زمانی کوردی و زمانی لایەنەکەی دیکە بێت.

**ماددەی پازدەم:** لە دامەزراندن و گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی فەرمانبەران و کارمەندان و بەرزکردنەوەی پلەکانیان، زانینی زمانی کوردی وەك یەکێك لە پێوەرە سەرەکییەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە کورد نەبوو یاخود کوردی نەزانێت، ئەوا پێویستە ماوەیەکی بۆ دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی ببێت .

**ماددەی شازدەم:**

یەکەم: تابلۆی سەرجەم فەرمانگە حکومییەکان دەبێت بە زمانی کوردی و عەرەبی بێت، بەمەرجێك نووسینە کوردییەکە دەرکەوتووتر بێت.
دووەم: تابلۆی نووسینگە و نوێنەرایەتی و کونسولگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەکەی دیکە بێت .

**ماددەی حەڤدەم:** هەر دامودەزگایەکی حکومی و ناحکومی عێراقی و بیانی کە مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتیانی هەرێمدا هەبێت، پێویستە لە فۆرم و نووسراوەکانیدا ڕەچاوی زمانی کوردیش بکات .

**ماددەی هەژدەم:** تابلۆی سەر شەقامەکان و دەستنیشان کردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بەمەرجێك نووسینە کوردییەکە دەرکەوتووتر بێت .

## بەشی پێنجەم
## زمانی خوێندن

**ماددەی نۆزدەم:** زمانی کوردی **لە** پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، زمانی فەرمییە لە هەرێمی کوردستاندا .

**ماددەی بیستەم:**

**یەکەم:** خوێندن بە زمانەکانی عەرەبی، تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی لە قوتابخانە حکومییەکاندا لەژێر چاودێریی وەزارەتی پەروەردەدا دەبێت.

**دووەم:** خوێندن بە زمانە بیانییەکان لە قوتابخانە ئەهلییەکاندا، لەژێر چاودێریی وەزارەتی پەروەردەدا دەبێت .

**سێیەم:** هەموو باخچەی ساوایان و قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلیژێکی پەروەردەیی ئەهلیی - کەرتی تایبەت، لەسەریەتی خوێندنی بەشە وانەی زمانی کوردی بەپێی پرەنسیپەکانی وەزارەتی پەروەردە لە ڕیزی مادده خوێندراوە سەپێنراوەکانی بێت، بەپێچەوانەوە قوتابییەکانیان بۆیان نییە لەزانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستاندا وەربگیرێن.

**ماددەی بیست و یەك:** لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و ئەهلییەکان بەتایبەتی زانستە مرۆییەکان، قوتابی بە زمانی کوردی دەخوێنێت و وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکان دەداتەوە، زمانەکانی دیکەش ڕێگەپێدراون، بە مەرجێك زمانی کوردی زمانی یەکەمی خوێندن بێت .

**ماددەی بیست و دوو:** لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و ئەهلییەکاندا، بەپێی پسپۆڕیی بەشەکان، زمانەکانی دیکە ڕێگەپێدراون، بەمەرجێك ماددەیەکی تایبەت بە کوردۆلۆجییان هەبێت .

**ماددەی بیست و سێ:** خوێندن بە خەتی برایل بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بە زمانی کوردی دابین بکرێت.

## بەشی شەشەم

## زمانی کار و بازرگانی

**ماددەی بیست و چوار:** هەر دەزگایەکی خزمەتگوزاریی کەرتی تایبەت، کە مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتیاندا هەبێت، پێویستە زمانی کوردی بەکاربهێنێت. بەکارهێنانی زمانێکی دیکەی فەرمیی عێراق، یان زمانێکی بیانی بەپێی پێویستیی خزمەتگوزارییەکەی و زمانی بەکاربەران، ئازادە.

**ماددەی بیست و پێنج:** پێویستە تابلۆی سەر سەرجەم نووسینگە و فرۆشگا و چێشتخانە و هۆتێل و شوێنە خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت بە زمانی کوردی بێت. دەشێ لەپاڵ زمانی کوردی بە زمانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، یان بە زمانێکی دیکەی بیانی بنووسرێت، بەمەرجێك نووسینە کوردییەکە دەرکەوتووتر بێت، بەپێچەوانەوە مۆڵەتی کردنەوەیان پێنادرێت.

**ماددەی بیست و شەش:** بۆ دامەزراندن، یان کارکردن بە گرێبەست لە هەر شوێن و کارێکدا پێویستە زانینی زمانی کوردی وەك یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکان بێت .

**ماددەی بیست و حەوت:** لە پەیوەندیی زارەکیی و نووسراوی نێوان خاوەنکاری کەرتی تایبەت و کارمەندەکانیدا (بە گرێبەستیشەوە)، زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت، دەکرێت زمانێکی تریش لەگەڵ زمانی کوردی بەکاربهێنرێت .

**ماددەی بیست و هەشت:** پێویستە هەموو ئاگادارییەکی کاردۆزینەوە لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی بڵاوبکرێتەوە.

**ماددەی بیست و نۆ:** پێویستە هەموو شتومەك و کەلوپەل و کاڵایەك کە لە هەرێم بەرهەم دەهێنرێت، بە زمانی کوردی ( وێڕای زمانی دیکە ) لەسەری بنووسرێت. حکومەت لە سیاسەتی مۆڵەت بەخشین و ئاسانکاری بۆ هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی لە دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی عێراق بەرهەم دەهێنرێن، دەبێت مەرجی نووسین بە زمانی کوردی لەسەر بەرهەمەکان وەك یەکێك لە پێوەرەکانی مۆڵەت و ئاسانکارییەکان بەکاربێنێت، ئەمە نووسینی سەر ڕێنمایی بەکارهێنان و کەتەلۆگی سەرجەم بەرهەمەکان بەتایبەتی داو و دەرمانیش دەگرێتەوە.

**ماددەی سییەم:** پێویستە فۆرمی داواکاری و پارەدان و پارەوەرگرتن لەگەڵ هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاریی بازرگانی و پسوولە و زەرف ... هتد بە زمانی کوردی بن، بەڵام بەکارهێنانی زمانی عەرەبی، یان زمانێکی بیانی لەپاڵیدا ڕێگەپێدراوە.

**ماددەی سی و یەك:** هەموو جۆرە ڕێکلام و بانگەشەیەك لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە زمانی کوردی بێت، بەڵام بەکارهێنانی زمانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، یان زمانێکی بیانی لەپاڵیدا ڕێگەپێدراوە.

**ماددەی سی و دوو:** ڕۆژنامە و میدیا و ناوەندە کلتوورییە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئازادن لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا .

## بەشی حەوتەم
## زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکان

**ماددەی سی و سێ:** لە هەر یەکەیەکی کارگێڕیدا، کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی سەر بە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد بن، بۆیان هەیە بە ڕاپرسییەکی خۆجێیی زمانی خۆیان لەپاڵ زمانی کوردیدا بکەن بە زمانی فەرمیی کاروباری ناوخۆییان.

**ماددەی سی و چوار:** دەبێت دامەزراوەکانی ئەم جۆرە پێکهاتانە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، زمانی کوردی بەکاربێنن.

## بەشی هەشتەم
## کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان

**ماددەی سی و پێنج:** لەپێناو چاودێریکردن و جێبەجێکردنی ئەم یاسایە و بەڕێوەبردنی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا، کۆمسیۆنێك بە ناوی کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان دادەمەزرێت.

**ماددەی سی و شەش:** کۆمسیۆن خاوەنی کەسایەتیی مەعنەوییە و سەربەخۆیی دارایی (بودجەی تایبەت) و کارگێڕی هەیە و دەسەڵاتی گرتنەبەری هەموو ڕێککارێکی یاسایی پێویستی هەیە.

**ماددەی سی و حەوت:** کۆمسیۆن لە (٩) پسپۆڕی بواری زمان و یاسا و کارگێڕیی کە خۆیان بۆ ئەم ئەرکە تەرخان دەکەن پێکدێت، ئەندامانی کۆمسیۆن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران (یان) پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ ماوەی (٤) ساڵ دیاری دەکرێن، ماوەکەیان دەکرێت یەك جار نوێ بکرێتەوە، مەرجەکانی بوون بە ئەندام لە کۆمسیۆن ئەمانەن:

یەکەم: تەمەنیان لە سی و پێنج ساڵ کەمتر نەبێت .

دووەم: بە لای کەمی (١٠) ساڵ لە بوارەکەی خۆی خزمەتی کردبێت.

سێیەم: بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت.

**ماددەی سی و هەشت:** کۆمسیۆن دەسەڵاتی پەسەندکردنی پێڕەوی ناوخۆ و هەموو ڕێنماییەکی هەیە، کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی پێویست بێت. بۆ مەبەستی پێدانی مۆڵەتی کارکردن و لێسەندنەوەی مۆڵەتی کارکردن و داخستن، لیژنەیەك لە نوێنەرانی کۆمسیۆن و ئەکادیمیای کوردی و پارێزگا و شارەوانی پێکدەهێنرێت.

**ماددەی سی و نۆ:** کۆمسیۆن لە دوو بەشی لیژنەی زمان و لیژنەی بەدواداچوون و پشکنین پێکدێت:

**یەکەم: لیژنەی زمان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی لە بواری بە کوردی کردنی زاراوە کارگێڕیی و پسپۆڕییەکاندا یارمەتی دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان دەدات، پاش پەسندکردن لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاویان دەکاتەوە.**

**دووەم:** لیژنەی پشکنین و بەدواداچوون لەسەر بنەمای تۆمار کردنی سکاڵای هاوڵاتییان، یان بە دەستپێشخەریی خۆی، پشکنەرەکانی دەنێرێتە سەر ئەو دامەزراوە و ناوەندانەی کە ڕەفتاریان لەگەڵ یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا ناتەبایە.

**ماددەی چلەم:** هەر کۆمپانیا و دەزگایەکی خزمەتگوزاریی کەرتی تایبەت، کە کارمەندی هەبێت و زمانی کوردی نەزانن، لەژێر چاودێریی کۆمسیۆندا پلان بۆ باشکردنی باری زمانی کوردی دادەنێت.

**ماددەی چل و یەك:** کۆمسیۆن بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی بۆ ناونان و ناوبردنی شوێن و دەڤەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا پێشنیاز دەداتە حکومەت بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکات.

**ماددەی چل و دوو:** کۆمسیۆن هەموو ساڵێك ڕاپۆرتێکی چڕوپڕ لەسەر باری زمانی کوردی لە بواری گشتی و حکومیدا دەداتە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەپێی پێویست بڕیاری لەسەر بدرێت .

## بەشی نۆیەم

## سزاکان

**ماددەی چل و سێ:** ئەوەی سەرپێچی لە فەرمانەکان (حوکمەکان)ی ئەم یاسایە بکات، بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەکەوێت:

**یەکەم:** ئەگەر بەرپرسیاری سەرپێچییەکە کەسێکی مەعنەویی کەرتی گشتی بوو، کۆمسیۆن لەرێگەی هۆشداریدانەوە سەرنجی دامەزراوە حکومییەکە بۆ سەرپێچییەکە ڕادەکێشێت. ئەگەر پاش تێپەڕینی ئەو ماوەیەی کە کۆمسیۆن دیاریی دەکات، دامەزراوە گشتییەکە لە سەرپێچییەکەی بەردەوام بوو، ئەوا کۆمسیۆن دەتوانێت هۆشداریدانەکەی لە ڕۆژنامە و میدیاکاندا بڵاوبکاتەوە.

**دووەم:** ئەگەر بەرپرسیاری سەرپێچییەکە فەرمانبەری کەرتی گشتی بوو، نەك دامەزراوەکە وەك کەسێکی مەعنەوی و لەکاتی جێبەجێکردنی وەزیفەکەیدا ئەو سەرپێچییەی کرد، ئەوا بە نووسین ئاگاداردەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەرپێچییەکەی ڕاست بکاتەوە، ئەگەر لەسەر سەرپێچییەکەی بەردەوام بوو، لە ڕێگەی بەرزترین بەرپرسی دامەزراوەکەیەوە سزای ئینزیباتی دەخرێتە سەر، بەپێی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستاندا.

**سێیەم:** ئەگەر هاتوو سەرپێچیکار ( کەسی سروشتی بێت یان مەعنەوی) سەر بە کەرتی تایبەت، یان دامەزراوەیەکی حکومی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، یان بیانی بێت، هۆشداری پێ دەدرێت، تاوەکو لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەرپێچییەکەی ڕاست بکاتەوە. ئەگەر پابەند نەبوو، ئەوا بە غەرامەیەك سزادەدرێت کە نابێ لە (   ) دینار کەمتر و لە (   ) دیناریش زیاتر بێت. لەحاڵەتێکدا کە ئەو ڕێککارانە نەبنە هۆی ڕاستکردنەوەی

سەرپێچییەکە، ئەوا کۆمسیۆن بۆی هەیە داوای یاسایی لەسەر لایەنی پێشێلکار تۆماربکات.

**چوارەم:**

١ - لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکەدا، غەرامەکە دوو ئەوەندە دەکرێت .

٢ - ئەگەر لایەنی سەرپێچیکار کەرتی تایبەت بوو، وە بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچییەکەی، ئەوا شوێنەکە بۆ ماوەیەك دادەخرێت.

**پێنجەم:** ئەگەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بە زارەکی، یان بە نووسین، یان بە هەر شێوە و شێوازێك، رێگە لە بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان و زمانی پێکهاتەکاتی دیکەی عێراق بگرێت، ئەوا دەبێت بە بەندکردن و غەرامە سزا بدرێت، بەمەرجێك سزای بەندکردنەکەی لە مانگێك کەمتر نەبێت و لە( ٣ ) مانگیش زیاتر نەبێت، و غەرامەکەشی لە ( ) دینار کەمتر نەبێت و لە ( ) دیناریش زیاتر نەبێت .

## بەشی دەیەم

## ماددە دوماهییەکان

<u>**ماددەی چل و چوار:**</u> پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، فەرمانەکان(حوکمەکان)ی ئەم یاسایە جێبەجێبکەن .

**ماددەی چل و پێنج:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ فەرمانەکان (حوکمەکان)ی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن .

**ماددەی چل و شەش:** دوای ئەوەی بڕیاری کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان دەردەچێت و ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە، یاساکە جێبەجێ دەکرێت .

## هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ڕۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥)ی کۆماری عێراقی فیدراڵ، کە شانبەشانی زمانی عەرەبی دانی بە فەرمیبوونی زمانی کوردی ناوە لە سەرانسەری عێراقدا، هەروەها دانی بەزمانی پێکهاتەکانی دیکەشدا ناوە و، لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت وەك یاساگەلی دەوڵەت و هەرێمە فرەزمانەکان لە بواری سیاسەتی زمانیدا، بەپێویست زانرا یاسایەکی لەم چەشنە وەك سەرچاوە و چوارچێوەی سیاسەتی زمانی پەسند بکرێت و بخرێتە کار، بۆیە ئەم یاسایە تەشریع کرا.

# پرسی ئەلفوبێ لە هەر دوو کۆنفرانسی زمانی کوردی
# سەرهەڵدان و نەمانی ئەلفوبێ هۆیەکەی زیاتر سیاسی و کولتورییە تا زمانەوانی (ئەندرو رۆبینسن)

سوداد ڕەسول

ئەلفوبێ لە زمانی هەر نەتەوەیەکدا بۆی هەیە فاکتەری یەکگرتن بێت و لە هەمان کاتدا فاکتەری دابڕان و جودابوونەوەش بێت، هیچ گومان لەوەدا نیە کە یەکخستنی ئەلفوبێ بۆ زمانی کوردی هەنگاوێکی گرنگ دەبێ بۆ نزیکبوونەوەی لەهجەکانی کوردی لەیەک، کە ئەمەش لەهەمان کاتدا زەمینە خۆش دەکا بۆ دروستبوونی زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی. نووسین بە دوو ئەلفوبێی جیاواز بۆ زمانی نەتەوەیەک، جیاوازییەکانی زمانیی زیاتر دەکات و ئەندامەکانی نەتەوەش زیاتر لەیەک دادەبڕێ. بە بێ ئەلفوبێیەکی یەکگرتووش هەرگیز ناکرێ باس لە زمانێکی یەکگرتووی کوردی بۆ سەرانسەری کوردستان بکرێ.

سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئەلفوبێی لاتینی لە رۆژهەڵات، لە سەرەتادا بە تەئسیری مسیۆنێران و رۆژهەڵاتناسان و هێزە کۆلۆنیالییەکانەوە بووە، دواتر لەلایەن چینە رۆشنبیرە نوێگەرەکەی ئەم وڵاتانەوە لە ژێر بیانوی جۆراوجۆر رەوتی ئەم بە لاتینیکردنە درێژەی پێدراوە. کەم زمان هەیە لە دنیادا لە ئاسیا و لە ئەفەریقیا لە سەدەی رابردوو، هەوڵی بە لاتینیکردنی بۆ نەدرا بێت، تەنانەت زمانی عەرەبیش لەم هەوڵی بە لاتینیکردنە رزگاری نەبووە.[1] ئەم هەوڵانە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەمرۆش بە هۆی هەیمەنەی کولتوری رۆژئاوایی بەسەر جیهاندا و بە هۆی دەستگرتنیان بە سەر میدیای جیهانی و تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن، وێرای پێشکەوتنیان لە بواری ئابوری و پیشەسازی و سیاسییەوە، ئەلفوبێی لاتینی رۆژئاوایی بە رووالەت بووە بە ئەلفوبێی کاریزما و رەمزی پێشکەوتن و بەمۆدێرن بوون و بەرۆژئاوایی بوون. تەوژمی بە لاتینیکردن لە جیهاندا ئەوەندە بە هێز و خۆسەپێنە، زۆر کەم دەرفەتی مشتومڕ و لێکۆڵینەوە دەڕەخسێنێ بۆ رەتکردنەوەی، بۆیە ئەستەمە مەسەلەی گۆڕینی ئەلفوبێ لە روانگەیەکی زانستی و ئەکادیمییەوە، دوور لە ئەجێندای سیاسی و کولتورییەوە تاوتوێ بکرێ.

لە چەند مانگی ڕابردوو دوو کۆنفرانسی زمانی کوردی گیراوە یەکەمیان لە ڕێکەوتی ٢٢ ئەیلولی ٢٠١١ لە شاری هەولێر و ئەوەی دواییان لە ڕێکەوتی ٢ ئادار ٢٠١٢ لە شاری ئامەد لە باکوری کوردستان. ئەوەی جێگەی سەرنج و تێرامانە لە هەردوو کۆنفرانسەکە، داوای ئەوە دەکرێ لە باشوری کوردستان لە پاڵ ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی، ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینیش لە هەموو شوێنێک بەکار بێ، بەڵام هەمان ئەو داوایە بۆ کوردەکانی باکوری کوردستان ناکا کە لەپاڵ ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبیش لە هەموو شوێنێک بە کار بێنن. ئایا چ پاساوێک هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی لە باشوری کوردستان؟ ئەم دوو کۆنفرانسانەی دوایی زمانی کوردی چ بەرنامەیەکیان بۆ ئەلفوبێی کوردی لە هەگبە دایە؟

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین بایەخی ئەلفوبێی کوردی بۆ زمان و فەرهەنگی کوردی ڕوون بکەینەوە، سەرەڕای شیکردنەوەی تێڕوانین و ئامانجی کۆنفرانس بۆ مەسەلەی ئەلفوبێ. سەرنجێکی ئەزمونی گۆڕینی ئەلفوبێ لە ئاسیای ناوەڕاست دەدەین، ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن کورد دەتوانێ سوود لە ئەزمونی گۆڕینی ئەلفوبێی زمانەکانی ئەو ناوچەیە وەرگرێ، هەروەها بۆ هەلومەرجی ئەمڕۆی زمانی کوردی کامە ئەلفوبێ پێویستە.

## بایەخی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی

لای هەموو شارەزایەکی زمانی کوردی ئاشکرایە کە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی تا ئێستا گونجاوترین ئەلفوبێیە بۆ زمانی کوردی. ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ئەلفوبێکانی دی کەمترین کێشەی بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی هەیە، کە بۆ هەر فۆنیمێک پیتێک هەیە، کەچی لە ئەلفوبێی لاتینی حەوت فۆنیمی زمانی کوردی کە ئەمانەن: (ێ، ح، ع، غ، ڵ، ڕ، وێ) هیچ پیتێکیان بۆ دا نەنراوە،[٢] هەندێکیان بە بیانوی ئەوە لە زمانی کوردی وەدەرنراون کە گوایە دەنگی کوردی نین، بە ئەسڵ عەرەبین بە

تایبەت پیتی (ح،ع). ئەم جۆرە ئیدیعایە نە لەگەڵ واقیعی زمانی کوردی دەگونجێت کە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و زمانی ئەمڕۆی کوردی ئەم دەنگانە بوونی هەیە، نە ڕاستییە زمانەوانییەکانیش ئەم ڕەتکردنەوەیە قبوڵ دەکەن.

هیچ گومان لەوەشدا نیە کە ئەم ئەلفوبێ کوردییە بێ کەموکوڕی نیە، بەڵام کەموکوڕییەکانی دەکرێ چارەسەر بکرێ، دەکرێ زیاتر هەموار بکرێ و پوختەتر بێ بۆ زمانەکە. لە ماوەی سەدەی ڕابردوو ڕێنووسی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی هەوڵی گونجاندنی دراوە، بە تایبەت کە لە ژێر و بۆری ڕێنووسی عەرەبی خۆی ڕزگار کردووە، بەمەش زۆربەی گیروگرفتەکانی ڕێنووسیی چارەسەر کراوە. زۆربەی زمانان لە دنیا لەگەڵ ئەلفوبێکەیان کێشەیان هەیە، تەنانەت زمانی عەرەبیش لەگەڵ ئەلفوبێکەی کۆمەڵێک کێشەی هەیە، زمانی فارسیش کێشەی لەگەڵ ئەلفوبێکەی بە بەراورد لەگەڵ زمانی کوردی یەکجار زۆرترە، کەچی نە عەرەبەکان و نە فارسەکان مەسەلەی گۆڕینی ئەلفوبێ بە هیچ شێوەیەک لە بەرنامەی وڵاتەکانیاندا نیە.[٣]

هەر ئەم ئەلفوبێیە کوردییە لە هەموو ئەلفوبێکانی دی، چ لە سەردەمی کۆن و چ لە سەردەمی نوێدا، زیاتر خزمەتی زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی کردووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە زۆرترین کتێب و چاپکراوی کوردی هەتاوەکو ئەمڕۆ هەر بەم ئەلفوبێیەیە. تا ئێستا بە ڕێژەیەکی زۆر نزیکەی لە ٩٠% کتێب بەزمانی کوردی بەم ئەلفوبێیە لە چاپ دراوە.

ئەم ئەلفوبێیە بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە بۆ نووسینەوە و خوێندنەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی. زۆر وشەی عەرەبی کە لە شیعری شاعیرانی وەک ئەحمەدی خانی و فەقێ تەیران و مەلای جزیری و نالی و سالم و کوردی،.. هتد هەیە ئەگەر بە پیتەکانی لاتینی بنووسرێنەوە، شیعرەکان مانای تەواوی خۆیان نابەخشن، لە هەمان کاتدا لە ڕووی جوانناسی و ڕەوانبێژییەوەش بایەخە ئەدەبییەکەی ون دەبێت.

ئـەم پیتانـەی ئـەلفوبێی عـەرەبی( ث، ط، ص، ض، ظ، ذ، ع، غ) لـە ئەلفوبێی لاتینیدا نییە. بەم پێیە ئـەگـەر پیتـی (ث، ص) بـە (سS) و پیتـی (ذ، ض، ظ) بە (زZ) یانیش پیتـی (ض) بـە (د d) و پیتـی (ط) بـە (تt)، بنووسرێن، لە هەندێک شوێن لـەگەڵ وشەی دیکەی عـەرەبی تێکـەڵ دەبـن، بۆ نمونە ئەگەر (ضەلال) کـە وشـەیەکی عەرەبییـە مانـای (گـومڕایی) دەدا، ئەگـەر بـە پیتـی لاتینـی بنووسـرێتەوە، تـەنها دوو ئیحتیمـال هەڵـدەگرێ: delal دەلال واتـە نـاز یـان zelal زەلال واتـە ئـاوی ڕوون و خـۆش. وەک لەم دوو بەیتەی خوارەوە لە مەم و زینی ئەحمەدی خـانی کـە بـە هـەردوو ئەلفوبێ نیشان دراوە، دەکرێ هەست بە جیاوازییەکەی بکرێ:

لەم بەیتە بە مانای زەلال هاتووە:

لەب تەشنە طەلەب دکن زەلالێ
وێ دانە و دامێ، زلف و خالێ[4]

Leb teşne teleb dikin zelalê
Wê dane û dam û zulf û xalê

لە بەیتێکی دی بە مانای ضەلال هاتووە:

هەرچی تە دڤێ ببێ ضەلالێ
پابەند دکی ب زلف و خالێ

Herçî te divê bibî delalê
Pabende dikî bi zulf û xalê [5]

له بـەیتی دووەم کـه وشـەی (ضـەلال) هـاتووە، چونکـه پیتـی (ض) لـه لاتینییـدا نیـه، کـه بـه لاتینـی دەنووسرێتەوە دەبێتـه دەلال delal کـه مانای دەلالی (نـاز) دەدات نـەک گومڕایی، بـەم شێوەیە مانـای بەیتـه شیعری دووەم تێک دەچێ. ئەمەش نمونەیەکه لـه هـەزاران نمونـەی دی کـه لـه شیعری شـاعیرانی کلاسیک بـه بـەرچاو دەکـەوێت. هـەر بۆیـه نووسینەوەی ئەم بەرهەمه ئەدەبییانه به پیتی لاتینی مانای زۆرێک لەم جۆره شیعرانه لـەنگ دەکـات. بـەم پێیـه ئـەم گەنجینـه دەوڵەمەنـدەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی به پیتی لاتینـی دوچـاری شێواندن و ون بـوون دەبێت.

ئەم ئەلفوبێیه ئەوە نزیک به سەدەیەکه خوێنـدەواری کـورد بـه زمـانی کوردی پەروەردە دەکات. به پێچەوانـەی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان، له باشوری کوردستان لـەمێژە خوێنـدن لـه قوتابخانـەکان بـه زمـانی کوردی بووە، هەر بۆیه زۆرینەی جیلی خوێندەواری کوردیش به زمـانی کوردی هەر بەم ئەلفوبێیەیە، ئەمە له کاتێک له باکوری کوردستان بـه ئەلفوبێی لاتینی نەک هەر جیلێکی خوێنـدەواری بـه زمـانی کـوردی پـێ پەروەردە نەکراوە، بەڵکو زمانی کوردی هـەر قەدەغـه بـووە، تەنانـەت خوێندن و نووسینیش به ئەلفوبێ لاتینییەکـه زۆر کـەم و دەگمەنـه، بـه ڕادەیـەک تەنانـەت کتێبـی چـاپکراوی کـوردیش بـه لاتینـی لـه نێـو کوردەکانی باکور خوێنەری کەمه. کەواتـه گۆڕینی ئـەلفوبێ بـۆ لاتینـی

هەنگاوێک دەبێ بەرەو دواوە نەک هەنگاوێک بۆ زیاتر بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بە زمانی کوردی.
ئەگەر لە ڕوانگەی ناسنامەی فەرهەنگی رۆژهەڵاتییەوەش سەیری ئەم ئەلفوبێیە بکرێ، دوبارە بایەخی ئەم ئەلفوبێیە بۆ کورد زیاتر بە دەردەکەوێت. نەتەوەی کورد وەک پێکهێنەرێکی گرنگی کولتوری رۆژهەڵات و ئیسلام، لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە وەک عەرەب و فارس و ئازەری و بەلوچ و تاجیک و پەشتۆن ... هتد هاوئایین و هاوفەرهەنگن، پێکەوەش خاوەن ئەلفوبێیەکی هاوبەشن، مانەوەی کورد لەسەر ئەم ئەلفوبێیە ئەم پەیوەندییە کولتورییەی کورد لەگەڵ ئەو نەتەوانە بە هێز دەکات، بەڵام گۆڕینی بۆ لاتینی زیان بە ناسنامەی رۆژهەڵاتیی کوردی دەگەیەنێ، بەلاتینیکردنیش هەرگیز نامانکات بە ئەوروپی، چونکە ئێمە هیچ پەیوەندییەکی کولتورییمان لەگەڵ ئەوروپا نیە.
وەک دەبینین ئەم ئەلفوبێیە بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە بۆ کورد، بە ڕادەیەک تێکەڵ بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و مێژووی کورد بووە، بووە بە بەشێکی گرنگ و جیانەکراوەی ناسنامەی فەرهەنگیی کورد، بە گۆڕینی گورزێکی کوشندە بەر ئەو ناسنامەیە دەکەوێ.
لە ئاست ئەم ڕاستییانەی بایەخی ئەلفوبێی کوردی، لەجیاتی ئەوەی کۆنفرانسی زمانی کوردی زیاتر پێداگری لەسەر ئەم ئەلفوبێیە گرنگە

بکاتەوە، برەوی پێ بدا بۆ کورد و زیاتر هەوڵی چەسپاندنی بدات، کەچی لە هەردوو کۆنفرانسی دوایی هەوڵی پەڕاوێزخستنی دەدات یان ڕاستتر بڵێین لە ئاست ئەلفوبێی لاتینی زۆر بێبایەخ سەیری دەکات.

**تێڕوانینی کۆنفرانسی زمانی کوردی بۆ ئەلفوبێی کوردی**

ئەگەر لە بۆچوونێکی زانستی و ئەکادیمییەوە سەرنجی بۆچوونەکانی کۆنفرانس بدرێ بۆ بایەخدانی بە ئەلفوبێی لاتینی، دەکرێ لە زۆر ڕووەوە بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەندامانی کۆنفرانس لە ڕووی بایەخی زمانەوانی و فەرهەنگییەوە سەیری ئەلفوبێ ناکەن، بەڵکو بە فاکتەری سیاسی، بە تەئسیری خۆشەویستی ئەلفوبێی لاتینی و لاواندنەوەیەکی ڕۆمانسیانەی کوردەکانی باکور، لە باشوری کوردستان هەوڵی چەسپاندنی دەدەن. ئەگەر لە ڕووی بایەخی زمانەوە بێت ئەوا دەبوایە کۆنفرانس بە پێچەوانەوە بڕیاری ئەوە دەر بکات کە ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی لە کوردستانی باکور فێری کورد بکرێ و لە هەموو بوارێکیش لە پاڵ ئەلفوبێی لاتینی بەکار بێ، بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە باشوری کوردستان نزیک ببنەوە.

ئەگەر مەبەستی کۆنفرانس لە برەودان بە ئەلفوبێی لاتینی لە باشور بۆ ئەوە بێ کە کوردەکانی باکور لە گەنجینەی فەرهەنگی باشوری

کوردستان ئاگادار بن، ئەوا دیارە کۆنفرانس ئەو ڕاستییە هەڵدەگێڕێتەوە کە دەبێ ئەو لایەنە ئەو ئەلفوبێیە فێر بێ کە بایەخی فەرهەنگیی هەیە، کە ئەمەش ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی دەگرێتەوە نەک لاتینییەکە، یان هەر هیچ نەبێ دەبوایە داوای ئەوەی بکردایە کە هەردوو لا وەک یەک هەردوو ئەلفوبێ فێر بن، بەڵام سەپاندنی ئەلفوبێی لاتینی تەنها بەسەر کوردستانی باشور و فەرامۆشکردنی ئەوەی دی بۆ کوردستانی باکور، ئەمە ئەوە نیشان دەدا کە ئەوان بە تەنگ زمانی کوردی و پێشخستنی نین، بەڵکو تەنها لە خەمی ئەوەدان کە پاشەڕۆژ بدەن بە ئەلفوبێی لاتینی، هەروەها لە خەمی ئەوەشدا نین کە کوردەکانی باکور لەم گەنجینە دەوڵەمەندەی زمانی کوردی لە باشور ئاگادار بن.

ئەگەر بەهانەی کۆنفرانس ئەوە بێت کە کوردەکانی باکور بۆیان سەختە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی فێر بن، ئەمەش دوبارە هیچ پاساوێکی زانستی نیە، چونکە هەر مرۆڤێک ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ هەموو ئەلفوبێیەک فێر بێ. چینییەکان لە ئەوروپا کە منداڵەکانیان لە ژینگەی ئەلفوبێی لاتینی گەورە دەبن، بۆ فێر بوونی زمانی چینی هەر بە شێوازی نووسینی چینی فێری دەبن کە ئەلفوبێ نیە، جۆرە سیستەمێکی نووسینە لەسەر بنەڕەتی لۆگۆگراف logographic کە ئەمەش ناسینی کۆمەڵێک هێما و سیمبۆڵە، هێماکان بە شێوەیەکی

راستەوخۆ نرخی فۆنەتیکییان نیە یان نوێنەری فۆنیمەکان نین، یەک ڕەمز بۆی هەیە یەک وشە بێت یان چەند هێمایەک پێکەوە یەک وشە دەگەیەنێ یان یەک ڕستە، ژمارەی ئەم هێمایانە لە ٦٠ هەزار زیاترە، خوێندەوارێکی ئاسایی پێویستی بە فێر بوونی سێ هەزار هێما هەیە بۆ ئەوەی وتاری ڕۆژنامەکانی پێ بخوێنێتەوە، ڕۆشنبیرێک دەبێ نیشانەی زیاتر تا شەش هەزار هێما بناسێ بۆ ئەوەی کتێبی جۆربەجۆری پێ بخوێنێتەوە.[1] ئەرمەنییەکانیش لە دەرەوە بۆ فێر بوونی زمانی خۆیان هەر بە ئەلفوبێی خۆیان فێری دەبن، کە ئەلفوبێیەکی مێژووییە و تەنها تایبەتە بۆ زمانی خۆیان، هیچ نەتەوەیەکی دی بەکاری ناهێنێ. مەسیحییە سریانییەکان سەرەڕای کەمی ژمارەیان، لە پێناو پاراستنی فەرهەنگ و زمانی خۆیان هەرگیز پشتیان لە ئەلفوبێی مێژوویی زمانی خۆیان نەکردووە، هەر بە ئەلفوبێی سریانی زمانی خۆیان دەخوێنن و منداڵەکانیشیان فێر دەکەن. جولەکەیەک چ لە ئیسرائیل و چ لەدەرەوە کاتێک زمانی عیبری فێر دەبێ بە ئەلفوبێی عیبری کە ئەلفوبێیەکی مێژوویی جولەکەکانە فێری دەبن. ئەمانە و زۆر نمونەی دی، چینیەک، ئەرمەنیەک، سریانییەک، جولەکەیەک هەرگیز ناڵێ ئەلفوبێی زمانەکەم فێر بوونی زۆر سەختە ناتوانم فێری بم، با لاتینییەکە بەکار بێنم بۆم ئاسانترە. نەتەوە ئەگەر زمانەکەی خۆی ویست بە هەر ئەلفوبێیەک بێ دەبێ فێری بێ و

پەرەی پێ بدات. شیاوی باسە هەردوو نەتەوەی ئەرمەن و سریانی کە بە دین مەسیحین، ئەمە وای لەوان نەکردووە بە بیانوی هاوئاینییان لەگەڵ ئەوروپا، یانیش بە بیانوی نوێگەری فەرهەنگی ئەوروپی، ئەلفوبێکەیان بۆ لاتینی بگۆڕن. جولەکەیش بەهەمان شێوە پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ ڕۆژئاوا وای لێ نەکردوون پشت لە ئەلفوبێی ڕەسەن و مێژوویی خۆیان بکەن ئەلفوبێی لاتینی بەکار بێنن.[٢]

ئەگەر بەهانەی کۆنفرانس ئەوە بێت کە کوردستانی باکور بە ژمارە لە کوردستانی باشور زۆرترە، زۆرینە دەبێ کەمینە قوت بدات، ئەمە بە هیچ شێوەیەک پێوەرێکی زانستی و زمانناسی نیە بۆ بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی مەسەلەی ئەلفوبێ، چونکە لە ڕووی زانستییەوە دەبێ بایەخی فەرهەنگیی و مێژوویی و ئەدەبی ئەو ئەلفوبێیە ڕەچاو بکرێ نەک زۆری و کەمی ژمارەی بەکارهێنەرانی.

### پرسی گۆڕینی ئەلفوبێ لە ئاسیای ناوەڕاست

نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە گۆڕینی ئەلفوبێ زۆر زەرەرمەند بوون، لە ماوەی سەدەی ڕابردوو سێ جار ئەلفوبێیان گۆڕیوە. بەسەرهاتی گۆڕینی ئەلفوبێ لەم ناوچەیە دەرسێکی گەورەیە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە مەترسییەکانی گۆڕینی ئەلفوبێ حاڵی بن.

شایانی ئەوەیە، هەموو کوردێک، بە تایبەت کۆنفرانسی زمانی کوردی پەندی لێ وەرگرێ.

ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست کە لە پێشدا بە تورکستان ناسراو بووە، زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕووی ئەتنیکییەوە تورکن چوار نەتەوەی سەرەکی تورکی لەم ناوچەیە نیشتەجێن: کازاخ و قەرغیز و تورکمان و ئۆزبەک. تاجیکەکان کە بە فارسی دەدوێن، لە ڕووی فەرهەنگییەوە ئێرانین، ئەوانیش لە باشووری ئەم ناوچەیە لەپاڵ تورکەکان یەکێک لە نەتەوەکانی ئەو دەڤەرە پێک دێنن. تورکە ئازەرییەکان کە لە دەرەوەی ئاسیای ناوەڕاستن لە ناوچەی قەوقاز نیشتەجێن، لە ڕووی ئەتنیکی و زمانەوە لەگەڵ تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست هاوڕیشە و هاوفەرنگن، هەر بۆیە لە پرسی زمان و ئەلفوبێش لەگەڵ تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست ئامانجییان یەکە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیای قەیسەری. ڕژێمی قەیسەری زۆر بە چڕی سیاسەتی بە ڕوسیکردنی نەتەوەکانی ئەو ناوچانە دەگرێتە بەر، قوتابخانە بە زمانی ڕوسی دەکاتەوە، برەو بە زمان و فەرهەنگی ڕوسی دەدات، زمانی ڕەسمی ئەم ئیمپراتۆریەتەش ڕوسی بوو. دوای

شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هاتنە سەر کاری بۆلشەڤیکەکان(حزبی کۆمۆنیستی ڕوسی) لە مۆسکۆ، جارێکی دی ئەم ناوچانە بە دەسەلات و ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ دەکەوێتەوە ژێر حوکمڕانی ڕوسەکان، دەبن بە کۆمارە سۆشیالیستەکانی یەکێتی سۆڤیەت. سیاسەتی بۆلشەڤیکەکان لە هەمبەر نەتەوەکان ئەوە بوو کە هەموو نەتەوەکانی نێو یەکێتی سۆڤیەت لە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی بە کولتورێکی نیشتیمانی هاوبەش کۆ بکەنەوە، ئامانجیان ئەوەش بوو کە لە نێو هەموو ئەتنیک و نەتەوە و زمانە هەمەچەشنەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی لەسەر بنەماکانی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی ناسنامەی کەسی سۆڤیەتی homo sovieticus دروست بکەن.[٣] هەروەها باوەڕیان وا بوو بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی لەم چەشنە، زۆر پێویستە خەڵکەکە خوێندەوار بکەن و لەسەر بنەماکانی بیری کۆمۆنیستیش پەروەردەیان بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش یەکێک لە ئامرازەکانی گەیشتن بەم ئامانجە پیادەکردنی سیاسەتێکی زمانیی تایبەت بوو کە لە دوای ساڵی ١٩١٧ دەستیان پێکرد. لە پێشدا، هەوڵی ئەوەیاندا زمانە مەحەلییەکان بە ستاندارد بکەن و بیانکەن بە زمانی خوێندن بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە، لەپاشان گۆڕینی زمانەکان لە ڕووی لێکسیکەوە بۆ ئەوەی پێویستییەکانی

کۆمەڵگەیەکی نوێی پیشەسازی دابین بکات.[٤] بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە یەکێتی سۆڤیەت پێویستی بە چەسپاندنی ئەلفوبێیەک و زمانێکی هاوبەش بوو بۆ هەموو گەلانی سۆڤیەت کە ئەویش زمانی ڕوسی و ئەلفوبێی کریلیکی بوو.

لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ لە سۆڤیەت ١٣٠ زمان ئاخاوتنی پێ دەکرا، لەوانە تەنها ٢٠ زمان لەسەردەمی قەیسەرەکان ئەلفوبێی نووسینی هەبوو، ئەوانی دی تەنها زمانی زارەکی بوون.[٥] هەر بۆیە لەو سەردەمە، بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بە زمانە ناوچەییەکان، زۆر لە زمانە بچوکەکان کە ئاخێوەرانیان بە ژمارە کەم بوون یان زمانی کەمینە نەتەوەکان بوون لە لەناوچوون رزگار بوون، لە زمانی زارەکییەوە بوون بە زمانی نووسین و خوێندن.[٦]

یەکێتی سۆڤیت وەک ئیمپراتۆرییەتێک کە بە ئایدیۆلۆژیایەکی مارکسی بێدینی بەڕێوە دەچوو، لەوە ئاگادار بوو کە بوونی ئەلفوبێی عەرەبی لە نێو گەلانی موسڵمانی ئەو ناوچەیە، لەگەڵ سیاسەتی نوێی یەکێتی سۆڤیەت ناگونجێ، چونکە ئەم ئەلفوبێیە قورئان و پێشینەی فەرهەنگی ئیسلامی پێ نووسراوەتەوە، هەروەها ڕەمزی یەکگرتنی موسڵمانان و کەناڵێکی سروشتی پەیوەندی موسڵمانەکانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ موسڵمانانی دەوروبەری خۆیان وەک فارس و

عەرەبەکان، زمانەکانیان بە ڕێژەیەکی زۆریش وشەی فارسی و عەرەبی تێدایە. بەم ئەلفوبێیە پەیوەندی نێوان تورکەکانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ موسڵمانەکانی ئەو بەری سنووەرەوە بە بەهێزی دەمێنێتەوە، بۆیە بەرژەوەندی سیاسیی سۆڤیەت لەوەدا بوو کە ئەو پەیوەندییە نەمێنێ و ئەو ناوچەیە بە حکومەتی سۆشیالیستی تازە دامەزراوی سۆڤیەت ببەستێتەوە، هەروەها سۆڤیەت لە بزاڤی یەکێتی موسڵمانان Pan –Islamism و یەکێتی تورکان Pan –Turkism یش دەترسا کە ئەوسا لە ناوچەکە لەلایەن تورکەکانەوە هەوڵی بۆ دەدرا، هەڕەشە بوو بۆ سەر ئیمپراتۆرییەتەکەی.[٧]

بۆلشەڤیکەکان لەوەش ئاگادار بوون، ئەلفوبێی عەرەبی کە لە نێو موسڵمانەکانی ئەم ناوچەیە بە درێژایی مێژوو بەکارهاتووە ناکرێ ڕاستەوخۆ بیگۆڕن بۆ کریلیکی، چونکە ئەمە بەرهەڵستییەکی گەورەی لە نێو خەڵکەکەدا دروست دەکرد. نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە لەو ماوەی کە لە ژێر حوکمڕانی قەیسەرەکانی ڕوس بوون، دوچاری چەوسانەوەی نەتەوەیی و بە ڕوسیکردن هات بوون، ئەلفوبێی کریلیکی بیرەوەرییەکی ناخۆشی بە ڕوسیکردن بوو بۆیان.[٨] وێرای ئەوەی کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم هەستی نەتەوایەتی لای چینی ڕۆشنبیرانی نەتەوەکانی تورک بە هێز بوو، گۆڕینێکی لەم

جـۆره، زۆر بــه تونــدی دژی دەوەســتان.[٩] بۆیــه ســۆڤیەت بــۆ ڕیشەکێشــکردنی ئــەلفوبێی عــەرەبی و گــۆڕینی بــۆ کریلیکــی، هەنگاو بە هەنگاو دەستی پێکرد.

لــه هــەنگاوی یەکــەم سیاســەتی سۆڤیەت ئــەوە بــوو کــە ئــەلفوبێ عەرەبییەکــە هــەموار بکــەن، ئەمــەش بــە دانــانی ژێـر و بـۆر بـۆ پیتـە عەرەبییــەکان بــۆ ئــەوەی کێشــەی بزوێنــەکانی زمانــە تورکییــەکان چارەســەر بکــات. ئــەم هەوڵــە ســەرکەوتو نــەبوو، چونکــە لــە نێـو چینــی ڕۆشــنبیرانی تورکــەکان لــەو ســەردەمە هــەوڵی بــە لاتینیکــردن زۆر بە هێزتر بوو.

لــە پێشــترین کۆمــارە تورکــەکانی سۆڤیەت کــە زۆر بــە جـۆش بـوو بـۆ گـۆڕینی ئـەلفوبێ بـۆ لاتینـی، کۆمـاری ئازەربایجـان بـوو. لـە نێـو چینـی ڕۆشـنبیرانی ئـەم وڵاتـە زۆر بـە گـەرمی مشـتومڕی ئـەو گۆڕینـەیان دەکـرد، زۆرینـەی ڕۆشـنبیران پێیـان وابـوو کـە ئـەلفوبێی عــــەرەبی کۆســــپێکە لەبــــەردەم پێشــــکەوتن و بڵاوبوونــــەوەی خوێنـدەواری لــە ئازەربایجـان، بـەڵام ئـەلفوبێی لاتینـی، ئـەلفوبێی زانســت و شارســتانیەت و تەکنەلۆژیایــە. یــەکێک لــە نووســەرانی ئازەربایجـان بـەناوی ڕەزا سـولەیمان لـەو سـەردەمە بـەم شـێوەیە سەبارەت بە ئەلفوبێی عەرەبی دەدوێ:

" ئـەلفوبێی عـەرەبی کۆسـپێکە لەبـەردەم دەرکـەوتنی شارسـتانیەتی گـەلی تـورک. زۆر دژوار و ئەسـتەمە بـەم پیتانـە نـەفامی بنبـڕ

بکرێت. حەرفی عەرەبی چەند نەخش و نیگارێکە لە باوەڕی دینێکی کۆن بۆمان بەجێ ماوە. هیچ پەیوەندییەکی بە ڕۆحی تورکەوە نیە. تورک خۆی ئەم حەرفانەی وەک پێویستییەکی ڕۆحیی خۆی و زمانەکەی بەکاری نەهێناوە، بەڵکو لە ڕێگەی خەڵکێکی بێگانە و شارستانیەتێکی بێگانەوە بۆی هاتووە، هەر ئەمەشە بۆتە مایەی کلۆڵی ئێمە لە بواری زانستەوە"[١٠]

لە پێشەنگی ئەو کەسانەی کە لە ئازەربایجان پشتگیری ئەم گۆڕینەیان دەکرد: نەریمان نەریمانۆڤ سەرۆکی کۆماری سۆشیالیستی سۆڤیەتی ئازەربایجان بوو، کە ئەم گۆڕینەی بە (شۆڕش) ناو برد. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٤ بە ڕەسمی ئەلفوبێی لاتینی لە ئیدارەی ئازەربایجان بەکارهێنرا، ساڵی دواتر، قوتابخانەکان بە لاتینی دەستیان بە خوێندن کرد و ڕۆژنامەکانیش بە لاتینی دەرچوون.

ئەم گۆڕینە لە ئازەربایجان ڕێگە خۆش دەکات بۆ بەستنی کۆنگرەی تورکناسی لە باکۆ لە ساڵی ١٩٢٦ کە ١٣١ نوێنەری هەموو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت تێیدا بەشدار بوون. لەم کۆنگرەیەدا سەبارەت بە ئەلفوبێ

و زاراوە و گرفتەکانی زمانی خوێندن بۆ هەموو زمانە تورکییەکان و ئەلفوبێیەکی هاوبەش و هەندێک بابەتی دیکە گفتوگۆی لەسەر کرا، بەڵام ئەو بابەتەی کە زۆر بە گەرمی لێدوانی لەسەر کرا بابەتی گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بوو بۆ لاتینی، زۆرینەی نوێنەرانی ئەم کۆنگرەیە پشتگیرییان لەم گۆڕینە دەکرد، هەرچەندە هەندێک نوێنەر پێیان باش بوو کە لەسەر ئەلفوبێی عەرەبی بمێننەوە، ئەوە بوو لە کۆتایی کۆنگرەکە بە زۆرینەی دەنگ ١٠١ نوێنەر لە کۆی ١٣١ نوێنەر بڕیار لەسەر گۆڕینی ئەلفوبێ دەدەن بۆ لاتینی، بەم پێیە زۆرینەی نوێنەرانی تورک زمانەکان بڕیار دەدەن لە وڵاتەکانیان ئەلفوبێی لاتینی بەکاربێنن کە ناوی دەنێن ئەلفوبێی یەکگرتووی تورکی.[١٦] دوای ئەم کۆنگرەیە زۆربەی نەتەوە غەیرە تورکەکانیش لە یەکێتی سۆڤیەت ئەلفوبێیان گۆڕی بۆ لاتینی، تا لە ساڵی ١٩٣٥ نزیکەی ٧٠ زمانی جیاوازی سۆڤیەت ئەلفوبێ دەگۆڕن بۆ لاتینی. هەر لەو سەروبەندە تورکیاش لە ساڵی ١٩٢٨ بە تەئسیری کەمال ئەتاتورک ئەلفوبێی عەرەبی دەگۆڕێ بۆ لاتینی. بەم پێیە تورکەکان هەر لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هەتا ئاسیای بچوک دەبن بە خاوەن یەک ئەلفوبێی هاوبەش کە ئەویش ئەلفوبێی لاتینییە.[١٧]

لەم گۆڕینە سۆڤیەت دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت، دەسەڵاتی دینیی موسڵمانان کە ئەلفوبێی عەرەبی سیمبوڵی بوو، بنکۆڵی بکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خوێندەوارکردنی موسڵمانان بە ئەلفوبێی لاتینی بەربەستێک دەبێت بۆ دابڕینیان لە ڕابردووی کولتوری ئیسلامی و بەرهەمهێنانی خوێندەوارێکی نوێ بە کولتوری کۆمۆنیستی سۆڤیەتی.[١٨]

یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمی ستالین سیاسەتێکی مەرکەزی توندڕەوانە پیادە دەکات، پشت لە مافی یەکسانی نەتەوەکان و زمانەکان دەکات، بەرنامەی ڕاگوێزانی نەتەوەکانی سەرسنووری سۆڤیەت و سەرکوتکردنی نەتەوەکان و زمانەکان دەگرێتە بەر. بۆ ئەم مەبەستەش لەکۆتایی ساڵەکانی ١٩٣٠ بڕیاری گۆڕینی ئەلفوبێ دەردەکات ئەمجارە لە لاتینییەوە

بۆ کریلیکی، سەرەڕای سەپاندنی زمانی ڕوسی وەک زمانی دووەم لە گشت قوتابخانەکانی سۆڤیەت. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٤٠ ئەلفوبێی کریلیکی بە زۆرەملێ بەسەر ئاسیای ناوەڕاست و زۆربەی نەتەوەکانی سۆڤیەت دەسەپێنرێ، بەبێ ئەوەی هیچ دەرفەتێک بدرێ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم گۆڕینە، هەموو دەنگە نارازییەکانیش لە دژی ئەم گۆڕینە زۆر بە توندی سەرکوت دەکرێن و پاکسازی دەکرێن، یانیش دوور دەخرێنەوە.

ئامانجی سۆڤیەت لە گۆڕینی ئەلفوبێی لاتینی بۆ کریلیکی بە هیچ شێوەیەک زمانەوانی نەبوو، بەڵکو تەنها بە ئامانجی سیاسی بوو، چونکە ئەلفوبێی کریلیکی بۆ دەنگەکانی زمانە تورکییەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە لاتینییەکە باشتر نەبوو. لەم گۆڕینە، سۆڤیەت هەوڵی دەدا ئەو پردەی کە تۆرانیەتی لە تورکیاوە بە تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەگەیاند، بیڕوخێنێت، واتە نەهێشتنی ئەو پەیوەندییەی کە تورکەکان بە یەک دەبەستێتەوە. ئامانجێکی دیکەی ئەوەبوو لە ڕێی گۆڕینی ئەلفوبێوە بۆ کریلیکی وشەی ڕوسی بە ڕێنووسی ڕوسی بخاتە نێو زمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست، بۆ ئەوەی فێر بوونی زمانی ڕوسی ئاسانتر بێت بۆیان.[١٩] هەر لەم ڕێگەوەش بەڕوسیکردن و بەسۆڤیەتیکردن ئاسانتر دەبێت.

ڕوسەکان دەیانزانی کە تورکەکان ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئاسیای ناوەڕاست پێک دێنن، لە هەر ١٠ کەس ٩ کەس لەم ناوچەیە بە نەتەوە تورکە، هەستێکی بە هێزشیان هەیە بۆ پاراستنی زمانی خۆیان. هەروەها زمانی تورکەکانی ئەو ناوچەیە بە ڕادەیەک لەیەکنزیکن نەک هەر بۆ تورکەکانی ئەو ناوچەیە بەڵکو بۆ تورکەکانی دیکەی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش. سیاسەتی زمانناسە ڕوسەکان ئەوەبوو کە هەوڵ بدرێ لەیەکنزیکی و لەیەکگەیشتنی ئەو زمانە تورکییانە نەمێنێت و لەیەک دوورکەونەوە، ئەمەش لە ڕێی تێکەڵکردنی وشە و موفرەداتی ڕوسی بۆ ناو ئەو زمانانە، بۆ ئەوەی لە زمانە تورکییەکانی دی دوور کەوێتەوە،

ئەوجا نزیک کردنەوەی ئەو زمانانە لە ڕوسی نەک تەنها بە ئەلفوبێ و وشەوە، بەڵکو بە ڕێزمان و ڕستەسازی و تەنانەت دەنگسازییەوەش. هەوڵدان بەم ئاراستەیە ئەو زمانانە ئەوەندە پڕ دەبێ لە وشەی ڕوسی، لە رووی دەربڕینەوەش ئەوەندە بە زمانی ڕوسی دەچێت تا لە کۆتاییدا شایانی ئەوە نابێت کە بە زمانێکی سەربەخۆ دابنرێت، ئیدی بە کەڵکی ئەوەش نایەت کە لەبواری پەروەردە بەکار بێت.[20] سۆڤیەت لە قۆناغی یەکەم ئامانجی بەرقەرار کردنی دوو زمان بوو لەم ناوچانە، زمانی ناوچەکە لەگەڵ زمانی ڕوسی، لەپاشان گۆڕینی ئەلفوبێ بۆ کریلیکی بۆ ئەوەی بتوانێ لەم ڕێگەیەوە نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە لە نێو بۆتەی کولتوری ڕوسی بتوێنێتەوە، ئەمەش لە ڕێی بێبایەخکردنی زمانەکانیان و زاڵکردنی زمانی ڕوسی بەسەریاندا، واتە بە ڕوسیکردنی ئەو زمانانە بە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و درێژخایەن لە ڕێی گۆڕینی ئەلفوبێ و گۆڕینی پێکهاتی زمانەکان. لەم پرۆسەیە، بە خوێندەوار کردنی میللەتانی سۆڤیەت ئامرازێک بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە: دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی یەکگرتوو بە زمانی ڕوسی و کولتوری ڕوسی.
لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە سیاسەتی زمانیی لە سۆڤیەت لە سەرەتادا بە هەمەچەشنی زمانیی و ڕێزگرتن لە مافی نەتەوە جیاوازەکانی سۆڤیەت دەستی پێکرد، بەڵام لە دواییدا بوو بە پرۆسەی توانەوە و لەناوبردنی زمانەکان و بەڕوسیکردنی نەتەوەکان.
ئەم سیاسەتە بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ کە بووە هۆی سەربەخۆبوونی کۆمارەکانی سۆڤیەت. دوای سەربەخۆیی، هەموو نەتەوەکانی سۆڤیەت هەڵپەی ئەوەیان بوو کە هەرچی زووتر خۆیان لە کولتوری سۆڤیەت و زمانی ڕوسی و ئەلفوبێی کریلیکی ڕزگار بکەن، چونکە کاتی خۆی بە زۆر بەسەریاندا سەپێنرا بوو. تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست بە مەبەستی نزیکبوونەوەیان لە تورکەکانی تورکیا چەند جارێک لە تورکیا کۆنگرەی

زمانەوانی دەگرن. لەیەکەم کۆنگرە لە ئینستیتوتی لێکۆڵینەوە تورکییەکان لە زانکۆی مەڕمەڕە لە ئەستەنبوڵ لە ساڵی ١٩٩١ پێشنیاری ئەوە دەکەن کە بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەلفوبێیەکی لاتینی تورکی هاوبەش لە سەر بنەڕەتی ٢٩ پیتی ئەلفوبێی لاتینی کە ئێستا لە تورکیا بەکار دێت، پێنج پیتی دیکەشی بۆ زیاد بکرێ بۆ ئەو فۆنیمانەی کە لە زمانە تورکییەکانی ئەو ناوچەیەدا هەیە. دوای چەند کۆنگرەی دی، بۆ لێکۆڵینەوە لەم باسە زمانەوانییانە لە نێوان تورکەکانی سۆڤیەتی پێشوو لەگەڵ تورکەکانی تورکیا، لە دوا کۆنگرە لە ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٩٣ نزیک بە سەت وەفدی هەر پێنج کۆمارە تورکەکانی سۆڤیەتی پێشوو، لەسەر ئەم خاڵانە ڕێک دەکەون: ١- هەموو تورکەکانی یەکێتی سۆڤیەت بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەلفوبێی لاتینی، ٢- هەوڵ بدرێ لە زمانی نووسین و ئاخاوتن زاراوەی تەکنیکی هاوبەش بەکار بهێنرێ بۆ ئەوەی لەیەکگەیشتن لە نێوانیان ئاسانتر بێ، ٣- هەوڵ بدرێ بۆ دروستکردنی زمانێکی هاوبەش بۆ گشت تورکەکان هەر لە ئاسیای ناوەڕاستەوە تا تورکیا. کۆماری ئازەربایجان و ئۆزبەکستان و تورکەمەنستان هەر لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بەرنامەی گۆڕینی ئەلفوبێیان لە وڵاتەکانیان دەست پێکرد، دەوڵەتی تورکیاش هەموو ئاسانکارییەکی بۆیان کردووە. کۆمارەکانی دی وەک قەرغیزستان و کازاخستان و تاتارستان[21] بە هۆی بارودۆخی سیاسی و ئابوری، لە حاڵی حازر بۆیان نارەخسێ دەست بەم گۆڕانە بکەن، بەڵام هیواخوازن لە پاشەڕۆژ هەمان ڕێگە بگرنە بەر.[22]

هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەلفوبێیەکی تورکی هاوبەش لە نێوان تورکەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەگەڵ تورکەکانی تورکیا پەیوەندی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی ئاسانتر دەکات، هەروەها زمانێکی هاوبەشی تورکیش ناسنامەی تورکی بەهێز دەکات و خەڵکی ئەو ناوچەیەش لەیەک نزیک دەکاتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە گۆڕینی ئەلفوبێش لە کریلیکەوە بۆ لاتینی هەنگاوێک دەبێ بۆ زیاتر

خۆبووژاندنەوە و خۆراپسکاندن لە تەئسیری کولتوری ڕوسی کە تازە لە سۆڤیەت جوێ بوونەتەوە، دەیانەوێ ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیان هەبێ.

بێجگە لەو هۆیانە، هۆی دیکە بۆ گۆڕینی ئەلفوبێ بۆ لاتینی لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتێکی بەهێزی تورکی لە ئاسیای بچوک خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی نووسینە بە ئەلفوبێی تورکی – لاتینی، ئەمە بۆ ئەوان پشتیوانێکی گەورەیە کە پشتگیری لەم ڕەوتە فەرهەنگییە بکەن کە هەموو تورکەکان بە یەک دەبەستێتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، وەک دەبینین ڕۆژگار سەلماندی، هەموو هەوڵ و تەقەلای سۆڤیەت بۆ لێکدابڕین و ڕوخاندنی پردی پەیوەندی نێوان تورکەکان لە ئاسیای ناوەڕاست لەگەڵ تورکیا، هیچی سەرکەوتو نەبوو. وا ئەمڕۆ تورکەکان لەسەر ئەلفوبێیەکی هاوبەش و زمانێکی هاوبەش ڕێک دەکەون.

لێرەدا بۆمان ڕوشن دەبێتەوە کە گۆڕینی ئەلفوبێ لە ئاسیای ناوەڕاست لە ماوەی حەفتا ساڵێک بۆ سێ جار، زیانێکی گەورەی کولتوریی لە گەنجینەی نووسینی میللەتانی ئەو ناوچەیە داوە. هەر جارێک لەگەڵ گۆڕینی ئەلفوبێ دوچاری دابڕان و لێکترازانی فەرهەنگیی نەتەوەکەیان بوون. ئەمڕۆ کە گەڕاونەتەوە بۆ سەر لاتینی، جیلی ئەمڕۆ ناتوانێ ساماتی ئەدەبی و فەرهەنگی خۆی کە لە پێشدا بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسراوە بخوێنێتەوە، تەنها دەتوانێ ئەو بەرهەمانە بخوێنێتەوە کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە سییەکانی سەدەی بیست بە ئەلفوبێی لاتینی بووە، بەڵام دواتر کە لە ١٩٤٠ەوە تا ١٩٩١ واتە بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ بە کریلیکی بووە، ئەویش بۆ جیلی نوێ هیچ سوودێکی نابێ، دەچێتە ناو ئەرشیف، مەگەر یەکێک خۆی فێرە ئەلفوبێی کریلیکی بکات بتوانێ سوودیان لێ وەرگرێ. بەم پێیە ئەم نەتەوانە بە

هۆی گۆڕینی ئەلفوبێوە، هەرگیز بۆیان نەلواوە فەرهەنگێکی بەهێز و یەکگرتوو و بەردەوام لەسەر ئەلفوبێیەک بنیات بنێن.
سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی ئازەربایجان ئەنار ڕزاییڤ لەبارەی ڕەوشی گۆڕینی ئەلفوبێی زمانی ئازەری و زمانەکانی دیکەی تورک بەم جۆرە دەدوێ:
" گۆڕینی ئەلفوبێ لە ساڵی ١٩٣٩ لە لاتینییەوە بۆ کریلیکی تاوانێک بوو بە زەبر و زۆر دژ بە شارستانیەتی ئازەربایجان ئەنجام درا، بەڵام گۆڕینی ئەلفوبێ لەساڵی ١٩٢٦ لە عەرەبییەوە بۆ لاتینی، هەرچەندە ئەمەیان بە شێوەیەکی ئیختیاری ئەنجام دار، بەڵام ئەویش بە هەمان شێوە بڕیارێکی هەڵە بوو. مەسەلەکە نە سەروەری ئەلفوبێی عەرەبییە و نە مەسەلەی ئەوەشە کە بۆ زمانەکەمان نەدەگونجا، بەڵکو ڕاستی مەسەلەکە لەوەدایە کە ئەو ئەلفوبێیە بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ ئەلفوبێی ئێمە و گەلانی تورک بوو. هەموو فەرهەنگی نووسراوی ئێمە بە پیتی عەرەبی بوو. واز هێنان لێی، دابڕانێکی قووڵی دروست کرد لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا"[٢٤]
گۆڕینی ئەلفوبێ ئەم جۆرە دابڕانە کوشندە، کارەساتبارە دروست دەکا کە ئەمڕۆ نووسەرێکی ئازەری بەم جۆرە داخ و خەفەت بۆ ئەلفوبێیەکی مێژوویی و فەرهەنگیی زمانەکەی دەخوا، کە کاتی خۆی بە بڕیارێکی هەڵە وازیان لێ هێناوە.

ڕەنگە زۆر کەس پێیان وابێ لەسەردەمی ئەمڕۆ زۆربەی نەتەوەکان بۆ خۆنزیککردنەوە لە ڕۆژئاوا، هەوڵ دەدەن ئەلفوبێیان بگۆڕن بۆ لاتینی بۆ ئەوەی ببن بە ڕۆژئاوایی و مۆدێرن. ئەم حاڵەتە بۆ تاجیکەکانی تاجیکستانی سۆڤیەتی جاران تەواو بە پێچەوانەی ئەم ئاراستە جیهانییەیە. تاجیکەکان، وەک تورکەکانی ئەو ناوچەیە، دوای تاقیکردنەوەی هەردوو ئەلفوبێی لاتینی و کریلیکی، وا ئەمڕۆ بڕیاری گەڕانەوەیان داوە بۆ ئەلفوبێی فارسی – عەرەبی کۆنی خۆیان.

زمانی تاجیکی کە لەهجەیەکی زمانی فارسییە، لەگەڵ زمانی فارسی ئێران و فارسی دەری ئەفغانستان لە ئەسڵدا یەک زمانە. ئەم سێ زمانە بە رادەیەک لەیەک نزیکن وەک نزیکی دوو بن لەهجەی کوردیی موکریان و سلێمانییە.[٢٥] زمانی تاجیکیی تاجیکەکانی سۆڤیەتی پێشوو لە سەرەتادا بە ئەلفوبێی فارسی - عەرەبی بوو. دوای ئەوەی کە تاجیکەکانی ئەو ناوچەیە دەبن بە کۆمارێک لە نێو یەکێتی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩٢٩ سۆڤیەت ئەلفوبێیان پێ دەگۆڕێ بۆ لاتینی و ناوی زمانەکەش لە فارسییەوە دەگۆڕێ بۆ تاجیکی. لەپاشان لە ساڵی ١٩٤٠ ئەلفوبێی کریلیکیان بەسەردا دەسەپێنرێ. دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ بە پێچەوانەی تورکەکانی ئەو ناوچەیە، لەجیاتی گەڕانەوە بۆ لاتینی، بڕیاری گەڕانەوە بۆ ئەلفوبێی فارسی - عەرەبی دەدەن.

گەڕانەوەی تاجیکەکان بۆ ئەلفوبێی فارسی- عەرەبی، ڕێگەیان بۆ خۆش دەکا بۆ خوێندنەوەی ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی زمانی فارسی - تاجیکی کە پێش گۆڕینی بۆ لاتینی لە ئاسیای ناوەڕاست پێی نووسراوە، هەروەها خوێندنەوەی قورئان و کتێبە دینییەکانی دیش ئاسان دەکات، سەرەڕای دروستکردنی پردێک لەگەڵ ئێران و وڵاتە موسڵمانەکانی دەوروبەری خۆیان کە پێکەوە فەرهەنگێکی هاوبەشیان هەیە.[٢٦] واتە گەڕانەوەیە بۆ ناسنامەی ڕەسەنی خۆیان و گەڕانەوەیە بۆ ئەو خەرمانە دەوڵەمەندەی کتێبی فارسی کە لە ئێران و ئەفغانستان چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

تاجیکستان بە هۆی شەڕی ناوخۆ و خراپی بارودۆخی سیاسی و ئابوری وڵاتەکەی تا ئێستا بۆی نەکراوە بە تەواوەتی ئەم ئەلفوبێیە لە وڵاتەکە جێگیر بکات. ئێستا هەردوو ئەلفوبێی کریلیکی و فارسی - عەرەبی لە وڵاتەکە بەکار دێت. لە ساڵی ١٩٩٩ەوە قوتابخانەکانی تاجیکستان لە ساڵی سێهەمەوە قوتابییەکان بەم ئەلفوبێ نوێیە دەرس دەخوێنن، لە زانکۆش لە ساڵی یەکەم، لە هەموو شوێنە گشتییەکانیش وەک ئیدارە و دوکان و بازاڕ بە هەردوو ئەلفوبێ نووسراوە. هەوڵی ئەوەش دەدرێ کە لە

ساڵانی داهاتوو ئەم ئەلفوبێیە بە تەواوەتی جێگیر بکرێ. ئەوەی یەکلا بۆتەوە ئەوەیە کە گەڕانەوە بۆ ئەلفوبێی لاتینی چیدی لە بەرنامەی ئەم وڵاتەدا نیە.[٢٧]

وەک دەبینین ئەمجارە تاجیکەکان لە گۆڕینی ئەلفوبێ بە هۆشیارییەوە مامەڵە دەکەن، وەک میللەتێک کە تەجرەبەی هەیە لە گۆڕینی ئەلفوبێ و زەرەرمەند بوون. پێشتر دوو ئەلفوبێی ئەوروپییان تاقی کردۆتەوە، ئەمجارە هەمان هەڵەی ڕابردوو دوبارە ناکانەوە. بەرژەوەندی زمانەکەیان و ناسنامە فەرهەنگییەکەیان ڕەچاو دەکەن، هەرچەندە لە کەموکوڕییەکانی ئەلفوبێی فارسی بە پیتی عەرەبی ئاگادارن کە کۆمەڵێک کێشەی هەیە بۆ زمانەکە، بەڵام گەڕانەوە بۆ ناسنامەی فەرهەنگیی خۆیان و ئەو پێشینە دەوڵەمەندەی کە بەم ئەلفوبێیە هەیانە لایان گرنگترە لە گەورە کردنی چەند کێشەیەکی ڕێنووسیی کە کەم هەتا زۆر لە هەموو زمانێک هەیە. ئەگەر هەر لە سەرەتادا لەسەر هەمان ئەلفوبێی کۆنی خۆیان بەردەوام بوان، بێگومان ئێستا خاوەن سامانێکی دەوڵەمەندی نووسین بە زمانی خۆیان بوون، دوچاری ئەو دابڕانەش نە دەهاتن کە لە سەدەی ڕابردوو لە هاوزمان و هاونەتەوەکانی خۆیان بێئاگا بوون.

ئەزمونی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لە گۆڕینی ئەلفوبێ ئەوە نیشان دەدا کە گۆڕینەکان زیاتر بە ئامانجی سیاسی و کولتوری بوون نەک زمانەوانی. سۆڤیەت گۆڕینی ئەلفوبێی وەک ئامرازێکی سیاسی بەکار هێناوە بۆ لەیەکدابڕینی تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە تورکەکانی تورکیا، هەروەها دابڕینی تاجیکەکانی سۆڤیەت لە هاوزمانەکانی خۆیان لە ئەفغانستان و ئێران، کە لە ئەنجامدا نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە گورزێکی کوشندە بەر زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەیان دەکەوێ، دوچاری دابڕانێکی گەورەی فەرهەنگیی هاتوون، ئەمە سەرەڕای دابڕینی میللەتانی

ئەو ناوچەیە لە هاونەتەوە و هاوئاینانی دەوروبەری خۆیان. دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت و سەربەخۆبوونی کۆمارەکان، ئەمجارە ڕەوتی گۆڕینی ئەلفوبێ ئاراستەیەکی دی وەردەگرێت: هەر نەتەوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەلفوبێیەک کە ناسنامەی خۆی تێدا دەبینێتەوە و دەیبەستێتەوە بە هاوفەرهەنگ و هاوزمانەکانی دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆی.

**کام ئەلفوبێ؟**

لەبەر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکارییانەی کە لە بواری ئەلفوبێ لە ئاسیای ناوەڕاست و جیهان ڕوو دەدەن، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی بایەخ و گرنگی ئەلفوبێی کوردی بۆ زمان و فەرهەنگی کوردی، ئەگەر ئەم دوو کۆنفرانسەی دوایی زمانی کوردی، ئامانجی نیشتیمانیی و نەتەوەیی کورد و بەرژەوەندی زمان و فەرهەنگی کوردی ڕەچاو بکردایە، دەبوایە وەک تاجیکەکان زەمینەسازی بۆ کوردەکانی باکور بکات کە هەرچی زووتر هەوڵی فێر بوونی ئەم ئەلفوبێیە کوردییە بدەن، بیکەن بە بەرنامە بۆ پێشخستنی زمانی کوردی لە کوردستانی باکور، بۆ ئەوەی لە ڕێی فێربوونی ئەم ئەلفوبێیەوە بتوانن لەم خەرمانە دەوڵەمەندەی نووسینی کوردی لە باشوری کوردستان بەرخوردار بن، و بگەڕێنەوە سەر ئەلفوبێی مێژوویی و ڕەسەنی خۆیان، کەچی جێگەی داخە هەردوو کۆنفرانس تەواو بە پێچەوانەی ئەم ڕەوتە نیشتیمانی و فەرهەنگییە هەنگاویان ناوە.

کۆنفرانسی زمانی کوردی دەبوایە ئەو گۆڕانکارییانەی ئاسیای ناوەڕاست بۆ گۆڕینی ئەلفوبێ ڕەچاو بکا، کە چۆن تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست بە ئەلفوبێ لە تورکیا نزیک دەبنەوە و تاجیکەکانیش بە ئەلفوبێ لە هاوزمانانی خۆیان لە ئەفغانستان و ئێران نزیک دەبنەوە، واتە هەر نەتەوەیەک بەرەو هاونەتەوەی خۆی و زمانێکی دەوڵەمەندی نەتەوەکەی دەگەڕێتەوە. لەم بارودۆخەی ئێستای زمانی کوردی و ئەلفوبێیەکەی دەبێ کورد بۆ کام ئەلفوبێ بگەڕێتەوە؟ دەکرێ ئەم پرسیارە ڕووبەرووی هەموو

کوردێک بە تایبەت شارەزایان و ئەندامانی کۆنفرانسی زمانی کوردی بکرێتەوە. کام ئەلفوبێ بایەخی فەرهەنگیی و زمانیی هەیە؟ کامەیان بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی گونجاوتر و لەبارترە؟ کامەیان زیاتر خزمەتی زمانی کوردی و نەتەوەی کوردی کردووە؟ کامەیان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشخستنی بزاڤی فەرهەنگیی کوردی گێڕاوە و دەگێڕی؟ کام ئەلفوبێ بۆ کورد ڕەسنتر و مێژوویيترە؟ کامە ئەلفوبێ وەڵامی پێویستییەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەداتەوە؟ کامە ئەلفوبێ، کورد ناسنامەی خۆی تێدا دەبینێتەوە؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری دی ئەگەر ئەندامانی کۆنفرانس بە شێوەیەکی زانستی و دوور لە ئەجێندای سیاسی بیریان لێ بکردبایەوە، دەبوایە لە بەرژەوەندی زمانی کوردی، برەو بەم ئەلفوبێیە کوردییە بدەن نەک لاتینییەکە، دەبوایە ئەم ئەلفوبێیە بکەن بە ئەلفوبێیەکی ستاندارد و هاوبەش بۆ هەموو کورد و لە هەموو پارچەکانی کوردستانیش بەکاربێت. کەچی بەداخەوە ئێمەی کورد ئەوەی لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە بە دەستمان هێناوە وا خەریکە لە ڕێی گۆڕینی ئەلفوبێوە هەمووی بەرەو هەڵدێر دەبەین.

کۆنفرانسی زمانی کوردی وا دیارە بە لایەوە گرنگ نیە بە گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی، جیلی نوێی کورد بێبەش بکا لە هەرچی دەستکەوتی کولتوریی و پەروەردەیی و زانستیی و هونەریی سەت ساڵی رابردوو بەم ئەلفوبێیە، ئەمە سەرەڕای دابڕینی لە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی نووسراوی کوردی لە ماوەی هەزار ساڵی ڕابردوو کە بەم پیتە عەرەبییانە نووسراوە، وەک ئەو دابڕانە کولتورییەی کە دوچاری نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست هاتووە، کە ئەمەش کۆمەڵێک ئەنجامی دژوار و کوشندەی بۆ سەر ژیانی فەرهەنگیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کورد دەبێت.

تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست و تورکیا تەنها لە ڕووی هاوڕیشەیی زمانە تورکییەکانەوە کە سەر بەیەک گروپی زمانیین، بەڵام لە ڕووی ئەتنیکی و زمانەوە، نەتەوە و زمانی جیاوازی تورکیین، کەچی ئەمڕۆ وەک دەبینین،

ئەو نەتەوە جیاوازە تورکانە، پێکەوە لە ئەنقەرە و ئەستەنبول کۆ دەبنەوە کۆنفرانس دەگرن و ڕێککەوتنامە ئیمزا دەکەن، لە سەر ئەلفوبێیەکی هاوبەش کە لە بەرژەوەندی هەموو تورکەکان دایە ڕێک کەوتون، وا لەسەر زمانێکی هاوبەشیش بۆ هەموو تورکەکان ڕێک دەکەون. بۆ دەبێ ئێمەی کورد کە لە ڕووی ئەتنیکی و زمانەوە یەکین، نەتوانین لەسەر ئەلفوبێیەکی هاوبەش و زمانێکی هاوبەش بۆ کورد ڕێک بکەوین؟

بە پێی خوێندنەوەی ڕاستییە مێژوویەکان و زمانەوانییەکان و فەرهەنگییەکان، گۆڕینی ئەلفوبێ بۆ لاتینی بۆ باشوری کوردستان هەمان ئەو هەڵە مەزنە دەبێ کە کاتی خۆی تاجیکستان پێیدا تێپەڕیوە، دوای ئەوەی دوو ئەلفوبێی ئەوروپی وەک لاتینی و کریلیکییان تاقیکردەوە، کەچی لە کۆتاییدا دوبارە هەر گەڕانەوە بۆ هەمان ئەلفوبێی مێژوویی و فەرهەنگیی کۆنی خۆیان کە ئەلفوبێی فارسی – عەرەبییە.

کوردەکانی باکوری کوردستان ئەوە زیاتر لە ٩٠ ساڵە لە ژێر زوڵم و ستەمی سیاسەتی ئەتاتورک دەناڵێنن، لە هەموو مافێکی نەتەوەیی بێبەش کراون. هۆی ڕاستەوخۆی لە ناوچوونی ئەلفوبێی کوردی لەم بەشەی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە زمانکوژییەی ئەتاتورک کە لە دژی نەتەوە غەیرە تورکەکان بە تایبەت کورد، ئەنجامیدا، بە بڕیارێکی سیاسی بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی لە وڵاتەکە قەدەغە کرد، کە ئەمەش بووە هۆی ڕیشەکێشکردنی ئەم ئەلفوبێیە و لەناوچوونی نووسینی کوردی لەم بەشەی کوردستان بەم ئەلفوبێیە. وەک کاردانەوەیەک لە دژی ئەم سیاسەتە داگیرکارییە، کۆنفرانس دەیتوانی هەر ئەم ئەلفوبێ کوردییە بکا بە کەرەستەی خەبات بۆ کوردەکانی باکور، بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەم ئەلفوبێیەوە دژایەتی بیری کەمالیزم بکەن و خۆیان لە تورکەکان جودا بکەنەوە، بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەلفوبێی مێژوویی و ڕەسەنی خۆیان، دژایەتی خۆیان بۆ سیاسەتی زمانکوژی و چەوسانەوەی

نەتەوەیی و زمانیی ئەتاتورک نیشان بدەن کە ئەم ئەلفوبێ لاتینیەی بە زۆرەملێ بە سەر میللەتی تورک و کوردا سەپاندوە.[٢٨] وەک تاجیکەکان کە ئەمڕۆ بۆ خۆدوورخستنەوە لە کولتوری داگیرکاری ڕوسەکان خۆیان لە ئەلفوبێی کریلیکیی ڕوسی ڕزگار دەکەن کە بە زۆر بەسەریاندا سەپێنرا بوو، دەگەڕێنەوە بۆ ئەلفوبێی مێژوویی و ڕەسەنی خۆیان. هەنگاوێکی لەم جۆرە بۆ کوردەکانی باکور لە ڕووی سیاسییەوەش بایەخێکی یەکجار گەورەی دەبێ.[٢٩]

کۆنفرانسی زمانی کوردی دەبوایە لە ئاستێکی زانستی و زمانەوانی، بە ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و فەرهەنگیی کورد لەم پرسە چارەنووسساز و ستراتیژییە بڕوانێ، نەک بە پاساوی نازانستی و بە ئەجێندای سیاسی و نادیار هەوڵی کوژاندنەوەی ئەو چرایە بدات کە لە باشوری کوردستان بەم ئەلفوبێیە هەڵ بووە، کە وا خەریکە تیشک و ڕوناکی خۆی بۆ سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان پەخش دەکا.

## ژێدەر و سەرچاوەکان

1 – Andrew Robinson, Writing and Script, a very Introduction, Oxford university press, 2009, p. 142.

2 – هەر لەسەدەی نۆزدەمەوە لەلایەن هێزە کۆلۆنیالییەکان و ڕۆژهەڵاتناسانەوە هەوڵی گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ لاتینی دراوە. ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ویلهێلم سپیتاWilhelm Spitta لەساڵی ١٨٨٠ بە ئەڵمانی کتێبی ڕێزمانی عەرەبی عامی میسری دەردەکات و داوا دەکا کە زمانی عامی میسری بە ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسین بەکار بێت. دواتر ڕۆژهەڵاتناسێکی دیکەی ئەڵمانی کارل ڤۆلەرس Karl Vollers هەر هەمان داوای ڕۆژهەڵاتناسی پێش خۆی دوبارە دەکاتەوە. لە پاشان کۆمەڵێک ڕۆژهەڵاتناسی دیکە بە پشتیوانی هێزە کۆلۆنیالییەکان ئەو جۆرە داوایانە دوبارە دەکەنەوە کە ئەمە دواتر تەئسیری خۆی بۆ سەر هەندێک لە نووسەرانی عەرەب بەجێ دەهێڵێ کە بانگەشەی گۆڕینی پیتە عەرەبییەکان بکەن بۆ لاتینی، وەک مەحمود عەزم، سەلامە موسا، عەبدولعەزیز فەهمی، سەعید ئەلعەقل. لە ساڵی ١٩٣٠ لە گۆڤاری (المجلة الجديدة) مەحمود عەزم وتارێک بڵاو دەکاتەوە تیایدا داوای گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی دەکات بۆ لاتینی. دواتر لە ساڵی ١٩٤٤ عەبدولعەزیز فەهمی ئەندامی ئەکادیمیای زمانی عەرەبی لە میسر پرۆژەیەک دەخاتە بەردەم ئەکادیمیا بۆ بەلاتینیکردنی ئەلفوبێی عەرەبی و داوا دەکا لە هەموو شوێنێکیش بەکار بێ، کتێبێکیش لەسەر ئەم بابەتە بە چاپ دەگەیەنێ بە ناوی(الحروف اللاتينية للكتابة العربية)، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەکادیمیاوە زۆر بە توندی ڕەت کرایەوە، پێیان وابوو ئەم جۆرە پرۆژەیە زیانێکی زۆر بە فەرهەنگ و ناسنامەی هەموو عەرەب دەگەیەنێ. لە پاشان هەر بۆ هەمان مەبەست لەلایەن چەند نووسەرێکی دیکەی سوری و لوبنانی چەند هەوڵێکی دیکەی سەرنەکەوتو دراوە، بە تایبەت بۆ بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ لەهجە عەرەبییەکان. لە ساڵی ١٩٦١ سەعید ئەلعەقل هەوڵی ئەوەی داوە کە لەهجەی لوبنانی بە ئەلفوبێی لاتینی بنووسرێتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە کتێبێکیش بەم لەهجەیە بە ئەلفوبێی لاتینی چاپ دەکات.

ئەم هەوڵانەی کە دراون لە جیهانی عەرەب بۆ گۆڕینی ئەلفوبێ، زیاتر هەوڵی تاکە کەسی بوون و هیچ دەزگایەکی زمانەوانیش پشتگیری لێ

نەکردوون، بۆیە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر بە مردوویی لە دایک بوون.

**بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە:**

محمد الصاوی، کتابة العربیة بالحروف اللاتینیة، الأبعاد التربویة و السیاسیة، غیر منشور.

Jacob M. Landau, Attempts at Romanization in the Middle East and Central Asia, Journal of Semitic studies supplement, Oxford University Press, Volume 24, 2008, pp. 185 –186.

[3] – فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ل٤٤.

**[4]– لە نێو ئێرانییەکان هەر لە زووەوە مەسەلەی ریفۆرمکردن یان گۆڕینی ئەلفوبێ بۆ لاتینی باسوخواسی لەسەر کراوە، ئەلفوبێی فارسی – عەرەبی هەرچەندە کۆمەڵێک کێشەی لەگەڵ دەنگەکانی زمانەکە هەیە بەڵام هەر لە کۆنەوە تا ئێستا زۆر کەم دەستکاری کراوە. ئەو هەوڵەی کورد داویانە بۆ گونجاندنی حەرفە عەرەبییەکان لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی، لە زمانی فارسیدا نەکراوە. میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە کە تورکێکی ئازەری بوو هەر لە سەدەی نۆزدەمەوە دەستنیشانی گیروگرفتەکانی ئەلفوبێی فارسی کردووە، پێی وا بوو ئەم ئەلفوبێیە کۆسپێکە لەبەردەم پێشکەوتنی ئێران و وڵاتانی موسڵمان. بۆ ئەم مەبەستە سەردانی دەرباری عوسمانییەکان و قاجارییەکانی کردووە، هەوڵی داوە قەناعەتیان پێ بێنێ کە ئەلفوبێ بگۆڕن بۆ لاتینی، بەڵام هەردوو دەوڵەت ڕەتیان کردۆتەوە. دواتر مولکوم خان کە ئەرمەنییەکی ئێرانی بوو هەر لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ناوبراو نامە گۆڕینەوەیان دەبێ. مولکوم خان پێی وا بوو دواکەوتنی موسڵمانان بەهۆی دینی ئیسلامەوە نیە، بەڵکو لە ئەلفوبێ دایە کە فێر بوونی زۆر سەختە، جۆرە خەتێک لەسەر بنەڕەتی ئەلفوبێی فارسی دادەهێنێ کە فێر بوونی ئاسانترە، بەڵام**

ئەم چاکسازییەی ئەویش بێ سوود دەبێ. دواتر، هەر لەسەدەی رابردوو بەردەوام لە نێو چینی رۆشنبیران و نووسەرانی ئێران ئەم مەسەلەیە وتوێژی لەسەر کراوە وەک سەعید نەفیسی، رەشید یاسەمی، عەلی دەشتی، حەسەن تەقی زادە داوای چاکسازی رێنووسییاز کردووە و ئەلفوبێی لاتینییان پەسند کردووە. هەتا ئەمڕۆش ئەم باسانە لەلایەن هەندێک لە ئێرانییەکانی دەرەوە دەوروژێنرێ، بەڵام حکومەتی ئێران چ لە زەمانی قاجارەکان و پەهلەوی و چ لەلایەن حکومەتی ئیستای ئێرانەوە هەمیشە دژ بەم هەوڵانە وەستاون، هیچ دەزگایەکی زمانەوانیش لە ئێران پشتگیری ئەم گۆرانەی ئەلفوبێی نەکردووە.
بۆ درێژەی ئەو هەوڵانەی کە لەم بوارە دراون، بڕوانە:
یحیی ذکا، در پیرامون تغییر خط فارسی، چاپخانه نقش جهان، تهران، ۱۳۲۹.

**دوای تێپەڕ بوونی زیاتر لە سەدەیەک** بەسەر بانگەشەکانی ئاخوندزادە و **مولکوم خان و هاوبیرانی، واقیعی** پێشکەوتنی گەلان بە ئەلفوبێی **جیاواز لە جیهاندا بە گشتی و ئەلفوبێی عەرەبی** بە تایبەت، سەلماندیان کە ئەلفوبێ **ڕێگر نیە لەبەردەم پێشکەوتنی هیچ میللەتێک**. پێشکەوتنی ئەمڕۆی ئێران لە **بواری تەکنەلۆژی و هەموو بوارەکانی** دی بەم ئەلفوبێیە، بەڵگەی ئەم **ڕاستییەیە. دوای گەڕانەوەی تاجیکەکانی** سۆڤیەتی پێشوو لە **ئەلفوبێی لاتینی و کریلیکییەوە بۆ سەر هەمان** ئەلفوبێی فارسی کە لە ئێران و **ئەفغانستان بەکار دێ، بایەخ و گرنگی** ئەم ئەلفوبێیە بۆ زمانی فارسی زیاتر **ڕۆشن دەبێتەوە.**

[5] **- ئەحمەدی خانی، مەم و زین،** ئامادەکردن و پەراوێز بۆ نووسین: هەژار، **دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی** دووەم، هەولێر، ۲۰۰۸، ل۳۱.

[6] – Ehmedê Xanî, Mem û Zîn, Amadekar: Nâmık Açıkgöz, Kültür ve Turizm Bakanlığı, Ankara, 2010. R. 9.

7 – هەر لە زووووەوە چەندین جار هەوڵی گۆڕینی شێوازی نووسینی چینی دراوە بۆ لاتینی، بەڵام هیچیان سەرکەوتو نەبوون. ڕابەری ناوداری چینی بەناوبانگ ماوتسی تۆنگ لە پەنجاکانی سەدەی بیست وەک بەشێک لە شۆڕشە فەرهەنگییەکەی، پێی وابوو شێوازی نووسینی چینی فێربوونی سەختە و کۆسپێکە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لە چین، پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی چینی، کە پێی دەڵێن ماندارین، بەکار بێت، لە بەرامبەر ئەم داوایە باڵی موحافەزەکاری چینی بە توندی لە دژی وەستان.

شێوازی نووسینی چینی کۆنترین شێوازێکە کە پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا لەلایەن نەتەوەی هۆنی چینی داهێنراوە و پەرەیسەندووە، هەر بۆیە ئەم جۆرە خەتە هەر بە تەنیا شێوازی نووسین نیە بۆ زمانەکە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوی مێژوو و فەرهەنگی چینە بە هەر بەهانەیەک بێ ناکرێ دەستبەرداری بن. ئەمە بێجگە لەوەی بە لێکۆڵینەوەی نوێ سەلمێنراوە منداڵانی چینی لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە بە ئەلفوبێی لاتینی دەخوێنن ڕادە و خێرایی فێر بوونیان بۆ خوێندەواری وەک یەکە، واتە سەختی شێوازی نووسینی چینی نەبۆتە کۆسپێک بۆ فێر بوونی خوێندەواری. بڕوانە:

Andrew Robinson, The Story of Writing, Alphabets, Hieroglyphs & Pictograms, London, 1995,P.15.

٨ – بەلاتینیکردنی ئەلفوبێ لە بیستەکانی سەدەی بیست زمانی عیبری و فەرهەنگی جولەکەش دەگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند هەوڵێک دراوە بەڵام سەرکەوتو نەبووە. لە بیستەکانی سەدەی بیست لەلایەن ئیتەمار بێن- ئاڤی (١٨٨٢ – ١٩٤٣) کە ڕۆژنامەنووسێکی جولەکە بوو، هەوڵیدا ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی عیبری بەکار بێنێ. پێی وابوو بەکار هێنانی ئەلفوبێی لاتینی ئاسانکاری دەکا بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بە نێو جولەکەکاندا. بۆ ئەم مەبەستەش لە پێشدا لە ساڵی ١٩٢٧ کتێبێکی ژیننامەی باوکی بە ئەلفوبێی لاتینی بە ناوی ئاڤی ( باوکم) لە قودس بڵاو کردەوە، لەپاشان چەند گۆڤار و

ڕۆژنامەیەکیش بە عیبری هەر بە ئەلفوبێی لاتینی دەرکرد، ئەم هەوڵانە تا کۆتایی سییەکانی سەدەی بیست بەردەوام بوو. بەڵام دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، چ لەلایەن پیاوانی ئایینی جولەکە و چ لەلایەن چینە ڕۆشنبیرەکەی زۆر بە توندی لە دژی ئەم گۆڕینە وەستان، پێیان وابوو زمانی عیبری نووسینی بە ئەلفوبێ عیبرییەکە گونجاوترە تا لاتینییەکە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەلفوبێی عیبری وەک بەشێکی جیانەکراوەی مێژوو و فەرهەنگی ڕەسەنی جولەکەیە، ئامادە نەبوون لە پێناو مۆدێرنیتە و بە ڕۆژئاوایی بوون دەستبەرداری ئەلفوبێی مێژوویی و ناسنامەی ڕەسەنی خۆیان بن، هەرچەندە کە پەیوەندییەکی دۆستانە و نزیکیان لەگەڵ وڵاتە ڕۆژئاواییەکان هەبووە و هەیە. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە:

İlker Aytürk, Script Charisma in Hebrew and Turkish: A Comparative Framework for Explaining Success and Failure of Romanization, Journal of World History, volume 21, number1, March 2010, pp. 97–130.

9 – Jacob M. Landau, Barbara Kellner–Heinkele, Politics of language in the ex–Soviet Muslim states, Hurst and Company, London, 2001, P.51.

10 – Ayse Pamir Dietrich, Language Policy and the Status of Russian in the Soviet Union and the Successor States outside the Russian Federation, Australian Slavonic and East European Journal, January, Vol. 19, Nos. 1–2 (2005): 1–27.

11 – Jacob M. Landau, Barbara Kellner–Heinkele, P.51.

**١٢- زمانی کوردی یەکێک بوو لەم ١٣٠ زمانەی یەکێتی سۆڤیەت کە بە ڕەسمی دانی پێدانرا، لەو سەردەمە بە خێرایی بوژانەوەی بە خۆیەوە بینی، بوو بە زمانی خوێندن و نووسین لە قوتابخانەکان، گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی پێ چاپکرا، پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی دەستی پێکرد. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣**

– ١٩٢٩ دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە هەرێمی ناگۆرنۆ – قەرەباغ لە رۆژئاوای ئازەربایجان بە ناوی کوردستانی سۆر دادەمەزرێنن کە پایتەختەکەی شاری لاچین بوو. کوردەکانی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢١ بۆ یەکەمجار ئەلفوبێی ئەرمەنی بۆ زمانی کوردی بە کار دێنن، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٢٩ دەگۆڕێ بۆ لاتینی، هەر بە لاتینی دەمێنێتەوە تا لە ساڵی ١٩٤٥ لەلایەن ستالینەوە، وەک زۆربەی نەتەوەکانی دیکەی سۆڤیەت، ئەلفوبێی کریلیکییان بە زۆر بەسەردا دەسەپێنرێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەش هەڵدەوەشێتەوە و ژمارەیەکی زۆریش لە کوردەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان، وەک چارەنووسی هەندێک نەتەوەی دی کە لە سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوون، دوچاری ڕاگوێزان و دوورخرانەوە دێن بۆ کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەت. بڕوانە:

Ismet Cheriff Vanly, The Kurds in the Soviet Union, in: Philip G. Kreyenbroek & S. Sperl (edit), The Kurds: A Contemporary Overview, Routledge; 1 edition December 6, 1991, p. 203, pp. 209 –210.

١٣ – یەکێتی تورکان Pan – Turkism بزووتنەوەیەک بوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لە نێو رۆشنبیرە تورکەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا دەستی پێکرد، ئامانجی چاکسازی دینی و یەکێتی فەرهەنگی و سیاسی گەلانی تورک بوو. ئەم بزوتنەوەیە لە پاشان زەمینە خۆش دەکات بۆ دامەزرانی بزوتنەوەیەک بە ناوی ( جەدید) کە لەلایەن شەهابەدین مێرگانی و قەیوم ناسری و حوسێن فەیزخانیەوە دامەزار. دواتر هەر لە پێناو نزیکبوونەوەی زیاتر لەیەک لە ساڵی ١٩٠٥ تورک و تەتاری روسیا کۆنگرەی یەکەمی (گشت موسڵمانان) دەگرن کە نوێنەری تورکەکانی قرم و قازان و تورکستان و قەوقازیش تێیدا بەشدار دەبن، لە کۆنگرە تەئکید لەسەر یەکگرتنی گشت موسڵمانانی روسیا دەکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە کێشە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکان چارەسەر بکەن. لە کۆنگرەی دیکە کە لە ساڵەکانی

دواتر گیرا، باس لە دامەزراندنی پەیوەندی نزیک لەگەڵ تورکەکانی تورکیا دەکەن، سەرەڕای پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتووی خوێندن بۆ تورکەکانی روسیا لەسەر بنەڕەتی لەهجەی ئەستەنبوڵ. سەرکردە تورکەکانی روسیا دەیانزانی کە بەبێ یارمەتی دەرەوە ناتوانن بگەن بەم ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییانە، تەنها دەوڵەتێک کە ئامادە بوو پشتگیرییان بکات دەوڵەتی عوسمانی بوو، هەر بۆیە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵدا دروست کرد بوو. دەوڵەتی عوسمانیش لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە لە ساڵەکانی(١٨٧٦ – ١٩٠٩) فەرمانڕەوا بوو، بۆ رزگار کردنی ئیمپراتۆرییەتە ئیسلامییەکەی لە ڕوخان و بۆ بەرگریکردن لە دژی هێزە ئەوروپییەکان کە چاویان لە ئیمپراتۆریەتەکە بڕی بوو، دروشمی یەکێتی موسڵمانانی – Pan Islamism بەرز کرد بووەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بە تورکەکانی روسیا دەکرد کە ئاوارەی ئەستەنبوڵ بوون یانیش وەفدی دەنارد بۆ ئاسیای ناوەڕاست، سەرەڕای ناردنی نوێنەری خۆی بۆ ئەندەنۆسیا و هیندستان و وڵاتانی عەرەبی.

ئەم هەوڵانەی کە لەو سەردەمە لە ئارادا بوون بۆ یەکگرتنی موسڵمانانی جیهان و یەکگرتنی تورکەکان، دەسەڵاتدارانی روسیای قەیسەری و دواتر سۆڤیەتییەکانی نیگەران کرد بوو، هەر بۆیە هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ لەیەکدابڕین و دوور خستنەوەی تورکەکان و موسڵمانەکان لەیەک بە تایبەت موسڵمانەکانی یەکێتی سۆڤیت، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش گۆڕینی ئەلفوبێ وەک ئامرازێک بەکار دێنن بۆ دروستکردنی دیوارێک لە نێوانیان. بڕوانە:

Charles Warren Hostler, The Turks of Central Asia, Greenwood Publishing Group, Inc, 1993, pp.71 – 110.

14 – Thomas G. Winner, Problems of Alphabetic Reform among the Turkic Peoples of Soviet Central Asia, 1920–41, The Slavonic and East European Review, Vol. 31, No. 76

(Dec., 1952), University College London, School of Slavonic and East European Studies, pp. 136–137.

15 – Ayca Ergun, Politics of Romanisation in Azerbaijan (1921–1992), Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain & Ireland ( Third Series), Cambridge University Press, 2010, 20, p.39.

16 – Ibid. P.37.

ئەم جۆرە گوتارە دژ بە ئەلفوبێی عەرەبی، تێڕوانینێکی ڕەگەزپەرستانەیە بۆ ئـەلفوبێ، هـەتا ئـەمڕۆش بـوونی هەیـە، ئەمـە لـەکاتێک ڕاسـتییە زمانەوانییەکان و فەرهەنگییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ ئەلفوبێیـەک ڕێگـر نیە لەبەردەم پێشکەوتنی هیچ مرۆڤێک. باشترین نمونـەش بـۆ ئەمـە وڵاتـانی وەک چین و ژاپۆنە کە شێوازێکی نووسین بەکار دێنن لـە ئـەلفوبێی عـەرەبی زۆر سەختترە، کەچی ئەمە نەبۆتە کۆسپێک لە ڕێی پێشکەوتنیان لـە بواری زانستەوە.

[1] – Ibid. pp.37–38.

17 – Mark Dickens, Soviet Language Policy in Central Asia, 1988, p.11.

ئـەم کتێبـە دەکـرێ لەسـەر ئینتـەرنێت بخوێنرێتـەوە بـەڵام شـوێنی چـاپ و بڵاوکردنەوەی تێدا نیە.

http://www.oxuscom.com/lang-policy.htm

18– Ayca Ergun, Politics of Romanisation in Azerbaijan (1921–1992), P.39.

19 – Ibid. P.11.

20 – G. E. Wheeler, Soviet Policy in Central Asia, International Affairs, Royal Institute of International Affairs 1944, Blackwell Publishing, Vol. 31, No.3,1955, p. 323.

21 – کۆماری تاتارستان، کۆمارێکی فیدرالی تورکی سەر بە ڕوسیایە و دەکەوێتە ناوچەی فیدرالی ڤۆلگا، وەک کۆمارە تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست سەربەخۆ نیە، بەڵام پەیوەندی کولتوریی لەگەڵ تورکەکانی ئەو هەرێمە هەیە. زمانی تورکی تاتاری بە ئەلفوبێی کریلیکی لەگەڵ زمانی ڕوسی لەم کۆمارە دوو زمانی ڕەسمین.

22 – Jacob M. Landau, Barbara Kellner–Heinkele, P.129

23 – Seymas Akkoynlu, The Impact of Turkey's Domestic Resources on the Turkic Republic of the Caspian Sea, European Journal of Economic and Political Studies (EJEPS) 1(2), 1–23, 2008, p.13.

24 – Ayca Ergun, p.40.

25 – زمانی فارسیی ئێران و دەریی ئەفغانستان و تاجیکیی تاجیکستان، سێ ناون بۆ یەک زمان کە زمانی فارسییە، بەڵام بە هۆی دابەشبوونی سیاسی فارسی زمانەکان بە سەر ئەفغانستان و تاجیکستان و ئێران، هەروەها گۆڕینی ناوی زمانی فارسی لە ئەفغانستان بۆ دەری و لە تاجیکستان بۆ تاجیکی، وێڕای گۆڕینی ئەلفوبێی فارسی- عەرەبی لە تاجیکستان بۆ لاتینی و کریلیکی، پەرەسەندنی ئەم زمانانە بە جودا لەگەڵ یەک، هەتا ڕادەیەک زمانەکە لە یەک دوور دەکەوێتەوە.

هێزە کۆلۆنیالییەکان دەورێکی سەرەکییان هەبووە لە کەمکردنەوەی نفوزی زمانی فارسی و دابەشکردنی. لە سەدەی نۆزدەم لە ناوچەی خوراسانی گەورە، ئیستیعماری ئینگلیز و ڕوس بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئیستیعمارییەکانیان هەوڵ دەدەن زمانی فارسی کە زمانی هاوبەش و فەرهەنگیی گەلانی موسڵمانی ئەو ناوچەیە بوو، لاوازی بکەن. زمانی فارسی لە سەدەی یازدەمی میلادی لە سەردەمی سوڵتان مەحمودی غەزنەوی دەگاتە قارەی هیند، بۆ ماوەی حەوت سەدە دەبێتە زمانی ڕەسمی و ئیداری و زانستی ئەو قارەیە. سەلجوقییەکانیش لە ئاسیای بچوک زمانی فارسی برەو پێ

دەدەن. دوای ئەوەی ئیستیعماری ئینگلیز هیندستان داگیر دەکا، لە ساڵی ١٨٧٣ زمانی فارسی لەکار دەخا و زمانی ئینگلیزی جێگەی دەگرێتەوە. بۆلشەڤیکە ڕوسەکان دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە بەسەر ناوچەی تورکستانی ئاسیای ناوەڕاست فەرمانڕەوا دەبن، تاجیکستان دەکەن بە یەکێک لە کۆمارەکانی سۆڤیەت، هەر بە هەمان ئامانجی سیاسی، بۆ دوورخستنەوەیان لە فارسی زمانەکانی ئەو ناوچەیە ئەلفوبێیان پێ دەگۆڕن بۆ لاتینی و ئەوجا کریلیکی، ناوی زمانەکەش لە فارسییەوە دەگۆڕن بۆ زمانی تاجیکی، بۆ ئەوەی پێیان بڵێن کە زمانی ئێوە لەگەڵ فارسی ئێران و دەری ئەفغانستان جیاوازە، و زمانێکی دیکەیە. لە هەمان کاتدا وشەیەکی زۆریش لە زمانی ڕوسی و ئۆزبەکی وەردەگرێ، لە فارسی ئێران و ئەفغانستان دوور دەکەوێتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٤ حکومەتی محەمەد زاهیر شا کە بە نەتەوە پەشتۆنی بوو لە دەستوری ئەفغانستان بە ڕەسمی ناوی زمانی فارسی دەگۆڕێ بۆ دەری، ئەمە لە کاتێک لە پێشدا، لە نێو خەڵک لە ئەفغانستان هەر ناوی زمانی فارسی بووە. ناو گۆڕینەکەی زیاتر بە ئامانجی سیاسی بووە بۆ ئەوەی دووری بخاتەوە لە زمانی فارسی ئێران، ئەمە سەرباری ئەوەی کە زمانە فارسییەکە دەکەوێتە ژێر تەئسیری زمانی پەشتۆنی و هیندی و ئینگلیزی بە ڕادەیەکی زۆر لەم زمانانە وشە دەخوازێ. زمانی فارسی ئێرانیش کە زیاتر خزمەت کراوە، وشەگەلێکی نوێی فارسی بۆ دانراوە، زیاتر وشەی فەڕەنسی وەردەگرێت، چونکە فەڕەنسی هەتا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی زمانی ڕەسمی دووەمی ئێران بووە، دواتر دەبێ بە ئینگلیزی.

بەم شێوەیە زمانی فارسی کە هەر لەسەدەی دەیەمی میلادییەوە وەک یەک زمان پەرەیسەندووە، زمانێکی دەوڵەمەندی ئەدەبیات و زانست بووە، لینگوا فرانکای ڕۆژهەڵات بووە، هەر لە بەنگلادیشەوە هەتا ئەستەنبوڵ و لە ئاسیای ناوەڕاستەوەش هەتا ناوچەی خەلیج نفوزی زمانیی هەبووە، لە سەدەی ڕابردوو بە هۆی گۆڕانی دەسەڵاتی زلهێزەکان، ئەو دەسەڵاتە زمانییەی نامێنێ. لە ناوچەی خوراسانی گەورەش، بە هۆی گۆڕانی

بارودۆخی سیاسی و دابەشبوونی ئاخێوەرانی بەسەر سێ وڵاتدا، هەروەها بەردەستەنەدنی زمانەکەش بە جودا لەگەڵ یەک، زمانەکە دەبێ بە سێ زمان بە سێ ناوی جیاواز.
بەڵام ئەمرۆ دوای گەڕانەوەی تاجیکەکان بۆ ناسنامەی زمانیی خۆیان و گەڕانەوەیان بۆ ئەلفوبێی فارسی- عەرەبی، وا جارێکی دی لەیەکنزیکبوونەوەی ئەو زمانە فارسییانە دەستی پێکردۆتەوە، چونکە یەکبوونی ئەلفوبێ فاکتەرێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەم زمانانە جارێکی دی ببنەوە بە یەک زمانی فارسی. ئێستا هەوڵی ئەوەش دەدەن کە زاراوەی زانستی هاوبەش پێکەوە بەکاربێنن. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە:
دکتر محسن أبوالقاسمی، تأریخ زبان فارسی، مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی، تهران، ١٣٨٩. ص ٢٦١ – ٢٦٢.
**نجم کاویانی، یک زبان با سه نام، (فارسی، دری و تاجیکی)، نوای آزادی، ١٢-٠٤-٢٠١٢. بۆ سەرچاوەی ئەم باسە بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:**
http://jawedan.com/یک-زبان-با-سه-نام-فارسی،-دری-و-تاجیکی

26 – Jacob M. Landau, Barbara Kellner–Heinkele, P.126.
27 – Ibid. P. 146.
**28 – کەمال ئەتاتورک ئەوەندە دژ بە میراتی عوسمانی و ئیسلام و عەرەب بوو دەیویست بە هەرشێوەیەک بێت و بە کورتترین وەخت میللەتی تورک لەم رابردووە داببڕێ، هەر بۆیە زۆر بە خێرایی و بە دیکتاتۆریەت بەرنامەی گۆڕینی ئەلفوبێی لە تورکیای نوێ خستە گەڕ. لە ساڵی ١٩٢٨ کاتێک بڕیاری گۆڕینی ئەلفوبێی دەرکرد، لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی فالح رەفیق – کە لەلایەن ئەتاتورکەوە دەستنیشان کرا بوو- بۆ ئامادەکردنی ئەلفوبێی نوێ دادەمەزرێنێ، ئەو لیژنەیە بەرنامەیان وابوو بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەردوو ئەلفوبێ لە هەموو شوێنێک بەکار بێنن تا خەڵک بە تەواوەتی دەکەوێتە سەر ئەو ئەلفوبێ نوێیە، کەچی ئەتاتورک نارەزایی خۆی دەربڕی گووتی ئەگەر بۆ ئەو ماوە درێژە هەردووک بەکار بێ ئەوا خەڵک کۆنەکە دەخوێننەوە**

نوێیەکە پشتگوێ دەخەن، بۆیە ڕای خۆی دەسەپێنی داوا دەکا کە دەبێ لە ماوەی سێ مانگ ئەلفوبێ لاتینییەکە جێبەجێ بکرێ. لەپاشان لیژنەکە لە ماوەی شەش هەفتە ئەلفوبێ ئامادە دەکەن و لەماوەی سێ مانگیش لەسەرانسەری وڵاتەکە بڵاوی دەکەنەوە، هەرچەندە کێشەیەکی زۆریش بۆ قوتابخانەکان دروست دەکات، چونکە مامۆستاکان پێشتر ئەو ئەلفوبێیەیان نەزانیوە. لە کۆتایی هەمانساڵیش ئەلفوبێی عەرەبی بە ڕەسمی لە هەموو شوێنێک قەدەغە دەکا. بڕوانە:

Bernard Lewis, The Emergence of Modern Turkey, Oxford University Press, London, 1979, pp. 442– 444.

29 – فەرهاد شاکەلی، زمانی گەردەلول، خەونی شنەبا، لە بڵاو کراوەکانی پڕۆژەی تیشک، ٢٠٠٨، ل١٨٧.

# زمان و دیالێکت

د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

## زمان

## پێناسەی زمان

کۆزمانەوانەکان لە بەرانبەر پێناسەی زمان، دەستەوەستان دەوەستن، پێیان وایە کە زمان لە پێناسە نایەت و خۆیان زیاتر بە بیرۆکەی کۆمەڵەی زمان دەبەستنەوە، لەلای ئەمان کۆمەڵەی زمان ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە هەست دەکەن بە یەك زمان دەدوێن، بەم پێیە هۆڵەندی و ئەڵمانی دەبنە دوو زمانی جیاواز، چونکە لەگەڵ ئەو هەموو لێکچوونە لە پێکهاتی دوو زمانەکەدا، هێشتا هۆڵەندییەکان وا هەست دەکەن، کە زمانەکەیان لە ئەڵمانی جیاوازە، هەروەها ئەڵمانەکانیش خۆیان بە جیاواز دەزانن، بەم پێیە هەموو دیالێکتەکانی (چین) بەبێ جیاوازی یەك زمانن، چونکە خەڵکی چین وا هەست دەکەن، کە بە یەك زمان دەدوێن، بەم پێیە هەموو دیالێکتەکانی کوردی بەبێ گوێدان بە جیاوازی لە پێکهاتەی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واژەدا، هەموویان کاتێ بە زمانی کوردی دادەنرێت، کە ئەو خەڵکەی قسەیان پێ دەکەن (هەست) بکەن بە یەك زمان، ئەویش زمانی کوردییە قسە دەکەن[1]. بەمپێیە تاکو ئێستا چەندین پێناسەی جیا جیا لەبارەی زمانەوە خراونەتەڕوو، بەجۆرێك هەریەك لەم پێناسانە لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە لە زمانیان کۆڵیوەتەوە، لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

فردیناند دی سۆسێر دەڵێت:((زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتی هاوزمانانە و کۆمەڵە ئاکارێکی زۆر پێویستە، کە کۆمەڵ دایهێناوە، بۆ ئەوەی لە بەکارهێنانیدا یارمەتی تاکەکانی بدات)) (٢).

چۆمسکی دەڵێت:((زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، ڕێزمان دەریان دەکات)) (٣).

هۆل دەڵێت:((زمان فەرمانگەیەکە خۆی و بەڕێوەبردنی خۆی لە دەست خۆیدایە، لەڕێی فەرمانگەکەوە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا کاردەکەن و لە یەکتر دەگەن)) (٤).

بلۆك و تراگەر دەڵێن:((زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لەخۆوە، کە بەهۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێ هەرەوەزی بکات)) (٥).

ساپیر دەڵێت:((زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتووەوە کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە)) (٦).

فوئاد مەرعی دەڵێت:((زمان سیستەمێکی هێمایی سەربەخۆیە، لەناو کۆمەڵدا لەخۆوە سەرهەڵدەدات و بۆ مەبەستی لەیەکترگەیشتن لە نێوان تاکەکانیدا بەکاردێت)) (٧).

محەمەد عەلی خولی ئەم پێناسانەی بۆ زمان کردووە (٨):-

((زمان سیستەمی پەیوەندیکردنە لە نێوان دوو لا)).

((زمان سیستەمێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هەست و بیرەکان لە نێوان خەڵکدا بەکاردێت)).

((زمان هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لە پێویستیی و بۆچوون و ڕاستییەکان لەنێو خەڵکدا)).

((زمان سیستەمێکی لەخۆوەیە بۆ ڕەمزەکانی دەنگ و، بۆ ئالوگۆڕکردنی بیرو هەستەکان لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵێکی زمانەوانی هاوچەشن بەکاردێت)).

مارتنێت دەڵێت:((زمان هۆیەکە بۆ لەیەکترگەیشتن، دەکرێت بە چەند دانەیەکی وردەوە (مۆرفیم)، کە هەر یەکەیان خاوەنی واتا و فۆرمن)) [٩].

کارۆڵ دەڵێت: ((زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێ بۆ گەیشتن و پۆلکردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر بەکاربێت)) [١٠].

ئۆلمان دەڵێت:((سیستەمێکی هێمایی دەنگییە، لەبیری کەسی کۆمەڵ تۆمارکراوە)) [١١].

هنری سویت دەڵێت:((زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لەڕێگەی دەنگ، کە لە وشە پێکدێت)) [١٢].

ئەحمەد مەتلوب دەڵێت:((زمان ئەو دەنگانەیە، کە هەموو نەتەوەیەک بۆ پێداویستییەکانی دەری دەبڕێت)) [١٣].

ئەرستۆ دەڵێت:((زمان ئاوێنەی ڕاستەقینەی عەقڵە)) [١٤].

محەمەد شەفیق غوربال دەڵێت:((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هۆکارێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی تێکەڵبوونی نێوان مرۆڤەکان)) [١٥].

محەمەد محەمەد یونس عەلی دەڵێت:((زمان سیستەمێکە لە نیشانە، لەخۆوە لەسەری ڕێککەوتووین، توانای دابەشکردنی هەیە، تاکەکەس وەک

ئامرازێك بۆ دەربڕینی مەبەستەكانی و بۆ پەیوەندیكردن بە كەسانی دیكەوە لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسین بەكاریدێنێت)) [١٦].

لەڕوانگەی كۆزمانەوانییەوە:((زمان كۆمەڵە شێوەزارێكی جیاوازە، هەریەكەیان بۆ بارێكی تایبەتی دەست دەدات)) [١٧].

- زمان ئاخاوتنی مرۆڤە، بە دەربڕین یان نووسین[١٨].

دێڤید لویس دەڵێت:((زمان بریتییە لە تێكەڵاوكردنی ڕستە و واتا لە چوارچێوەیەكی بێكۆتایدا)) [١٩].

جومعە سەید یوسف دەڵێت:((زمان سیستەمێكی دەنگی دركێنراوە، ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، كە ئاستە جیاجیاكانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) بەڕێوە دەبات، بە شێوەیەكی یەكگرتوو و بەتین كاردەكات، بۆیە زمان سیستەمی سیستەمەكانە)) [٢٠].

كەواتە زمان كۆمەڵە شێوازێكی جیاوازە، هەریەكەیان بۆ بارێكی تایبەتی دەست دەدات، بۆ نموونە باری پێشوازی كردن و باری بەڕێوەبردن و باری بەرێكردنی میوان، لەلایەكی ترەوە زمان بە پێی ڕەگەز و چین و توێژی كۆمەڵایەتی و تەمەن و نێوەندەكان دەگۆڕێت، لێرەشدا بۆنە و گروپە كۆمەڵایەتییەكە و تەمەن، جۆری زمانەكە دەسەپێنێ، بە واتای ئەوەی گروپی كۆمەڵەكە جۆری یەكە فەرهەنگییەكان دەسەپێنێ، بە واتای ئەوەی كەلتوور و شوێنەوار و ژینگەی خەڵكەكە، جۆری زمانەكە دیاریدەكات[٢١].

کەواتە زمان تەنها کەرەستەیەك نییە بۆ ناردن، وەرگرتن و لێتێگەیشتنی پەیامی نێوان مرۆڤەکان، بەڵکو دیسان زمان کەرەستەی ناسین و ناساندنی تاك و کۆیە بۆ هەر شوێن و دەمێك، لە دەوروبەری ئێمەدا هەزاران زمان و دیالێکت هەیە، کە گوزارشت لە جۆرەها بۆچوونی هزریی، کۆمەڵایەتی، چینایەتی، ڕەگەزی، وێژەیی، شێوازی ژیان... دەکەن، زمان دیاردەیەکی کەلتوورییە، بۆیە گەلێك پەیوەستە بە بونیادی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی سیستەمی کۆمەڵگا[٢٢].

## جۆرەکانی زمان

زمان گەلێ جۆری هەیە، لێرەدا هەندێ لە گرنگترین جۆرەکانی زمان دەخەینەڕوو، کە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە[٢٣]:

**١ـ زمانی سەرچاوە:**

ئەو زمانەیە، کە چەندەها زمانی دی لێکەوتۆتەوە، زمانەکانی پورتوگالی و ئیسپانی و فەرەنسی و ئیتالی لە زمانی لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووە، زمانی سانسکریتیش هەردوو زمانی ئۆردو و هیندی دروست کردووە.

**٢ـ لقە زمان:**

ئەو زمانەیە، کە لە زمانی سەرچاوەوە پەیدابووە، بۆ نموونە زمانی فەرەنسی کە لقە زمانی لاتینییە، زمانی ئەڵمانی لە ئەڵمانی ڕۆژئاواییەوە

دەرکەوتووە، زمانی سویدیش لقە زمانی جەرمانی باکوور و، زمانی ڕووسیش لقە زمانی سلاڤی ڕۆژهەڵاتییە.

**٣ـ زمانی خوشك:**

ئەو زمانەیە، کە لە ڕەچەڵەکدا لەگەڵ زمانێکی دی یەکدەگرێتەوە، بۆ نموونە زمانی دانیمارکی لەگەڵ زمانی نەرویجیدا خوشکی یەکدین، چونکە هەردووکیان سەر بە ئەڵمانی باکوورن. زمانی ئیتالیش خوشکی زمانی فەڕەنسییە، چونکە هەردووکیان لە لاتینییەوە پەیدابوون، هەروەها زمانی پۆڵەندی خوشکی بوهیمییە، چونکە هەردووکیان دەچنەوە سەر سلاڤی ڕۆژئاوا.

**٤ـ زمانی سروشتی:**

ئەو زمانەیە، کە بەبێ دەستێوەردانی مەرامداری مرۆڤ دروست بووە، واتە لەخۆڕا دروستبووە، ئەم وەسفەش لەسەر سەرجەم زمانەکانی جیهان پراکتیزە دەبێت، چ ئەو زمانانەی کە لەپێشوودا سەریان هەڵداوە و چ ئەو زمانانەی کە ئێستا بڵاوبوونەتەوە.

**٥ـ زمانی دەستکرد:**

ئەو زمانە ناسروشتیەیە بە مەبەستی ئاسانکردنی فێرکردنی زمانێك لەڕێگەی هەڵبژاردنی چەند وشە و چەند پێکهاتەیەکی گرنگەوە دروست دەبێت، لەوانەشە دروستکردنی ئەو زمانە لەڕێگەی هەڵبژاردنی وشەکانی چەند زمانێك بەمەبەستی داهێنانی زمانێکی دی بەرهەمبهێنرێت، ئەویش بە

مەبەستی دروستکردنی زمانێك، کە ببێتە زمانێکی جیهانی ئاسان، وەکو زمانی (ئیسپرانتۆ).

**٦ـ زمانی دەنگی:**

ئەو زمانەیە، کە ماناکان لەڕێگەی دەنگەکانی ئاخافتنەوە پەیدا دەبن، پاشان وشە و ڕستەکان دروست دەبن و بەشێوەی شەپۆلی دەنگی بۆ بیسەرەکان دەگوازرێنەوە و گوێگر گوێی لێ دەبێت و لێی تێدەگات، وەك ئەو زمانەی کە لە کاسێت و ڕادیۆ و تەلەفۆنەوە بەر گوێ دەکەوێت.

**٧ـ زمانی نووسراو:**

ئەو زمانەیە، کە ماناکان لەڕێگەی ئەو پیتانەوە دەگوازێتەوە، کە وشە و ڕستە دروست دەکات، کە دەیاننووسین، پاشان لەسەر شێوەی شەپۆلی ڕووناکی بۆ چاوەکان حەواڵە دەبن، ئیتر خوێنەر دەیبینێت و لێی تێدەگات، وەکو ئەو زمانەی کە لە پەرتووکەکان و ڕۆژنامەکاندا دەیانخوێنینەوە.

**٨ـ زمانی هێما:**

**هەندێك زمان هەن کە نە گوێمان لێدەبێت و نەوەکو پیتیش لەسەر کاغەز دەیانبینین، چونکە وەکو هێما بەهۆی پەنجە یان هەر ئامرازێکی ترەوە بێت ئەنجام دەدرێت، وەکو ئەو هێمایانەی کە کەڕولاڵەکان ئەنجامی دەدەن، هەروەها هێماکانی ڕێگاوبان، کە هیچ درکاوێکیان نییە، تەنها هەر ئاماژەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانایەکی تایبەت دەبەخشن، کە شوفێر و ڕێبوارەکان لێی تێدەگەن.**

**٩- زمانی جەستەیی:**

ئەو زمانەیە کە لەگەڵ زمانە دەنگییەکەدایە، کاتێك قسە دەکەین، چاو و پەنجە و دەست و سەر و گەردنمان دەجووڵێنەوە، بێگومان هەموو پێکەوە ناجوڵێنەوە، بەڵام جارناجارێك دەستێك یان چاوێك یان پەنجەیەك یان سەرێك یان باسکێك دەجوڵێتەوە و هەر جووڵەیەك مانایەك دەبەخشێ یان قسەیەك هەڵدەوشێنێتەوە یان ڕەتی دەکاتەوە یان جەختی لەسەر دەکاتەوە.

**١٠- زمانی منداڵان:**

زمانێکە ژمارەی وشەکانی و فرێزەکانی کەمن و ڕستەکانی زۆر کورتن، هەروەها زمانێکە فۆنەتیکی تایبەتی لە ئاخاوتندا هەیە. زۆرجار منداڵ دەنگەکان هەڵاوەگێڕ دەکات و، پیتی (س) بە (ش) و (ر) بە (ل) دەدرکێنێت، هەروەها زمانی منداڵ پێوانەی بەسەر زاڵە وەك لە زۆر حاڵەتدا دەردەکەوێت.

**١١- زمانی هەرزەکاران:**

ئەو زمانەیە، کە گەورەکان قسەی پێدەکەن و لەگەڵ زمانی منداڵان جیاوازی هەیە، چونکە زمانی هەرزەکاران وشەکانی چڕتر و ڕستەکانی درێژتر و پێکهاتەکانی فراوانترن و لە درکاندنیشدا ڕاستترن.

**١٢ـ زمانی شێوەزار:**

زمانی شێوەزار ئەو زمانەیە، کە شێوەزارێکی تایبەتی پێدەناسرێت، لە ڕێگەی قسەپێکەرانییەوە پێدەناسرێت، جاری واش هەیە زمانەوانێك دەتوانێت لە شێوەزاری کەسێکەوە ناونیشانی وڵاتەکەی و بگرە شەقام و باڵەخانەکەی، کە تیاشیدا دەژی بدۆزێتەوە، مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە زمانی کەسێك دەلالەت دەکاتە سەر شێوەزارە جوگرافییەکەی و ئاستە ڕۆشنبیرییەکەی.

**١٣ـ زمانی ستاندار:**

زمانی ناشێوەزار ئەو زمانەیە، مرۆڤ بە شێوەیەك قسەی پێدەکات، دەلالەت ناکاتە سەر شێوەزارێکی تایبەت، بە بەکارهێنانی ئەم زمانە شوێنی جوگرافی ئەو کەسە نازانرێت، زۆرجاریش ئەم شێوازە لە بەرکارهێنانی زمانی پەتیدا بەرجەستە دەبێت.

**١٤ـ زمانی پەتی:**

زمانی ئەدەب و زانستە، کە زیاتر بۆ فێرکردن بەکاردەهێنرێت و، لە وتنەوەی وانەکانی زانکۆ و قوتابخانەکاندا قسەی پێ دەکرێت، زمانێکە ئەم زمانە وشەی سادە و بازاڕیی و نەشیاوی تیادا نییە، جگە لەمانەش ئەم زمانە سیستەمێکی تایبەتی خۆی هەیە لە درکاندن و، ڕەچاوی بنەما

ڕێزمانییەکان دەکات و خۆی لە گوزارشتەکانی ڕەمەکی و درکاندنە بازارییەکان دەپارێزێت.

**١٥- زمانی ڕەمەکی:**

ئەو زمانە سادەیەیە لە مامەڵە نافەرمییەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەم زمانە لەنێوان دۆست و برادەران و لەنێوان ئەندامانی خێزاندا بەکاردەهێنرێت، جگە لەوەی ئەم زمانە زمانی ڕستەی کورت و وشە کارتێکراوەکانە، هەروەها زمانی پێکهاتە سادە و ساکارەکانە و دەلالەت دەکاتە سەر شێوەزاری جوگرافی قسەکەرەکە و، لەیەك زمانیشدا چەند شێوەزارێکی ڕەمەکی بەکاردەهێنرێت.

**١٦- زمانی زیندوو:**

ئەو زمانەیە، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، جا زمانێك بۆ ئەوەی زیندوو بێت، بەس نییە تەنیا لە بۆنە ئایینی و زانستییەکاندا بەکاربهێنرێت، بەڵکو پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەشدا خەڵکی بەکاری بهێنن.

**١٧- زمانی مردوو:**

ئەو زمانەیە، کە پێشتر بەکاردەهێنرا، بەڵام لەگەڵ نەمانی ئەوانەی کە قسەی پێدەکەن، ئەویش نەماوە و لەناوچووە، یان لەڕووی تیۆرییەوە لەوانەیە ئەو زمانە هەر مابێ، بەبێ ئەوەی لە نووسین و خوێندندا بەکاربهێنرێ، وەکو زمانی ساسانی و زمانی قوتی، زانایانیش ئەم

زمانانەیان لەڕێگەی نەخش و نووسینە مێژووییەکان و شوێنەوار و پەرتووکە دێرینەکانەوە زانیوە.

**١٨ـ زمانی نیمچەزیندوو:**

ئەو زمانەیە، کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا بەکارناهێنرێت، بەڵکو تەنها لە بۆنە ئایینی و زانستییەکاندا بەکاردەهێنرێت، زمانی نیمچەزیندوو لەگەڵ زمانی زیندوو جیاوازی هەیە، چونکە لە ئاخافتنی ڕۆژانەدا بەکارناهێنرێت، لەگەڵ زمانی لەناوچووشدا لەو ڕووە جیاوازی هەیە، کە ئەم زمانە تاکو ئێستا هەر ماوە، واتە ئاستێکی ناوەندی وەرگرتووە، لەبەر ئەو هۆیە ناوی لێنراوە زمانی نیمچە زیندوو.

**١٩ـ زمانی ناوەکی:**

ئەو زمانەیە، کە بەبێ درکاندن و بەبێ شەپۆلی دەنگی بە کاری دەهێنێت، واتە لەناو دەروونی خۆی و لەکاتی بیرکردنەوەدا مامەڵە بە وشەکانی دەکات، زمانێکە کەس ناتوانێت گوێی لێ بگرێت و بەهیچ پێوەرێکی دەنگی بیپێوێت و، بە زمانی (گوێ لێ نەبوو)ش ناودەبرێت.

**٢٠ـ زمانی یەکەم:**

ئەو زمانەیە، کە منداڵ لەدایك و باوکییەوە وەریدەگرێت پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە.

**٢١ـ زمانی دووەم:**

ئـەو زمانەیـە، کـە منـداڵ پـاش فێربـوونی زمـانی یەکـەم فێـری دەبێـت، سەرچـاوەی فێربـوونی ئـەم زمانـەش یـا مـاڵ یـاخود قوتابخانـە یـاخود کۆمەڵگایە، ئەم زمانە منداڵ فێری دەبێت، پاشان بۆی دەردەکەوێت کە لـە دەرەوەش بـەکاردەهێنرێت، بـۆ نموونـە مرۆڤێکـی چـینی، زمانەکـەی لەسەرەتاوە هەر چینییە، بەڵام گەر کۆچ بکات بۆ ئەمەریکا و فێـری زمـانی ئینگلیزی ببێت، ئەوە زمانی دووەمی بۆ پەیدا دەبێت کـە ئینگلیزییەکەیـە، چونکە ئەم زمانی دووەمە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاردەهێنرێت.

**٢٢ـ زمانی بێگانە:**

ئەو زمانەیە کە مرۆڤ جگە لە زمانەکەی خۆی، ئەویش فێر دەبێت، واتە هەر زمانێك زمانی دایك نەبێت یان زمانی قسەکەری وڵاتەکە نەبێت.

**٢٣ـ زمانی فێربوون:**

ئەو زمانە لە حاڵەتێکدا ڕوودەدات، کە لە وڵاتێکدا زمانی فێربوون لەگـەڵ زمـانی یەکـەمی خەڵکەکـە جیاوازبـێ. ئەمـەش زۆرجـار لـەژێر کاریگـەریی داگیرکردندا دروست دەبێت، هەروەك لە جەزائیر لەسـەردەمی ئیسـتیعماری فەڕەنسی ڕوویدا. ئەوکاتـە زمـانی فێربـوون زمـانی فەرەنسـی بـوو، کەچـی جەزائیر وڵاتێکە زمـانی یەکـەمی خەڵکەکـەی عـەرەبی بـوو، لەوانەشـە ئـەم حاڵەتە لەلای میللەتێك ڕووبدات، کە فرەزمان بێت، ئەوکاتـە دەوڵـەت پـەنا

دەباتە بەر یەکخستنی زمانی فێرکردن، بۆ ئەوەی لە وڵاتدا زمانێك بکاتە زمانی باڵادەست، هەروەك زمانی ڕووسی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو وابوو.

**٢٤ـ زمانی هاوبەش:**

ئەو زمانەیە کە هەموو یان زۆربەی زۆری وڵاتێك دەیزانن، کە فرەگەل و فرەزمان بن، ئەم زمانەش بۆ لەیەکگەیشتنی نێوان گەلانی یەك وڵات بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەندەها کەمینە هەن، کە زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام زمانە هاوبەشەکەیان زمانی ئینگلیزییە، لە یەکێتی سۆڤیەتیشدا چەندەها زمان و چەندەها کەمینە هەن، بەڵام زمانی ڕووسی زمانی هاوبەشیانە، لە وڵاتە عەرەبییەکانیشدا چەندەها زمان و چەندەها کەمینە هەن، بەڵام زمانە هاوبەشەکەیان زمانی عەرەبییە.

**٢٥ـ زمانی فەرمی:**

ئەو زمانەیە کە حکومەت لە نامە ناردن و بەڵگەنامە و تۆمارنامە و مامەڵەی نێو دامودەزگاکانی حکوومەت و بواری خوێندن کاری پێدەکات، ئەم زمانەش لەگەڵ زمانی باوی وڵاتەکە یەکدەگرێتەوە، بەڵام ئەو زمانە زمانی کەمینەیەك بێت کە خاوەن دەسەڵاتە، یان ئەو زمانە زۆر گرنگ بێت یان زمانەکە تەنیا تایبەت بێ بە مامەڵە فەرمییەکان و، پەیوەندی بە زمانی بەکارهێنراوی گەلەوە نەبێت.

**٢٦ـ زمانی بەرهەمهاتوو:**

ئەو زمانەیە کە لە دوو زمان یان زیاتر پێکدێت، هەندێك پێی دەڵێن زمانی (دوو ڕەگ). دەکرێ ئێستا زمانی ئینگلیزی تازە بە زمانێکی بەرهەمهاتوو هەژمار بکەین، چونکە زمانێکە لە ئینگلیزی ناوەند و لە زمانی فەرەنسییەوە بەرهەمهاتووە. هەروەها زمانی (ئوردی) بەرهەمهاتووە، ئەویش لەبەر ئەو ڕێژە زۆرەی وشە هیندی و فارسی و عەرەبیانەی کە لەناویدا هەن.

**٢٧ـ زمانی ناوخۆیی:**

ئەو زمانەیە کە تایبەتە بە یەك میللەت، ئەو زمانە لە دەرەوەی وڵات زمانێکی نەناسراوە، وەکو زمانی ئەلبانی و زمانی ڕۆمانی.

**٢٨ـ زمانی جیهانی:**

ئەو زمانەیە کە لە جیهاندا زۆر بەربڵاوە، ئەم زمانە زۆر بەکاردەهێنرێت و لە چەند وڵاتێکدا وەکو زمانی یەکەم یان زمانی دووەم یان زمانی بێگانە بەکاردەهێنرێت، زمانێکە لە بوارە زانستییەکان و هەردوو بواری بازرگانی و سیاسەتدا زۆر بەکاردەهێنرێت. ئەم شتەش لەسەر چەند زمانێك پراکتیزە دەبێت، هەرچەندە لە ئاستەکانیاندا جۆرێك لە جیاوازی هەیە، وەکو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەلمانی و ڕووسی و عەرەبی.

**٢٩ـ زمانی جێگرەوە:**

ئەو زمانەیە کە جێگای زمانێکی دی دەگرێت و وردە وردە لە بازنەی بەکارهێنانی ئەو وڵاتە دەریدەکات، ئەم وەسفەش لەسەر زمانی ئینگلیزیدا پراکتیزە دەبێت، چونکە زمانی ئینگلیزی لە ئەمەریکای باکوور جێی زمانی هیندییە سوورەکانی گرتەوە.

**٣٠ـ زمانی ڕامالڕاو:**

ئەو زمانەیە کە بەرانبەر بە زمانی جێگرەوە هەرەسی هێناوە، کە زمانی ئەو میللەتەیە کە بەرانبەر میللەتێکی دی بەهێز لە ڕووەکانی ژیاریی یا سەربازیی یا ئابووریی یا ڕۆشنبیریی هەرەسی هێناوە، وەك زمانەکانی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا، چونکە ئەم زمانانە ڕامالڕاوە و زمانی ئینگلیزی جێی گرتەوە .

**٣١ـ زمانی باڵادەست:**

ئەو زمانەیە کە لە زمانەکانی دی بەر بڵاوترە لە وڵاتێکی فرەزمانیدا، ئەم زمانە لەگەڵ زمانی جێگرەوە جیاوازە لەو ڕووەوە کە زمانی جێگرەوە زمانەکانی دی لادەبات و جێی زمانە لابراوەکە دەگرێتەوە، بەڵام زمانی باڵادەست لە وڵاتدا بەسەر ئەوانی تردا سەردەکەوێت، بەڵام زمانەکانی دی هەر دەمێنن، بۆ نموونە زمانی فارسی لە ئێران لەهەموویان باڵادەسترە، هەرچەندە لە ئێراندا زمانی تریش هەن کە زمانی کەمینەکانن، وەکو زمانەکانی عەرەبی، کوردی، تورکی،... هتد.

**٣٢- زمانی گشتی:**

ئەو زمانەیە هەموو خەڵك لە وڵاتدا بەکاری دەهێنن، تایبەت نییە بە خاوەن پیشەیەکی دیاریکراو یان بوارێك لە بوارەکانی مەعریفە.

**٣٣- زمانی تایبەتی:**

ئەو زمانەیە بۆ بوارێکی زانستیی تایبەت بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە زاراوەکانی زمانەوانی لە ئەندازیاری جیاوازە، زاراوەکانی زانستی پزیشکی لە زانستی پەروەردە جیاوازن، هەروەها زاراوەکانی دەروونزانی لە زانستی فیقە جیاوازی هەیە، زاراوەکانی زانستی کشتوکاڵ لە زانستەکانی بازرگانیدا جیاوازە، زاراوەکانی زانستی کیمیا لە ڕووەکزانی جودایە، ئیتر بەم شێوەیە هەر زانستێك زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە کەم و زۆر لەگەڵ زاراوەکانی دیدا جیاوازی هەیە، ئەم زاراوانەش بە زمانێکی تایبەت هەژمار دەکرێن، کە کەسێك شارەزایی لەو بوارە یاخود ئەو زانستەدا نەبێت، ئەوا دەرکی واتاکەی ناکات، بۆ نموونە گەر پزیشکێك پەرتوکێکی لە زانستی ئەندازیاریدا بەرچاوکەوت، ئەوە لە زاراوەکانی ئەو زانستە تێناگات، هەروەها گەر ئەندازیارێك پەرتووکێك لە بوارەکانی زمانەوانی بخوێنێت، ئەوا تووشی حاڵەتێکی سەخت و دژوار دەبێ.

**٣٤- زمانی نموونەیی:**

ئەو زمانەیە، کە هەر بەو شێوەیەی کە دەخوێندرێت، ئاواش دەنووسرێت و هەر بەو شێوەیەش دەنووسرێتەوە کە دەخوێندرێت،

زمانەکان لەم بوارەدا لە گەیشتن بە ترۆپکی نموونەیی جۆراوجۆرن، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی زمانێکی نموونەیی نییە، چونکە زۆرجار پیت بەپێچەوانەی نووسین دەخوێندرێتەوە، لەبەرئەوەی هیچ جۆرە گونجانێك لەنێوان دەنگ و پیتەکانیدا نییە، بۆ نموونە پیتی (S) دەنووسین، بەلام وەکو پیتێکی دی دەخوێنرێتەوە، لەوانەشە پیتەکە (C) بە (S) یان (k) بخوێندرێتەوە، جاری واش هەیە کە پیتەکە دەنووسرێت، بەلام ناخوێندرێتەوە، دەتوانین بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵێین زمانی نموونەیی، چونکە یەك پیت ئاماژە بۆ دەنگێك دەکات و وەکو خۆشی دەنووسرێتەوە و هەر دەنگێکیش بە پیتێك ئاماژەی بۆ دەکرێت.

**٣٥- زمانی وەسفی:**

**ئەو زمانەیە کە لە وەسفکردنی زمانێکی دیدا بەکاری دەهێنین، بۆ نموونە زمانی عەرەبی یان زمانی کوردی بۆ وەسفکردنی زمانی ئینگلیزی بەکاردێت، کاتێك دەمانەوێ ئینگلیزی فێربین، لەم حاڵەتەدا زمانی عەرەبی یان زمانی کوردی دەبێتە زمانێکی وەسفکار و زمانی ئینگلیزیش دەبێتە زمانی خوێنراو. زمانناسان بەگشتی پەنا دەبەنە بەر ئەم حاڵەتە، ئەویش لەکاتێکدا کە دەیانەوێ زمانی پەرتوکەکە دوو زمان بێت، ئەوان زمانی خوێنەر بۆ وەسفکردنی زمانێکی دی بەکاردەهێنن، گەر زانایەکی ئەمەریکی خوێنەرێکی ئەمەریکی فێر بکات، ئەوا زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی هەر زمانێك، بۆ نموونە زمانی عەرەبی یان زمانی کوردی.**

**٣٦- زمانی خوێنراو:**

ئەو زمانەیە کە بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوە بەکاردەهێنرێت و دەرەنجامی خوێندنی زمانەکە بە زمانێکی دی بدرکێندرێت، بەنموونە زمانەکە زمانی عەرەبی یان کوردی بێت، بەڵام بە زمانی ئەڵمانی یان فەرەنسی وەسف بکرێت، یان ئەم حاڵەتە بەپێچەوانەوە بێت.

**٣٧- زمانی پسپۆریی:**

ئاماژە بۆ جۆراوجۆری زمان دەکات، کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی لە کێڵگەی تایبەتیدا، وەك پیشەیی یان تەکنۆلۆژی یان بازرگانی و زانست و پزیشکی و ئەندازە و کیمیا و فیزیا... هتد. بۆ نموونە ئەندازیارێك یان پزیشکێك ئەو دەربڕین و گوتنانە بەکاردەهێنێ، کە تایبەتە بە بوارەکەی یان کارەکەی[٢٤].

**٣٨- زمانی گوتن، زمانی دەربڕاو:**

زمانی گوتن یەکێکە لە هۆکارەکانی پەیوەندی زمانی لەگەڵ زمانی نووسراو، بەوە لێك جیا دەبێتەوە، کە دووبارەکردنەوەی تێدا ڕوودەدات، بەتایبەتی بوونی هەندێ وشە و هەندێ دەربڕین و وەستان و دوودڵی و خلیسکان...هتد. هەروەها جیاوازیش لە وشە و ڕۆنان و ڕێزمانیدا هەیە، زمانەوانەکان بایەخێکی زۆریان بە زمانی گوتن داوە لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکانی زماندا[٢٥].

**٣٩ـ زمانی خەڵکی (میللی):**

ئەو شێوەیە کە لە دەرەوەی بۆنە و شوێنە ڕەسمییەکاندا بەکاردێ، وەك (ماڵ و بازاڕ و ئاهەنگ)، بێ مێژووە و سەربەخۆش نییە، واتە ئاخێوەرەکانی بە زمانێکی سەربەخۆ و جیاوازی لە زمانی یەکگرتوو یان ستاندارد یان دێرینەکە دادەنێن، بەڵام زمانێکی زیندووە[٢٦].

**٤٠ـ زمانی دێرین یان کلاسیك:**

ئەو زمانەیە، کە مێژوویەکی پڕ لە شانازیانەی هەیە و داستان و ئەفسانە لەبارەی بنەچەیانەوە لە ئارادایە، بە پێچەوانەی هەندێ زمانی ترەوە، کە دەستکردن و بێ مێژوویەکی درێژن[٢٧].

لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە دابەشکردنێکی نوێ بۆ جۆرەکانی زمان هەیە، کە بەپێی پایە و پلەی کۆمەڵایەتی و ڕووکاری خەڵکی و میرییە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە[٢٨]:ـ

**١ـ تاکە زمان:**

ئەو زمانەیە کە تەنیا خۆی زمانی میری و نیشتمانییە لە وڵاتدا.

**٢ـ زمانی میری هاوبەش:**

بەو زمانە دەگوترێت کە شانبەشانی زمانی میری و نیشتمانی بەکاردێت.

**٣ـ زمانی میری ناوچەیی:**

ئەو زمانەیە کە لە ناوچەیەکدا پلەی زمانی میری و نیشتمانی هەبێ یان بە ئەرکی ئەو هەڵبستێ.

**٤ـ زمانی هاندراو:**

ئەو زمانەیە کە هەرچەندە پلەی زمانی میری و نیشتمانی ناوچەیی نییە، بەڵام دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەلکی لێوەردەگرن و لە دیدار و چاوپێکەوتن و هەندێ بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیدا بەکاری دێنن.

**٥ـ زمانی چاولێپۆشراو:**

ئەو زمانەیە کە دەزگاکانی میری نەهانی بەکارهێنانی دەدەن و نە لە ڕێگەشیدا دەوەستن، بەڵکو چاوی لێدەپۆشن و هەقیان بەسەریەوە نەماوە.

**٦ـ زمانی قەدەغەکراو:**

ئەو زمانەیە کە میری دانی پێ دانەناوە، حەزناکات بەکاربێت و هەوڵی ئەوەش دەدات نەهێڵێ قسەی پێ بکرێ بەتایبەتی لە شوێنە گشتییەکاندا.

**سیفەتی جۆرەکانی زمان**

(ستیوارت) و (هایمز) پێشنیازی (نۆ) سیفەت دەکەن بۆ (جۆرەکانی زمان)، کە بەهۆیانەوە زمانەکان لەیەکتر جیادەکرێنەوە، کە بەمشێوەیەی خوارەوەن[٢٩]:

١ـ ستانداردکردن: بەلای ستیوارتەوە تەنیا تۆمارکردن بەس نییە، بەڵکو دەبێت ڕەزامەندیی کۆمەڵگاش لەسەر ئەو زمانە هەبێت هەتا پێی بگوترێت زمانی ستاندارد، بەلای ئەوەوە پرۆسەی ستانداردکردن، سیمایەکە بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنرێت، زیاتر لەوەی مۆرکێکی خۆرسك بێت لە خودی زمانەکە، بۆیە پرۆسەی ستانداردکردن لە هەموو کاتێکدا دەکرێت ڕووبدات.

٢ـ زیندوویەتی: ئەمە سیفەتێکە بەهۆیەوە جۆرەکانی زمانی پێ لێك هاوێر بکرێت، بەتایبەتی زمانی یەکەم و دووەم، ئەم سیفەتە زیاتر لەسەر ئەو بنەمایەیە، ئایا کۆمەڵگایەکی ئاخاوتنی زیندوو قسەکەری زگماکی هەیە، یان نا؟ هەر زمانێك زیندوویەتی خۆی لەدەست دەدات، کاتێك کۆمەڵگای ئاخاوتن قسەکەری نامێنێ.

٣ـ مێژوویەتی: ئەمە سیفەتێکە بەهۆیەوە دەتوانرێت زمان بۆ زمانی یەکەم و دووەم دابەش بکرێت، بە تایبەتی لە بارودۆخی زمانی پیجن ( Pidgin Language)، کە لە بنەڕەتدا بە واتایەك بە زمانی دروستکراو دادەنرێت، بەڵام دەتوانێت گەشە بستێنێ، هەر کاتێ کۆمەڵگای ئاخاوتنی بۆ پەیدابوو، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە زمانی یەکەمیان نییە، بەڵکو ئەرکی زمان لێك تێگەیشتن (Lingua Franca) دەبینێت.

٤ـ هاوتوخمیەتی: بەلای ستیوارتەوە ئایا ڕێزمانە بنەڕەتییەکە و وشەسازییەکەی زمانەکە لە هەمان قۆناغەکانی پێشتری خۆی هەڵێنجاوە، یان نا، بۆیەش دەبینین زۆربەی زمانەکانی جیهان خاوەنی هاوتوخمەیتین، چونکە بنەماکەیان قۆناغەکانی زمانی پێش خۆیانن، بەڵام هەندێك لە زمان هاوتوخمیەتییان نییە.

لە ساڵی ١٩٦٨، هەندێك کێشە و گیروگرفت دەربارەی جۆراوجۆری زمانەکان ڕوویدا، بە تایبەتی کە دەتوانرا "گۆڤەر" و (دیالێکت) لێك جیا

بکرێتەوە، بۆیە ستیوارت سیفەتی (هاوتوخمیەتی) بەلاوە نا و سیفەتێکی نوێی بە ناوی (ئۆتۆنۆمی) دارشت.

٥- ئۆتۆنۆمی: ئەم سیفەتە زیاتر پێوەندی بەوەوەیە ئایا ئەوانەی زمانەکە بەکاردەهێنن پێی ڕازین، یان نا؟ لەوەی کە زمانێکی جیاوازە و جیاوازی لەگەڵ زمان و شێوە ئاخاوتنەکانیدا هەیە، هیچ کێشەیەك لەسەر (ئۆتۆنۆمی) دوو زمان، یان دوو دیالێکت ڕوونادات، کە جیاوازییەکی دیار و بەرچاویان لە نێواندا هەبێت، بەڵام کێشە ڕوودەدات، کاتێك لێکچوونێکی بەرچاو لەنێوان زمانی ستاندارد و دیالێکتی هەرێمیی، یان کۆمەڵایەتیدا هەبێت، بە تایبەتی لەلایەن ئەوانەی ئۆتۆنۆمییان بۆ گۆڤەرەکە دەوێت.

چەندین کێشە لە بارەی سیفەتەکانی ستیوارت ڕوویداوە، بە تایبەتی لەسەر سیفەتی (ئۆتۆنۆمی)، کە بەلای نیتشەوە ستانداردکردنە، واتە بوونی تۆمارکردن، بەهۆی نەبوونی ڕەزامەندیی لەلایەن ئەوانەی بەکاری دەهێنن، هەر لەبەر ئەمە (هایمز) سێ سیفەتی نوێی زیاد کرد و بە سیفەتی (مێژوویەتی)شدا چۆوە.

لەم پێداچوونەوەیەدا (هایمز) پشتی بە بۆچوونەکانی (فیشمان) بەستووە، لەوەی کە ئایا کۆمەڵگا پەیوەستە، یان نا بەوەی مێژوویەك بۆ زمانەکە بدۆزێتەوە، بە بۆچوونی ئەو لە ڕابردوودا باو و باپیران هەوڵیان داوە ئەفسانە بخولقێنن، تا بنەچەکە و گەشەسەندن و مێژووی زمانە ستاندارەکە دیاری بکەن.

٦ـ تێکەڵی: ئەم زاراوەیە ئەوە دەگرێتەوە کە ئایا زمانەکە لە بنەڕەتدا **یەکە** و ڕۆنانی خوازراوی وای تێدایە، یان نا، کە لە دەرەوەی سەرچاوەکانی خۆی بێت، بە مانای ئەوەی ئایا زمانەکە وشە و زاراوە و ڕۆنانی بێگانەی تێکەڵ بووە، یان نا، بەڵام لە ڕاستیدا **هیچ** زمانێك نییە، کە بە تەواوی **پەتی** بێت، چونکە زۆربەی زمانەکان لە گەشەسەندندا کەم، یان زۆر ئارەزوومەندی خواستنی یەکە و زاراوە دەبن، کە لە زمانەکانی تر دەیخوازن.

**٧ـ کەمبوونەوە و لەنێوچوون**: ئەم سیفەتە ئەمە دەگرێتەوە، ئایا زمانەکە **کەمترین توخمەکانی** دەنگسازی و ڕۆنانە پێوەندیدارەکان و **کەمترین** وشە و زاراوە **بەکاردەهێنێت**، یان لەوەی کە پەیوەستە بە شێوەی **ئاخاوتنی زمانەکە، واتە** دەنگەکان و ڕۆنانەکان **تووشی** سوانەوە و **کەمبوونەوە بوونە**، یان نا، **هەروەها** وشە و زاراوەکانی کەمبوونەتەوە لەوەی زمانەکە لە **بنەڕەتدا هەیەتی**.

**٨ـ دیفاکتۆی نموونەکان**: ئەم سیفەتە ئەوە دەگرێتەوە، کە نموونە **بەکارهاتووەکان** لە زمانەکە **هەرچەندە** تۆماریش نەکرابن، بەڵام **کۆمەڵگای ئاخاوتن** پێی ڕازین.

**ئەم سیفەتانەی سەرەوە** کە بە سیفەتی نموونەیی دادەنرێن، بۆ ئەوەی **ڕۆنانەکانی زمان و شێوەکانی** ناوەوە لێك هاوێر بکەن، بەڵام پێوەرە

کۆزمانەوانییەکان کاریگەرییان لەسەر ئەرکەکان و پێوەرەکانی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

## دیالێکت

### چەمك و پێناسەی دیالێکت

زاراوەی دیالێکت بۆ یەکەمجار لەلایەن یۆنانییەکانەوە لە شێوەی (Dialektos) بەکارهاتووە، بۆ جیاکردنەوەی زمانی نووسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەکارهێنراوە، بە زمانی ڕەسمی و ئەدەبییان وتووە (Dialektos) و، زاراوەی (Patois)یان بۆ زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەکارهێناوە[٣٠].

ئەم زاراوەیە لە سەدەی شازدەهەم لە سەردەمی ڕاپەڕین (ڕێنسانس) بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی سامانی ئەدەبی ناوچەییەوە بەکارهاتووە، بەهۆیەوە لەم سەردەمەدا وشیاریی ناوچەیی گەشەی کرد و هەوڵدان بۆ جیاوازی کردن لە نێوان (زمان و دیالێکت) بە بڵاوی ئیشی لەسەر کرا[٣١].

لە زمانی کوردیشدا جگە لە زاراوەی دیالێکت، ئەوا زاراوەکانی (زار، شێوەزار، شێوە) بەکاردەهێنرێت، لە زمانی ئینگلیزیش زاراوەی (Dialect) و لە زمانی عەرەبیش زاراوەی (لەهجە) و لە زمانی فارسیش زاراوەی (گویش) بەکاردەهێنرێت.

زمانێکی جێگیر و لەقاڵبدراو و بێ گۆڕانکاری نییە، هەموو زمانەکانی جیهان دیالێکت و شێوەزاری جیاجیا دەگرنە خۆ . کاتێکیش زمانی

بەکارهێنراوی کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر لـە نێو چوارچێوەی هـەمان زمـان جیاوازیی ئاشکرای هەبێت، ئەوە ئەو جیاوازییە پێی دەوترێت دیالێکت. (٣٢)

هـەروەها بـۆ دیـاریکردنی دیالێکتـەکانی زمانێـك تـەنیا پێـوەرە زمانەوانییـەکان بڕیـاردەرنین لەسـەر ناسـنامەی ئـەو دیالێکتـە، بـەڵکو پەیوەندییـە ئـەتنیکی و کلتـووریی و کۆمەڵایـەتی و مێژوویـیـەکان بڕیـاری یەکلاکەرەوە دەدەن . (٣٣)

زمانناسان لە بارەی پێناسەکردنی دیالێکت، هەریەکـەیان بـەپێی ڕوانگـە و بۆچوونی تایبەتییەوە پێناسەیان کردووە، بەو واتایەی لە کۆمەڵێ ڕوانگـەی جۆراوجـۆرەوە لـە دیالێکـت کۆڵدراوەتـەوە و پێناسـەی بـۆ کـراوە، لەوانـە (کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی، سیاسی، مێژوویی، زمانـەوانی،... هتـد). بۆیـە ئێمـەش لێـرەدا هەوڵـدەدەین هەنـدێ لـە پێناسـەکانی دیالێکـت بخەینەڕوو:

کامیل حەسەن بەسیر لە کتێبی (زمانی نەتەوایەتی کـوردی)دا، بەمشـێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:((شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لـە نەتەوەیەکـدا و ئـەم شـێوە لێـدوان و قسـەکردنەش هەرچـەندە، چـەند تایبەتییەکی دەنگسازی و وشەسـازی و ڕستەسـازی خـۆی هەیـە، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا بەشـێکە لـە زمـانی نەتـەوەیی ئـەو خەڵکـە و پەیـدابوونی دیاردەیەکی سروشتییە)) (٣٤).

یوسف شەریف سەعید لە کتێبی (زمانەوانی)دا، بەمجۆرە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((دیالێکت شێوەیەکە لە شێوەیەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی، کە پێکهێن و دانەکانی ڕۆنان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە))[٣٥].

بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین لە کتێبی (زار و شێوەزار)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتیان کردووە:((دیالێکت بوارێکی تەسکتر و پانتایەکی سنووورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە، کە بە زمانە گشتییەکە قسە دەکەن))[٣٦].

محەمەد مەعروف فەتتاح لە کتێبی (زمانەوانی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:((دیالێکت بەو شێوە زمانە دەوترێ، کە کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکدا بەکاری دێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن))[٣٧]، هەروەها (محەمەد مەعروف) لە شوێنێکی تردا بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((شێوەیەکی زمانە، کە بەندە بە ناوچەیەکەوە، بەهۆی واژە و پێکهاتەی ڕێزمانی دەناسرێتەوە و گۆکردنێکی جیاوازیشی هەیە، هەر زمانێك قسەپێکەرانی زۆربێت دیالێکت پەیدا دەبێت، بەتایبەتی کە هۆکاری جوگرافی بێتە بەردەم و خەڵکەکە لە یەکتر جیابکاتەوە))[٣٨].

کەمال میراودەلی لە کتێبی (فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:((دیالێکت شێوەیەکی دیار و جیاکراوەی قسەکردن و ئاخاوتنە، لە چوارچێوەی یەك زماندا، کە قسەکەرانی

ناوچەیەك جیا دەكاتەوە، یاخود كاتێ چینێكی تایبەتی بەشێوەیەكی وا دەدوێن كە زۆر سیما و خاسێتی جیاكەرەوەی لە چینەكانی دی هەیە))[٣٩].

ڕەفیق شوانی لە كتێبی (چەند بابەتێكی زمان و ڕێزمانی كوردی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێكتی كردووە: ((دیالێكت بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەكردن، لە مرۆڤێكەوە بۆ مرۆڤێكی تر)) [٤٠].

ئەحمەد ئەسعەد نادری لە بارەی دیالێكتەوە دەڵێت:((دیالێكت كۆمەڵە تایبەتمەندییەكی زمانییە، سەر بە ژینگەیەكی تایبەتە و هەموو تاكەكانی ئەو ژینگەیە لەو تایبەتمەندییانەدا بەشدارن)) [٤١].

محەمەد حوسێن عەبدولعەزیز بەمشێوەیە پێناسەی دیالێكتی خستۆتەڕوو:((دیالێكت شێوەیەكی زمانی تایبەتە، كە تاكەكەسێك بەكاری دێنێت، بەمەش تاكەكەسەكە لە كۆمەڵگەیەكی زمانیدا تایبەتمەندی خۆی دەبێت)) [٤٢].

ئینسكلۆپیدیای زمانناسی كامبریج بەمشێوەیە پێناسەی دیالێكتی كردووە:(( شێوە ئاخاوتنێكی سەر بە زمانێكە كە ئەو زمانە لەلایەن كۆمەڵێك خەڵكەوە قسەی پێ دەكرێ، كۆمەڵێك ڕەفتاری زمانیی و مەعریفەیی هاوبەشی لەگەڵ ئەو كۆمەڵە خەڵكە هەیە )) [٤٣].

كەواتە لەم پێناسانەی پێشوودا دەردەكەوێت، كە: دیالێكت شێوەی جیاوازی ئاخاوتنە لە چوارچێوەی یەك زماندا، كە دەبێتە تایبەتمەندییەك و

بەهۆیـەوە ئاخێوەرەکـانی ناوچـە جیاوازوکـانی تاکـە زمانێـك لـە یـەکتر جیادەکرێتەوە.

**جۆرەکانی دیالێکت**

دەکرێ جۆرەکانی دیالێکت بەسەر ئەمانەی خوارەوەدا دابەش بکەین[٤٤]:-

**١- دیالێکتی جوگرافی:**

بڵاوبوونەوەی خەڵکی لە چوارچێوەیەکی جـوگرافی فراوانـدا، دەبێتـە هـۆی دروستبوونی کەلێنی فراوان لـەنێوان دیالێکتـە جۆراوجۆرەکانـدا، هەرچـەند ماوەی نێوان قسەکەرانی یەك زمان زیاد بکات، ئـەوا ژمـارەی دیالێکتـەکانی ئەو زمانە زیاتر دەبێت، لەهەمان کاتیشدا جیاوازی نێوان ئەم دیالێکتانە پتر دەبێـت، جـا ئـەو دیالێکتانـەی کـە لـە مـەودای شـوێنەوە سـەرهەڵدەدەن، دیالێکتی جوگرافیی یان هـەرێمی ناودەبرێـت. واتـە هـەر ناوچـەیەك لەگـەڵ ناوچەیەکی تر، شێوازی ئاخـاوتنی جیایـە، بـەجۆرێك هەنـدێ وشـە و زاراوە لەناوچـەیەکی دیـاریکراو بـەکاردێ، بـەبێ ئـەوەی لـە ناوچـەکانی تـر بەکاربێت[٤٥]. هەروەها ئەم دیالێکتە بە دیالێکتی (خـۆجێی)ش ناودەبرێـت، وەکو کوکنی (Cockney) لە لەندەن[٤٦].

هەروەها کاریگـەریی هـەرێمێك لەسـەر زمانـدا لـە هاوسـنووری ئـەو هەرێمـە لەگەڵ هەرێمێکی دیکە پەیدا دەبێت، بۆ نموونە دانیشتوانی (عێراق) لەگـەڵ زمانی فارسـی و تورکیـدا هاوسـنوورن، ئـەویش لەبـەر هۆکـاری جـوگرافیی، بەرانبەر بەمەش دانیشتوانی وڵاتێکی وەك (مەغریب) لەگەڵ ئەم دوو زمانەدا

هاوسنور نین، بەلام لەگەڵ زمانی فەرەنسی و ئیسپانی هاوسنوورن، لەبەرئەوە هاوسنووربوونی زمانەکان بۆ هەر هەرێمێك یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی جیاوازی دیالێکت لە زماندا.

ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی دیالێکتی جوگرافی، ئەمانەن:

أ ـ فاکتەری گۆشەگیری جوگرافی: ئەگەر لەمپەرێکی جوگرافی لەنێوان دوو هەرێمدا دروست بوو، کە بە هەمان زمان قسە دەکەن، ئەوە ئەو لەمپەرە جوگرافییە گۆشەگیرییەکی ڕێژەیی دروست دەکات، کە پەیوەندییە مرۆییەکان کەمتر دەکاتەوە یان هەر نایهێڵێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دیالێکتی جوگرافی، وەکو دەریا و بیابان و چیاکان، کە لەمپەری جوگرافین.

ب ـ فاکتەری گۆشەگیری سیاسی: ئەگەر سنووری سیاسی لەنێوان دوو هەرێمدا دروست بوو، کە یەك زمانیان هەیە، یان جوڵەی دانیشتوانی ئەو هەرێمە سنووردار کرا و، ئەم حاڵەتەش ماوەیەکی زۆری خایاند، ئەوە جیاوازی لە نێوان دیالێکتەکان دروست دەبێت. ئەوەی ڕاستی بێت دیالێکتی جوگرافی لە زمانە جۆراوجۆرەکان دروست دەبێت، هەرچەندە ڕووبەری ئەو وڵاتەش بچووك بێت، بۆ نموونە هەر وڵاتێکی عەرەبی دیالێکتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، وەکو دیالێکتی عێراقی، سووری، میسری، فەلەستینی، تونسی، بگرە لە هەر شارێکی سەرەکی وڵاتێکدا یەك

دیالێکت هەیە، کە لەوانی تر جیای دەکاتەوە، بەجۆرێك دەتوانرێت بەهۆی ئەو دیالێکتەوە وڵاتی یان شاری قسەکەرەکە بزانرێت.

**٢- دیالێکتی کۆمەڵایەتی:**

چەندەها جیاوازی لەنێوان خەڵکیدا لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە هەن، فاکتەری ئابووری و ئاستی ڕۆشنبیری تاك کاریگەری لەسەر دیالێکتەکەی هەیە، لەبەر ئەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانی قسەکەری خوێندەوار و فاکتەری نەخوێندەوار لەکاتی قسەکردندا لەیەکدی جیا بکەیتەوە، دیالێکتی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ لەگەڵ نەخوێندەواردا جیاوازی هەیە، دیالێکتی نوخبە لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی زۆر جیایە، دیالێکتی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، خاوەنەکەی جیا دەکاتەوە. واتە ئەم جۆرە دیالێکتە پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندن و لایەنی نەتەوەییەوە هەیە، کەواتە بەگوێرەی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری کەسێك لەگەڵ کەسانی تر جیاوازی لەنێوان ئاخاوتنیان دەبێت[٤٧].

**٣- دیالێکتی تاکەکەسی:**

ئەگەر دوو کەس سەر بە هەرێمێکبن، بگرە لە گەڕەکێکدا بژین، یان دوو برا و لەیەك ماڵدا ژیان ببەنە سەر و یەك ئاستی خوێندەوارییان هەبێت، ئەوا چەندەها جیاوازی لە شێوەی قسەکردنیاندا هەیە، هەریەکەیان بەشێوەیەکی تایبەت قسە دەکەن، کە لەوی دی جودای دەکاتەوە، ئەم

دیالێکتـه تایبەتـە، مـرۆڤ لـە بـرادەر و خـزم و دراوسـێ و بـرادەران جـودا دەکاتەوە. کەواتە ژمارەی دیالێکتی تاکەکەسی بەقەد ژمارەی قسەکەرانە.

**٤- دیالێکتی ڕەچەڵەکی:**

ئەگـەر لـە شـوێنێکدا کەمینەیـەك هـەبێت، ئـەوا ئـەو کەمینەیـە دیـالێکتی باڵادەستەکە بەشێوەیەکی تایبەت بەکاردەهێنێت، ئەم دیالێکتە تایبەتـەش لـە تێکەڵکێشکردنی زمـانی کەمینـە و زمـانی زۆرینـەوە پەیـدا بـووە، ئـەم تێکـەڵکێش بوونـە دیـالێکتێکی تـازە دروسـت دەکـات. بـە نموونـە ڕەشپێستەکانی ئەمـەریکا دیـالێکتێکی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، کـە بـە (دیـالێکتی ڕەشپێسـتەکان) یـان (ئینگلیـزە ڕەشپێسـتەکان) ناودەبرێـت، هیندییەکان لە ئەمەریکا بەشێوەیەك قسە دەکەن، کە دەکرێ نـاوی بنـێین (ئینگلیزی هیندی))، تورکەکان لە ئەڵمانیا بە زمانێکی ئەڵمانی تایبەت قسـە دەکەن، کـە لەگـەڵ ئـەڵمانی ئەڵمانییـەکان جیـاوازی هەیـە و دەتـوانین بـە دیالێکتەکەیان بڵێین (ئەڵمانی تورکی).

**٥- دیالێکتی پیشەیی:**

هەر پیشەیەك زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە، هەر پیشەیەك دیالێکتی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەنـدازیارەکان زاراوەی وا بـەکاردەهێنن، کـە لـە زاراوەکـانی پزیشـکیدا بـەکارناهێنرێت، ئـەو زاراوانـە تایبـەت بـە زاراوەی ئەنـدازیارین و پەیوەندییان بـە بـواری تـری وەك کشـتوکاڵ و یاسـا و ژمێریارییـەوە نییـە، چـونکە لەوانەیـە زۆرجـار کەسێك نازانـێ لـە دەوروپشـتیدا چـی دەوترێـت

(تەنانەت بە زمانی زگماکی خۆیشی قسەکان دەوترێت)، ئەویش لەبەر دیالێکتی پیشەییە، وەك ئەوەی زۆرجار پزیشکەکان لە بەرانبەرت قسەیەك دەکەن، لەوانەیە قسەکە سەبارەت بە تۆش بێت، بەڵام نازانی ئەوان چ دەڵێن، کە زمانی پیشەیی پزیشکی بەکاردەهێنن. واتە هەر پیشەیەك خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی خۆیەتی، کە بەهۆیەوە لەگەڵ ئاخاوتنی پیشەکانی دی جیا دەکرێنەوە، بۆ نموونە:((پزیشك، فیتەر، ئەندازیار، مامۆستا، کرێکار،...هتد)). هەریەکەیان کۆمەڵێ وشە و زاراوە بەکاردەهێنن، کە تایبەتە بە ئاخاوتنی خۆیانەوە، بۆ نموونە گەر ئاخاوتنی پیشەیی زێڕینگری وەرگرین، دەبینین وشەکانی (عەیار، مسقال، حەبە، سەنت،... هتد) بەکاردەهێنرێت، لەهەمان کاتیشدا گەر پیشەی مامۆستایی وەرگرین، دەبینین دەیەها وشەی تر بەرچاومان دەکەوێت و بەکاردێت، کە جیایە لەگەڵ پیشەکانی تر، وەکو (تەباشیر، ڕەحلە، ماجیك... هتد)[٤٨].

**٦ـ دیالێکتی تەمەنی:**

ئایا منداڵی تەمەن سێ ساڵ لەڕووی ڕێزمان و سیستەمەکانی چۆن قسە دەکات، چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات؟ لەبەر ئەوەی شێوەی ئاخاوتنی منداڵ جیاوازە لەگەڵ گەوران، منداڵ لە قۆناغی منداڵیدا بەو شێوەیەیە کە گەورە دەیانەوێ، منداڵ لە کێبرکێدایە لەگەڵ زماندا لەڕووی دەنگ و وشە و ڕێزمانەوە، ئەو لە هەوڵداندایە بۆ لاساییکردنەوەی جووڵە بە

بیرکردنەوە، بەشێوەیەك کە دەرەنجام دیالێکتێکی تایبەتی بۆ دروست دەبێت، کە لەگەڵ دیالێکتی گەورەکاندا جیاوازییەکی بۆ دروست دەبێت.

**- دیالێکتی ڕەگەزیی(جێندەر):**

قسەکردنی پیاو لە قسەکردنی ئافرەت جیاوازە، دەربڕینی ئافرەتان لەگەڵ دەربڕینی پیاوان جیاوازی هەیە، چ لە ڕووی شێواز و چ لە ڕووی جووڵەکانی لکاو بە زمانەوە، هەروەها لە ڕووی پلەی دەنگی لە بەکارهێنانی هەندێك وشە، لە بەکارهێنانی دەنگی سەرسوڕمان یان گوزارشەکانی سەرسوڕمان، ئەم وردەکاریی و جیاوازیانە وا دەکەن کە دیالێکتێك بۆ پیاوان و دیالێکتێك بۆ ژنان لەسەرتاپای زمانەکاندا دروست ببێ، واتە پیاوان بە زمانێك قسە دەکەن جیاوازە لە هی ئافرەتان.

**٨ـ دیالێکتی کاتی:**

گەر بڕوانینە زمانێك و لە مێژووی هەزار ساڵەی ئەو زمانە بکۆڵینەوە، لەڕووی لۆجیکیەوە وا پێشبینی دەکرێت ئەو زمانە بە چەند دیالێکتێکی جۆراوجۆر قسەی پێکراوە، لەوانەشە هەندێك لەو دیالێکتانە ئێستا نەمابێ، کە هەندێك لەو دیالێکتانە تاکو ئێستا ماون و قسەیان پێ دەکرێت، ئەوانە دیالێکتی زیندوون، بەڵام سەبارەت بە دیالێکتە لەناوچووەکان سەختە کە باس بکرێن، چونکە دەنگەکانیان تۆمارنەکراون، کەچی زمانەوانی مێژوویی باس لەو مەسەلەیە دەکات و هەوڵدەدات ئەو دیالێکتانە دەست نیشان بکات.

**٩ـ دیالێکتی لادێیی و دیالێکتی شارستانی:**

له هەر هەرێمێکدا چەندەها شار و لادێ هەن، له زۆر حاڵەتیشدا دیالێکتی شار له دیالێکتی لادێ جیاوازتره، هەر وڵاتێك لەو بوارەدا دەتوانێت دیالێکتی گوندان و شارنشین له یەك ناوچەی جوگرافیدا جیا بکاتەوه، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوه: یەکەمیان، ئەوەیه که دانیشتوانی شار زیاتر لەگەڵ خەڵکی دی تێکەڵ دەبن و له گوندەکان زیاتر تێکەڵییان هەیه، چونکه شار سەنتەری گوندەکانه، بەمشێوەیه شار دەبێته کەناڵێکی گەیشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی، که خاوەن ڕۆشنبیریی و شێوەزارگەلێکی جۆرن، دووەمیش، بەگشتی شارنشینەکان ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزتره، ئەم دوو هۆکاره دەبنه هۆی ڕوودانی جیاوازی لەنێوان دیالێکتی لادێیی و دیالێکتی شار.

**١٠ـ دیالێکتی ڕەمەکی:**

هەموو زمانێك دیالێکتی ڕەمەکی هەیه، ڕەمەکی دیالێکتێکی دیاریکراوه، که خەڵك ڕۆژانه قسەی پێدەکەن، ئەم دیالێکته زمانی ئاخافتنه له بازاڕ و له ماڵدا و، زمانێکی نافەرمییه و له کورته ڕسته و وشەی بەکارهێنراو و پێکهاته سادەکان دروست بووه و بەرانبەرەکەشی زمانی پەتییه. واته بەو قسه و ئاخاوتنانه دەوترێت، که لەسەر شەقام و کۆڵانەکان و گازینۆ و بازاڕ و چایەخانەکان بەکاردێت، ئەمجۆرەیان له ئاخاوتندا شێوەیەکی ڕەمەکی

پێوە دیارە، بە واتایەکی تر ئەمجۆرەیان لەهەموو جۆرەکانی تری دیالێکت نزمترە.[٤٩]

**١١- دیالێکتی پەتی:**

دیالێکتی پەتی زمانی ئەدەب و زانستە، زمانی فێرکردن و وانەوتنەوەی زانکۆکانە. ئەم جۆرە دیالێکتە قسە و ئاخافتنی ڕەمەکی و بازاڕیی و پڕوپووچی تێدا نییە و، وردەکارییەکی زۆری تیادایە لەڕووی هەڵبژاردنی وشە و ڕەسەنایەتی ڕێزمانی. لەزۆر زماندا کەلێنەکانی نێوان ڕەمەکی و پەتی زۆرن و لە هەندێ زمانی دیشدا کەلێنەکان کەمن. واتە بەو دیالێکتە دەوترێ کە دەبێتە شێوەیەکی فەرمی، بەهۆیەوە نووسین و خوێندن بەمجۆرە دیالێکتە دەبێت، هەر بۆیەشە هەندێ جار بەم دیالێکتە دەوترێ دیالێکتی فەرمی.[٥٠]

## جیاوازی نێوان دیالێکتەکان

لەنێوان دیالێکتەکانی یەک زماندا چەندەها جیاوازی لەچەندەها بواری جۆراوجۆردا هەن، کە ئەمانەن[٥١]:

١- جیاوازی دەنگی: دیالێکتەکان جیاوازییان لە بواری دەنگدا هەیە، ئەوەی زانراوە کە دەنگەکان لە زماندا بۆ دوو بەش پۆلێن دەکرێت: دەنگی چەسپاو کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی ناگۆڕدرێن، وەکو (م، ب، س) لە زمانی عەرەبیدا. دەنگی گۆڕاو کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، وەکو (ق، ث، ج، ذ) لە زمانی عەرەبیدا، بۆ

نموونـه (ق) لـه زمـانی عەرەبیـدا لەوانەیـه بـه (ق) یـان (گ) یـان (ء) بدرکێنرێت. دەنگی (ث) بە(ث) یان(ت) یان(س) بدرکێنـدرێت، یـان (ج) لەوانەیە وەك (ج) یان (گ) بەکاربهێنرێت، یان (د) لەوانەیە بە(ذ) یان وەکو (ز) بدرکێندرێت.

هـەروەها هـەموو (ك)ێکـی پـێش (یٚ) بـه دەنگـی (چ) دەخوێندرێتـەوە، هەروەها له کرمـانجی ژووروش، لـه زۆر حاڵەتـدا (و) دەبـێ بـه (ڤ).وەکو: چاو ← چاڤ

٢ـ جیاوازی ڕێزمانی: لەوانەیە دیالێکتەکانی سـەر بـه یـەك زمـان لـه بـواری ڕێزمانیشدا جیاوازبن، ئەم جیاوازییانه لەنێوان دیالێکته ڕەمەکییەکانی یـەك زماندا هەر لەزیادبووندان، هەروەك زۆر بە ڕوونی جیاوازی لەنێوان دیالێکتی ڕەمـەکی و دیـالێکتی پـەتی لـه زمـانی کوردیـدا دەردەکـەوێت. تەنانـەت جیاوازی ڕێزمانیش له نێوان کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕستدا هەیـه، وەکو جێناوه کەسییەکان لـه کرمـانجی سـەروو دوو کۆمەڵەیـه، کەچـی لـه کرمانجی ناوەڕستدا یەك کۆمەڵەیه، و جێناوی لکاویش له کرمـانجی سـەروو یەك کۆمەڵەیه، کەچی له کرمانجی ناوەڕاستدا چوار کۆمەڵەیه[٥٢].

٣ـ جیاوازی وشەیی: هەندێك دیالێکت هەن که وشـەگەلێك بـەکاردەهێنن لـه شێوەزارەکانی دیدا بەکارناهێنرێت، بـۆ نموونـه لـه کـوردی پەتیـدا دەڵـێین (ڕۆیشت)، بەڵام لـه ڕەمەکیـدا دوتـرێ (ڕۆیـی)، لـه کـوردی پەتیـدا دەڵـێین (لەکوێ)، بەڵام له ڕەمەکیدا دەڵێین (لەکێندەر). هەروەها له پەتیدا دەڵێین

(ئەوە)،بەڵام لە ڕەمەکیدا دەڵێین (ئەوێهێ) و لە پەتیدا دەڵێین **(ئەوانە)**، بەڵام لە ڕەمەکیدا دەڵێین (ئەوانێهێ)، بەمجۆرە هەزارەها نموونە **هەن کە** دەلالەت دەکەنە سەر جیاوازییەکانی وشە لەنێوان دیالێکتەکانی یەك **زماندا.**

## هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکت

بێگومان کۆمەڵێ هۆکار هەن، کە دەبنە هۆی دروستبوونی **دیالێکت و** پەرەسەندنی لە نێو زماندا، لێرەدا باسی هەندێ لەو هۆکارانە دەکەین[٥٣]:

١ـ هۆکاری کۆمەڵایەتی: ئەمە پەیوەندیی بە نەریت و خووڕەوشتی **ناو** کۆمەڵگە و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، **لەبەرئەوەی** دانیشتوانی ناوچەکان لە ڕووی نەریت و خووڕەوشت و **دەستووره** کۆمەڵایەتییەکان و ئەندازەی ڕۆشنبیریی و بیرکردنەوە جیاوازن، **ئەم** جیاوازییە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی دیالێکتەکە.

٢ـ هۆکاری سیاسی: دوو لایەن دەگرێتەوە:

أ ـ میللەتێك خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی نەبێت، بەڵکو لە **قۆناغێکی** گواستنەوەدا بێت.

ب ـ حکومەتی ناوەندی بوونی هەیە، بەڵام لەبەر فراوانی **سنووری** دەسەڵاتەکەی، ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا **بسەپێنێت،** بۆیە دەسەڵاتی ناوەند لاواز دەبێت، واتە فراوانبوونی دەوڵەت و **زۆربوونی** ناوچەکانی و جیاوازی گەلەکانی ژێر دەسەڵاتەکەی، دەبێتە **هۆی لاوازبوونی** دەسەڵاتی دەوڵەتەکە بەسەر ناوچەکانی تریەوە، **ئەم هۆیەش دەبێتە**

پارچەبوونی، دابەشبوونی وڵات بەسەر هەرێم و ویلایەت و ئیمارات و وڵاتی بچووکتر دابەش دەبێت، ئەمەش بەهۆیەوە وا دەکات کە هەر شوێن و ناوچەیەك ببێتە خاوەنی شێوە ئاخاوتنێکی تایبەت.

٣- هۆکاری جوگرافیایی و سروشتیی هەڵکەوتوویی ناوچەکە: ئەمەش لە دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا دەبینرێت، کە لەژێر باری ئاو و هەوا و ڕووبار و دەریا و شاخ و چیا و لایەنی تری سروشتی وڵاتدایە، دواجار ئەم جیاوازی سروشتییە وا دەکات جیاوازی شێوازی زمانیش دروست ببێت.

٤- ڕادەی ڕۆشنبیریی و دواکەوتوویی کۆمەڵگە: وا دەبێت شوێنێ لەچاو شوێنێکی تری وڵاتەکە لە ڕووی لایەنی ڕۆشنبیریی و خوێندنەوە جیاوازبێ، کە ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆی جیاوازیی بیرکردنەوە و ئاخاوتنی یەکتری.

٥- جیاوازی لەڕووی لایەنی دەنگسازییەوە: واتە لەڕووی فۆنیمەوە جیاوازییان دەبێ، ئەم جیاوازییەش لەڕووی ژمارەی فۆنیمەکانەوە نییە، بەڵکو لەڕووی گۆڕینی فۆنیمەکانەوە دەبێت، بۆ نموونە لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا وشەی (نووسی) بەکاردێ، بەڵام لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا (نڤیسی) بەکاردێ.

٦- هۆکاری ئابووریی: بەهۆی جیاوازی چالاکی و ئیش و کار و پیشەی جیاجیای خەڵك لەناو کۆمەڵدا، وەکو ئەوەی هەر جۆرە چین و توێژ و تاقم و کۆمەڵە خەڵکێکی هاوکار و هاوپیشە، دیالێکتێکی تایبەتییان بۆ دروست

دەبێت، کە هەر پیشەیەك وشە و زاراوە و دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە و دیالێکتی بچووك پەیدا دەکەن[٥٤].

٧ـ هۆکاری میللی، کە لەناو دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، وەك جیاوازی لە نێوان خەڵکەکە، لە ڕووی تیرە و تایەفە و هۆزەوە، کە هەریەکە سەر بە جۆرە تیرەیەکە و، جیاوازی نێوان خەڵکی ناوچەکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیالێکت لەناو زماندا[٥٥].

٨ـ هۆکاری کەسی و جیاوازی قسەکردن: تایبەتێتی و کەسایەتی مرۆڤ وا دەکات، کە هەڵسوکەوتی مرۆڤێك جیاواز دەبێت لە هەڵسوکەوتی مرۆڤێکی تر، ئەم تایبەتییە لە قسەکردنیشدا دەردەکەوێت، ئەمە لە ژیانی ڕۆژانە بۆمان دەرکەوتووە، کە دەنگ و شێواز و قسەکردنی کەسێك، لە دەنگ و دەربڕین و شێواز و ئاخاوتنی کەسێکی تر جیاوازە و ئەم جیاوازییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت[٥٦].

## دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لای شارەزا و پسپۆڕانی کورد و غەیرە کورد لە کۆنەوە تاکو بە ئەمڕۆ دەگات، بە چەندین شێواز و جۆری جیاجیاوە دابەش کراوە، بۆیە لێرەدا هەندێ لەو دابەشکردنانە دەخەینەڕوو:

شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی (شەرفنامە)[٥٧]دا، بەمشێوەیەی خوارەوە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

**١ـ کرمانج ٢ـ لوڕ ٣ـ کەلهوڕ ٤ـ گۆران**

محەمــەد مــەردۆخی لــە کتێبــی (مێــژووی کــورد و کوردســتان) [٥٨]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

**١ـ کرمانج ٢ـ گۆران ٣ـ لوڕ ٤ـ کەلهوڕ**

محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبی (خلاصە تاریخ الکرد و کردستان من اقدم العصور التاریخیە حتی الان) [٥٩]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشـێوەیە دابەشکردووە:

**١ـ کرمانجی ڕۆژهەڵات**

**٢ـ کرمانجی ڕۆژئاوا**

**٣ـ کرمانجی باشووری ڕۆژئاوا**

شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی (خاڵ) [٦٠]دا، بەم شێوەیەی خـوارەوە دیالێکتەکانی زمانی دابەشکردووە:

**١ـ زازا**

**٢ـ کرمانجی دەستە چەپ (شمالیی): (بۆتانی، بادینی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).**

**٣ـ کرمـانجی دەسـتە ڕاسـت: (سـۆرانی، بابـانی، موکریـانی، ئـەردەلانی، کەلهوڕی، گۆران).**

**٤ـ لوڕی (بەختیاری، لەکیی، فەیلی).**

تۆفیق وەهبی، بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی **کوردی** دابەشکردووە[٦١]:

١ـ کرمانجی

**أ ـ کرمانجی ژووروو: (، بۆتانی، ئاشیتایی، هەکاری، بادینانی، بایەزیدی).**

**ب ـ کرمانجی حواروو: (موکری، مەهابادی، سۆرانی، سولەیمانی، سنەیی).**

**٢ـ لووڕی: (بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەلهوڕی، مامەسەنی).**

**٣ـ گۆران: (باجەلانی، کاکەیی، زەنگەنە، هەورامی).**

٤ـ زازا.

فوئاد حەمە خورشید لە کتێبی (زمانی کوردی ـ دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی)[٦٢]، بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

**١ـ کرمانجی باکوور: (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا).**

**٢ـ کرمانجی ناوەڕاست: (موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی).**

**٣ـ کرمانجی باشوور: (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەك، کەلهوڕ).**

**٤ـ گۆران: (گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا).**

زوبێر بیلال لە کتێبی (مێژووی زمانی کوردی) [٦٣]دا، **بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:**

**١ـ کۆمەڵی ژووروو (کرمانجی)          ٢ـ کۆمەڵی خواروو (سۆرانی)**

جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)[٦٤]دا، بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

**أ ـ دوو شێوە بنچینەییەکە:**

**١ـ کرمانجی ژووروو: (بۆتانی، جزیرەیی، هەکاری، بادینانی، ئاشیتەیی، بایەزیدی).**

**٢ـ کرمانجی نێوەڕاست: (سلێمانی، سنەیی، ئەردەلانی، گەرمیانی، هەولێر، کەرکووکی، سۆرانی، موکری، شارباژێری، پشدەری).**

**ب ـ دوو شێوە لاتەنیشتەکە:**

**١ـ کرمانجی خواروو: (ژێروو): (فەیلی، کرماشانی، لەکی، کەلهوڕی، خانەقینی، لوڕی).**

**٢ـ کۆمەڵە شێوەی گۆرانی ـ زازایی (گۆران، زازایی، هەورامانی).**

عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە کتێبەکانی (سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی)[٦٥] و (بۆ زمان)دا[٦٦]، زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

**١ـ لووڕ.      ٢ـ کرمانجی ژوور: (بۆتانی، هەکاری، بادینانی، بایەزیدی، ئاشیتایی).**

**٣ـ گۆران: (هەورامی).      ٤ـ کرمانجی خواروو: (سۆرانی، سلێمانی، موکری، گەرمیانی).**

تاهیر سادق لە کتێبی (ڕێنووس - چۆنیەتی نووسینی کوردی) [٦٧]، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە خستۆتەڕوو:

**١- زازا ٢- لوڕی (بەختیاری، لەکیی، فەیلی، ڕۆژبەیانی).**

**٣- کرمانجی**

**أ - کرمانجی سەروو: (بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).**

**ب - کرمانجی خواروو: (سۆرانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەلهوڕی، گۆرانی).**

کەمال فوئاد لە وتاری (زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان) [٦٨]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە خستۆتەڕوو:

**١- کرمانجی سەروو. ٢- کرمانجی خواروو. ٣- کوردی باشوور.**

**٤- گۆران و زازا.**

محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا) [٦٩]، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

**١- شێوەی کرمانجی سەروو یا ژووروو (بۆتانی، هەکاری، دیاربەکری، بادینانی، ماردین،... هتد).**

**٢- شێوەی کرمانجی ناوەڕاست: (سۆرانی، موکریانی، سلێمانی، کەرکووکی).**

**٣- شێوەی کرمانجی خواروو: (هەورامان، لوڕی، باجەلانی، زازای).**

وەکو دەردەکەوێت ئەم دابەشکردنانە زۆربەیان لەسەر بنەمایەکی زانستیی دانەنراون، هەروەها لێکۆڵەران زیاتر لە ناوێکیان بۆ دیالێکتەکان بەکارهێناوە و بە تەواوەتی سنووری جوگرافیی دیالێکتەکانیان دیاری نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکرنەکانی تۆفیق وەهبی و فوئاد حەمە خورشید لە ڕووی زانستییەوە نزیکن و دەکرێت پشتییان پێببەسترێت .

## جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت

کۆزمانەوانەکان تاکو ئێستا نەگەیشتوونەتە بڕیارێکی ڕەها و پێوەرێکی ڕاست و دروست لەبارەی سنووری جیاکردنەوەی نێوان زمان و دیالێکت، بەجۆرێك هەندێ لە کۆزمانەوانەکان سێ بنەمایان بۆ جیاکردنەوەکە دەست نیشان کردووە، ئەوانیش بریتین لە (بنەمای لەیەکتر گەیشتن، بنەمای قەبارە، بنەمای ناودار) [٧٠]، بەڵام هەر سێ بنەماکە لە کەموکووڕی بەدەر نییە. هەندێکی تر جیاوازییەکان لە چەند ڕوانگەیەکی ترەوە سەیر دەکەن، لەوانە (بەستاندەربوون، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، بەکارهێنان، مێژوویی، سیمانتیکی و لێکتێگەیشتن) [٧١]، بەڵام ئەمەشیان سنوورێکی تەواوی جیاکردنەوەی نێوان زمان و دیالێکت ناکێشێت.

کەواتە جیاوازییەکانی نێوان زمان و دیالێکت ڕێژەیین، بە واتایەکی دی سنوورێکی ڕەها و سەداسەدی جیاکەرەوەی نێوان زمان و دیالێکت لە ئارادا نییە، بۆیە جیاوازییەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشان بکەین[٧٢]:

١ـ زمان لایەنێکی گشتی و سنوورێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە، بەهۆیەوە بەهەموو لایەکی وڵاتدا پەلدەکێشێ، تارادەیەکیش هەموو دیالێکتەکان کۆدەکاتەوە، بەڵام دیالێکت ناوچەیەکی سنووری جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە، واتە لایەنێکی تایبەتییە.

٢ـ زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە، کە لەنێوان دیالێکتەکانی زمانەکەدا هەن، بەڵام دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروست دەبێت، کە لەناو زماندا هەیە، بۆیە جیاوازییەکی زۆریان لەسەر ئەم رێککەوتنە هەیە.

٣ـ زمان پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن، بەڵام دیالێکت پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر گەیشتن، واتە ئەگەر قسەکەرانی دوو دیالێکت لەیەکتر گەیشتن، ئەوا ئەو دوو دیالێکتە، زمانێك پێکدەهێنن، بەڵام ئەگەر قسەکەرانی دیالێکتەکان لەیەکتر نەگەیشتن، ئەوا هەریەك لەمانە بەرەو ئاراستەیەکی زمانی سەربەخۆ دەڕۆن. (٧٣)

٤ـ بەشێوەیەکی گشتی زمان بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەکرێت: (زمانی نووسراو، زمانی بینراو، زمانی جەستە، زمانی ڕەنگ، زمانی ڕووخسار، زمانی دەق، زمانی شیعریی، زمانی ئاخاوتن، زمانی یەکەم، زمانی دووەم، زمانی سەرچاوە،...هتد)، بەڵام دیالێکت ئەم جۆرە دابەشکردنانەی نییە، بەڵکو دیالێکت ئەمجۆرانە دەگرێتەوە: ((دیالێکتی پەتی، دیالێکتی

ستاندارد، دیالێکتی جوگرافی، دیالێکتی فەرمی، دیالێکتی ڕەمەکی، دیالێکتی کۆمەڵایەتی، دیالێکتی پیشەیی،...هتد).

٥- زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێت، بەڵام دیالێکت بەپێی ڕەگەز و جوگرافیا و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبێ.

٦ـ زمان لەلایەن تێکڕای دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام دیالێکت لەلایەن بەشێکی دیاریکراوی دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێت[٧٤].

٧- زمان ڕێنووسی ستاندارد و ڕێزمانی هەیە و لە فێرگە و دامەزراوەکان و میدیاکان... هتد بەکاردێت، بەڵام دیالێکت مەرج نییە لە فێرگە و دامەزراوەکاندا بەکاربێت[٧٥].

٨ـ زمان بەرهەمێکی دەستکرد و پلان بۆ داڕێژراوە، بەڵام دیالێکت بەرهەمێکی سروشتی ناوچەیەکی دیاریکراوە[٧٦].

٩- هەندێکی دی پێکهاتی زمانیی وەك جیاوازی ڕێزمان دەکەن بە پێوەر، واتە ئەگەر پێکهاتە زمانییەکە لەیەك نزیك بوو یان وەك یەك بوو، ئەوە دوو دیالێکتی زمانێکە، ئەگەر لە یەك دوور بوون، ئەوە دوو زمانن.[٧٧]

## پەراوێزەکان

١- محمد معروف فتاح (د)(٢٠٠٨)، زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی، دەستنووس، ئەکادیمیای کوردی، ل ٣ - ٤٠.

٢- فردیناند دی سوسور (١٩٨٨)، علم اللغة العام، ترجمة یوئیل یوسف عزیز، الموصل، ص ٢٧.

٣- محمد معروف فتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحکمه)، بەغدا،ل ٥.

٤- محەمەد مەحوی (د)(٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان - سەرەتایەک بۆ زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ل ١١.

٥- محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

٦- هەمان سەرچاوە، ل ٥.

٧- فؤاد مرعي (٢٠٠٢)، في اللغة و التفكير، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق، ص ٧.

٨- محمد على الخولي(د)(٢٠٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان - اردن، ص ١٢.

٩- محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل ٥.

١١- ستيفن اولمان (١٩٨٦)، دور الكلمة في اللغة، ت. كمال محمد بشير، مكتبة شباب، بغداد، ص ٣٣.

١٢- حاتم صالح الضامن (١٩٨٩)، علم اللغة، طبعة الاولى، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بيت الحكمة، بغداد، ص ١٣٢.

١٣- احمد مطلوب (د)(١٩٨٩)، معجم النقد العربي القديم، بغداد، ص ٢١٦.

١٤- التهامي الراجي(د)(١٩٨٦)، توطئة لدراسة علم اللغة التعاريف، بغداد، ص ٤٥.

١٥- محمد شفيق غربال (١٩٨٠)، الموسوعه العربيه الميسره، الجزو ٢، دار النهچه، لبنان، ص ١٥٧.

١٦- محەمەد محەمەد یونس عەلی(د)(٢٠١٠)، دەروازەیەك بۆ زمانەوانی، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٢٨.

١٧- محمد معروف فتاح، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

١٨- الموسوعة العربية العالمية (١٩٩٩)، الطبعة الثانية، مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، الرياض، ص ١٢٢.

١٩- نوم تشومسكى (١٩٩٣)، المعرفة اللغوية (طبيعتها وأصولها واستخدامها)، ترجمة: محمد فتيح، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، القاهرة، ص ٧٨.

٢٠ـ جمعة سيد يوسف (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغـة والمـرض العقلـي، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ص ٥٧.
٢١ـ محمد معروف فتاح(١٩٨٥)، هێماكاری و زمانەوانی، گ. كاروان، ژ(٢٨)، ل ١٠٧.
٢٢ـ غازی عەلی خورشيد (٢٠١١)، زمان و زمانی ستاندارد بـۆ كـورد، بەشی يەكەم، ڕ. ئاسۆ، ژ.(١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٧/٩، ل ١٤.
٢٣ـ زۆربەی جۆرەكانی زمان لەم سەرچاوە وەرگیراوە: محمـد علـى الخـولي (١٩٩٨)، دراسات لغوية، دار الفلاح للنشر والتوزيع، ص٢٥ ـ ٣٤.
٢٤ـ يوسف شەريف سەعيد(د)(٢٠١١)، زمانەوانی، ل ٢٤٤.
٢٥ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤.
٢٦ـ محمد معروف فتاح (د)(٢٠٠٨)، زمانی سـتاندەرد و زمـانی يـەكگرتووی كوردی، دەستنووس، ئەكاديميای كوردی، ل ٤٠.
٢٧ـ هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.
٢٨ـــ محمـد معـروف فتـاح (د)(١٩٨٦)، سـنوور و بنـەما و ئەركـەكانی كۆزمانەوانی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٢)، ل ١٢٥.
29- Ali Mahmood jukil (2004), The process of standardization with reference to Englishand Kurdish languages. P.H.D., University of Salahadin, Erbel, p. 8 – 9.

٣٠ـ عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد(٢٠٠٩)، ئەتڵەسی زمانی - هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نموونە، نامەی ماستەر، ل ١٠، ئەویش وەریگرتووە لە: - Dialetology, J. K. Chambers and Peter Trudgill, p. 3.

٣١ـ بەکر عومەر عەلی(د) و شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ٧.

٣٢ـ غازی عەلی خورشید(٢٠١٢)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٢٤.

٣٣ـ سوداد ڕەسوڵ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟، گ. زمانناسی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢، ل ٢٨ .

٣٤ـ کامل حسن بصیر(د)(١٩٨٤)، زمانی نەتەوایەتیی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،ل ١٥.

٣٥ـ یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١١)، زمانەوانی، ل ٢٤٧.

٣٦ـ بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ١٣.

٣٧ـ محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحکمە)، بەغدا، ل ١٠٥.

٣٨ـ محمد معروف فتاح (د)(٢٠٠٨)، زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی، دەستنووس، ئەکادیمیای کوردی، ل ٤ ـ ٥.

٣٩ـ کەمال میراودەلی(د)(٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ل ٤٥.

٤٠ـ ڕەفیق شوانی(د)(٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ٦٦.

٤١ـ احمد اسعد النادري (د) (٢٠٠٥)، فقه اللغة ـ مناهله و مسائله، المكتبة العربية، بيروت ـ لبنان، ص ١٤٠.

٤٢ـ محمد حسين عبدالعزيز (د)(١٩٨٣)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، القاهرة ـ مصر، ص ١٥٩.

سوداد ڕەسوڵ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟، گ. زمانناسی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢، ل ١٥ . ٤٣ـ

٤٤ـ محمد علي الخولي (د)(٢٠٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، اردن، ص ١٦٣ — ١٦٨.

٤٥ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٠)، کوردۆلۆجی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٧٢.

٤٦ـ یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١١)، ل ٢٤٨.

٤٧ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

٤٨ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

٤٩ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

٥٠ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

٥١ـ محمد على الخولي (د)، مدخل الى علم اللغة، ص ١٦٦ — ١٦٨.

٥٢ـ نەریمان عەبدوللا خۆشناو (٢٠١٠)، ڕێزمانی کوردی - بەشەکانی ئاخاوتن، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٣٦ — ٣٧.

٥٣- بۆ ئەم بابەتە بڕوانە:- أ- عەبدولواحد ئەلوافی(د)(٢٠٠٧)، زانستی زمان، و: د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل ١٩٥ - ١٩٦ . ب - بەکر عومەر عەلی(د) و شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ٨ — ٩.

٥٤- ڕەفیق شوانی (د)، هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.

٥٥- هەمان سەرچاوە، ل ٦٨.

٥٦- هەمان سەرچاوە، ل ٦٨.

٥٧- میر شەرەفخانی بدلیسی (٢٠٠٦)، شەرەفنامە - مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، و : مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ل ٢١.

٥٨- محەمەد مەردۆخی (١٩٩١)، مێژووی کورد و کوردستان، عەبدولکەریم محەمەد سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی (اسعد)، بەغدا، ل ٨٤.

٥٩- محمد امین زکی (١٩٦١)، خلاصة تاریخ الکرد و کردستان من اقدم العصور التاریخیة حتی الان، محمد علی عونی، الجزء الاول الطبعة الثانیة، بغداد، ص ٣١٦.

٦٠ــ محمدی خاڵ (١٣٦٧)(١٩٨٨)، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، کتابفرۆشی محمدی سەقزی، چاپ اول، ل ٢٦.

٦١- زبیر بلال اسماعیل (١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، و: یوسف ڕەئوف عەلی، چاپخانەی (دار الحریة للطباعة)، بەغدا، ل ١١٥ - ١١٦.

٦٢ــ فوئاد حەمە خورشید (١٩٨٥)، زمانی کوردی - دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، و: حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی (افاق العربیه)، بەغدا، ل ٤٠.

٦٣- زبیر بیلال اسماعیل (١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، ل ١١٦ - ١١٧.

٦٤- جەمال نەبەز (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بڵاوی کردۆتەوە، بامبێرگ - ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ل ٢٢ — ٢٣.

٦٥- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ل ١٤ - ١٩.

٦٦- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(٢٠٠٥)، بۆ زمان، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ٩٦ — ١٠١.

٦٧- طاهر صادق (١٩٦٩)، ڕێنووس - چۆنیەتی نووسینی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکوک، ل ٩٢.

٦٨ـ کەمال فوئاد (د) (١٩٧١)، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گ. زانیاری، ژ (٤)، بەغدا، ل ٢٢ — ٢٤.

٦٩ـ محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨١)، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا، چاپی یەکەم، بەغدا، ل ٦٨ ـ ٧٠.

٧٠ـ قەیس کاکل تۆفیق (د) (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ٦٣ — ٦٤.

٧١ـ عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد (٢٠٠٩)، ئەتڵەسی زمانی ـ هەرێمی کوردستان عێراق وەك نموونە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، ل ٣٠ — ٣٣.

٧٢ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩)، کوردۆلۆجی، ل ٧٤ — ٧٥.

٧٣ـ وریا عومەر ئەمین(١٩٨٥)، چەن زمان، ڕ.(العراق)، ژ.(٢٧٣١)، ١٩٨٥/١/٢٣، ل٤.

٧٤ـ غازی عەلی خورشید (٢٠١٠)، زمان و زمانی ستاندارد بۆ کورد، بەشی یەکەم، ڕ. ئاسۆ، ژ (١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٧/٩، ل ١٤.

٧٥ـ غازی عەلی خورشید(٢٠١٢)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٢٩.

٧٦ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

٧٧ـ سوداد ڕەسوڵ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟، گ. زمانناسی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢، ل١٠ .

## سەرچاوەکان

### یەکەم : بە زمانی کوردی


١ـ بەکر عومەر عەلی(د) و شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی .

٢ـ جەمال نەبەز (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بڵاوی کردۆتەوە، بامبێرگ ـ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا .

٣ـ ڕەفیق شوانی(د)(٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .

٤ـ زبیر بلال اسماعیل (١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، و: یوسف ڕەئوف عەلی، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة)، بەغدا .

٥ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٠)، کوردۆلۆجی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .

٦ـ سوداد ڕەسوڵ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟، گ. زمانناسی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢ .

٧ـ طاهر صـادق (١٩٦٩)، ڕێنـووس - چۆنیەتی نووسـینی کـوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکووك .

٨ـ عەبدولمـەناف ڕەمـەزان ئەحمـەد (٢٠٠٩)، ئەتڵەسـی زمـانی - هـەرێمی کوردستان عێراق وەك نموونە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین .

٩ـ عەبدولواحـد ئـەلوافی(د)(٢٠٠٧)، زانسـتی زمـان، و: د.ئیـبراهیم عـەزیز ئیبراهیم، لە بڵاوکراوەکـانی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، چـاپخانەی ڕۆشـنبیری، هەولێر .

١٠ـ عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـووڵ(د)(١٩٧١)، سـەرنجێ لـە زمـانی ئـەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعقمی)، بەغدا .

١١ـ عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(٢٠٠٥)، بـۆ زمـان، بەڕێوەبـەرێتی گشـتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

١٢ـ غازی عەلی خورشید (٢٠١٠)، زمان و زمانی سـتاندارد بـۆ کـورد، بەشـی یەکەم، ڕ. ئاسۆ، ژ (١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٧/٩ .

١٣ـ غازی عەلی خورشید(٢٠١٢)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .

١٤ـ فوئـاد حەمـە خورشـید (١٩٨٥)، زمـانی کـوردی - دابەشـبوونی جوگرافیـایی دیالێکتـەکانی، و: حەمـە کـەریم هـەورامی، چـاپخانەی (افـاق العربیه)، بەغدا .

١٥- قەیس کاکل تۆفیق (د) (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، **لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی** دەزگای ئاراس، **هەولێر** .

١٦- کامل حسن بصیر(د)(١٩٨٤)، زمانی نەتەوایەتیی کوردی، **چاپخانەی** کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا .

١٧- کەمال فوئاد (د) (١٩٧١)، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی **ئەدەبی و** نووسینیان، گ. زانیاری، ژ (٤)، بەغدا .

١٨- کەمال میراودەلی(د)(٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، **لە** بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی .

١٩- محەمەد ئەمین **هە**ورامانی (١٩٨١)، زاری زمانی کوردی **لە ترازووی** بەراوردا، چاپی یەکەم، بەغدا.

٢٠- محەمەد مەحوی (د)(٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان - سەرەتایەك **بۆ** زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی .

٢١- محمد معروف فتاح(١٩٨٥)، **هێماکاری** و زمانەوانی، گ. کاروان، ژ(٢٨).

٢٢- محمد معروف فتاح (د)(١٩٨٦)، سنوور و بنەما و **ئەرکەکانی** کۆزمانەوانی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٢) .

٢٣- محمد معروف فتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحكمە)، بەغدا.

٢٤ـ محمد معروف فتاح (د)(٢٠٠٨)، زمـانی ستاندەرد و زمـانی یـەکگرتووی کوردی، دەستنووس، ئەکادیمیای کوردی .

٢٥ــ محمـدی خـاڵ (١٣٦٧)(١٩٨٨)، فەرهـەنگی خـاڵ، جزمـی یەکـەم، کتابفرۆشی محمدی سەقزی، چاپ اول .

٢٦ـ محەمەد محەمەد یونس عەلی(د)(٢٠١٠)، دەروازەیەك بـۆ زمانـەوانی، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانـەی ئـاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .

٢٧ـ محەمەد مەردۆخی (١٩٩١)، مێژووی کـورد و کوردسـتان، عەبدولکـەریم محەمەد سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی (اسعد)، بەغدا .

٢٨ـ میر شەرەفخانی بدلیسـی (٢٠٠٦)، شـەرەفنامە ـ مێـژووی ماڵـە میرانـی کوردسـتان، و : مامۆسـتا هـەژار، چـاپی سـێیەم، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر .

٢٩ــ نـەریمان عەبـدوڵڵا خۆشـناو (٢٠١٠)، ڕێزمـانی کـوردی ـ بەشـەکانی ئاخاوتن، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر .

٣٠ــ وریـا عومـەر ئـەمین(١٩٨٥)، چـەن زمـان، ڕ.(العـراق)، ژ.(٢٧٣١)، ١٩٨٥/١/٢٣.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

٣١ـ احمد اسعد النادري (د) (٢٠٠٥)، فقه اللغة ـ مناهلـه و مسـائله، المكتبـة العربية، بيروت ـ لبنان .

٣٢- احمد مطلوب (د)(١٩٨٩)، معجم النقد العربي القديم، بغداد .

٣٣- التهامي الراجي(د)(١٩٨٦)، توطئة لدراسة علم اللغة التعاريف، بغداد .

٣٤- جمعة سيد يوسف (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة، الكويت .

٣٥- حاتم صالح الضامن (١٩٨٩)، علم اللغة، طبعة الاولى، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بيت الحكمة، بغداد .

٣٦- ستيفن اولمان (١٩٨٦)، دور الكلمة فى اللغة، ت. كمال محمد بشير، مكتبة شباب، بغداد .

٣٧- فرديناند دى سوسور (١٩٨٨)، علم اللغة العام، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، الموصل .

٣٨- فؤاد مرعي (٢٠٠٢)، في اللغة و التفكير، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق .

٣٩- محمد على الخولي(د)(٢٠٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان - اردن .

محمد على الخولي (١٩٩٨)، دراسات لغوية، دار الفلاح للنشر والتوزيع .

٤٠- محمد حسين عبدالعزيز (د)(١٩٨٣)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، القاهرة - مصر .

٤٤- محمد علي الخولي (د)(٢٠٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، اردن .

٤١- محمد امين زكى (١٩٦١)، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان، محمد على عونى، الجزء الاول الطبعة الثانية، بغداد .

٤٢- محمد شفيق غربال (١٩٨٠)، الموسوعة العربية الميسرة، الجزء ٢، دار النهضه، لبنان .

٤٣- الموسوعة العربية العالمية (١٩٩٩)، الطبعة الثانية، مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، الرياض .

٤٤- نوم تشومسكى (١٩٩٣)، المعرفة اللغوية (طبيعتها وأصولها واستخدامها)، ترجمة: محمد فتيح، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، القاهرة .

**سێیەم : بە زمانی ئینگلیزی**

45- Ali Mahmood jukil (2004), The process of standardization with reference to Englishand Kurdish languages. P.H.D., University of Salahadin, Erbel.

# مێژووی زمانی کوردی
# پلانی زمان

پ.ی. سەلام ناوخۆش

زۆر توێـژەری کـورد و غـەیرە کـورد (بیـانی ) لـە سـەر مێـژووی زمـانی کوردیان نووسیوە، بەڵام ئەم نووسـینە هـەوڵ دەدات هـەر کاوێژکردنـەوەی هەوڵەکانی پێشوو نەبێ. بە ڕای توێژەر دەبـی زمـانی کـورد بـە سـەر چـوار قۆناغی سـەرەکی دابەشـبکەین، ئینجـا هـەر قۆناغێـك ئـەدگار و خەسـڵەتی بخەینە ڕوو.ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵ دەدەین پوختەی زمانی کوردی بـۆ وەرگـری کـورد بخەینـە ڕوو .وەك ئیمـامی شـافیعی وتـەنی خۆمـان پـێ ڕاسـتە، ڕای بەرامبەریشـمان پـێ ڕاسـت نییـە، بـەڵام قسـەی مـن هەڵـە هەڵدەگری هی بەرامبەرەکەشم دەکرێ ڕاست بێ جا تۆ وەك وەرگـر کامـەی ڕاست دەرچوو ئەوەی وەرگرە، نەك مەلا مەشهور ئاسا بڵێی پیاو ئەوە پیاو قسەی نەگۆڕێت، ئەگەر هی من هەڵە بوو، بەلای دامەچوو،چونکە من خۆشم بە لای داناچم پەشیمانم کە گووتوومە !

## یەکەم، زمانی میدیا زمانی ئاڤێستا

بەر لەوەی باسی رەوشی زمانی میدیا بکەین، بە چاکی دەزانین لە شـێوازی دەسـەڵاتی میـدیاکان بدوێین،چـونکە، هەرچـەندە زمـان خـۆی کایـەکی سەربەخۆیە،دەسەڵات دەتوانیت ناسنامە نەتەوەیی زمان بپارێزێـت .یـەکێك لە پایەکانی جیۆپۆلیتیك پاراستنی زمانی خەڵکە

لەو ڕوانگە بە گرنگی دەزانین ئامـاژە بـە ڕۆڵـی سیسـتەمی دەوڵـەتی میـدیا بکەین !

## پادشاکانی میدیا

## لە ماوەی ٧٢٧پ .ز- ٥٤٩ پ. ز

ئەمپراتۆریەتی میدی یەکێ لەو ئەمپراتۆریە گەورانەی مێژووی کۆنن. مێژووی ئەو ئەمپراتۆریەتە زیاتر لە نووسراودکانی ئاشوری و کتێبەکەی هیرۆدوتسس هاتوود. بە گوێردی گوتەی هیرۆدوتسس، میدییەکان لەبەشی دووەمی سەدەی هەشتەمی پێش زاینی لە دراوسێکانی خۆیان رزگاریان بووە و دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دامەزراندووە.

ئەمەو، هەر لەسەر ڕاکەی هیرۆدوتسس، ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی ناسراوە بە Britanica هەروەها ئینسایکلۆپیدیای ئیرانی.سیستەمی فەرمانڕەوای وڵات پاشایەتی ویراسی بووە . دیاکۆ یەکەم پادشای میدیا بوود، کە لەساڵی ٧٢٨ پ. ز دەوڵەتی میدیای دامەزراندووەو هۆزو تیرەکانی بەرەو یەك نەتەوە بردووە.

دیاکۆ (Deioces هەتا ساڵی ٦٧٥ پ. ز فەرمانڕەوایی میدیای کردووە. لەساڵی ٦٧٤ پ.ز هەتا ٦٥٣ پ. ز فرائۆرتس (فراڤارتی - Fravarti) حوکمی ئەمپراتۆریەتی میدیای کردووە. ئەو پاشایە هەولیداوە مژۆڵبونی ئاشوریەکان بەداگیرکردنی میسر بقۆزێتەوە. ئەوەبوو گەمارۆی نەینەواشی دا، بەڵام ئەسکیتی کە هاوپەیمانی ئاشوریەکان بوون لە دواوە پەلاماری میدیەکانیاندا هێرشیان کردە سەر میدیا لەئەنجام دا فرائۆرتس کوژراو سوپای میدی ناچاربوو پاشەکشێ بکات و بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی. لە ئاکام جارێکی تر میدیا کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی ئەسکیتیەکان. مادیۆسی ئەسکیتی بۆ ماوەی

(٢٨) سالٚ ٦٥٢ ـ ٦٢٥ پ. ز حوکمی میدیای کرد ووە . ئەو داگیرکردنەی ناوخۆ زەبرێکی کوشندەی میدیا داوە .لەسالی ٦٢٥ کیاکسارس توانی کۆتایی بە داگیرکردنی ناوخۆی میدیا بێنێ و دەولەتێکی عەسکەری بەهێز دابمەزرێنێ. لەپاشان لەسالی ٦١٦ پ. ز کۆتایی بە دەسەلاتی مانیە هاوپەیمانەکانی ئاشوری هێنا.[١] سوپاکەی کەی ئەخسار بۆ ماوەی دوو سالٚ ٦١٤ ـ ٦١٢ گەمارۆی شارەکانی وولاتی ئاشوریەکانی داو توانی شاری (ئاشور کەلخۆ) بخاتە ژێر کۆنترۆلی خۆی و ئینجا گەمارۆی شاری نەینەوای داو لەئاکام سالی٦١٢ پ. ز بە تەواوی کۆتایی بە دسەلات و بوونی ئاشوریەکان هێنا. دوا پاشای میدی ناوی (ئەستیاگ) بووە. ئەو پادشایە بەگوێرەی دەقە کۆنەکانی ئێرانی بەرِشتی ـ ڤێگا بەناوبانگ بووە. (ئاستیاك) لە ماوەی ٥٨٤ ـ ٥٥٠ پ. ز حوکمی میدیای کردووە، بەلام لە ئاکام بەدەستی کچەزاکەی خۆی کۆرشی گەورە وخیانەتی دەست و پێوەندەکەی کوردیەکەی خۆی کودەتای لە سەر کراوە .ئەمانی حوکمی ئاستیاگ سەرەتای حوکمی فارسی بووە .لێرەوە حوکمی کوردی کۆتایی پێهاتووە .ئەو کودەتایە کاریگەری زۆری لە سەر رِەوشی زمانی کوردی هەبووە .

## زمانی ئاخاوتن و زمانی ئایینی

**دوا پادشای میدی –ئەستیاگ–دەسەلاتی بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆرخ کردبوو .بەمەش زەبرێکی کوشندەی لە زمانی میدی–کوردی –دا .زمانی کوردی لە دەولەتی میدی زمانی دەولەت بوو،لەو لاوەش زمانێك هەبوو، کە**

زەن دەبرێ زمانی ئاڤێستای سەردەمی زەردەشت بووە، زمانی ئایینی دەوڵەت بووە !لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی میدیا، زمانی نووسینی دەوڵەتی میدیا روخاندنی زمانی کوردی بوو .زۆر توێژەر دەڵێن میدیەکان – کوردەکان– هەر زمانی تایبەت بە خۆی نەبووە، بەلکو لە پاشان ئەلفبێی پەهلەوی هەبووە ئەلفبێی میدی هەبووە، بەڵام هەخامەنشینەکان بۆ خۆیان دزیوە . لە پاش کەوتنی میدیا،زمانی ئەرچی هیچ کاریگەری لە ناو کۆمەڵگا نەماوە،بەرە بەرە بە نەمانی میدیەکان بۆتە زمانی ئاخاوتن و لە زمانی نووسینی دەوڵەت دوورخراوەتەوە .بە واتای هەر داگیرکردنی سەربازی نەبووە، بەڵکو داگیرکردنی کەلتوری بە تایبەتی زمانیش بووە .زمانی ئایینی وەك خۆی ماوەتەوە، چونکە فارس و کورد لە سەر ئایینی زەردەشتی بوونە.

زمانی ئاڤێستا دوور و نزیك پەیوەندی بە مۆرکی زمانی نەتەوەییەوە نییە .زۆر ئاساییە زمانی ئاڤێستا زمانی کوردی بێ و بۆ نەتەوەی کورد بێت،بەلام زمانی ئاڤێستا، کە زمانی ئایینی میدیا بوو، دەقێکی ئایدیۆلۆژی تایبەت بە کوردەوە بێت .هەموو بەشەکانی ئاڤێستا، کە لە دوای شەڕی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ئێران و سووتاندنی ئاڤێستا، لە سەردەمەنی ساسانیەکان دووبارە نووسراوەتەوە و سیفەتی ئاسمانی نەماوە هیچ ئامارژەیەکی بۆ نەتەوەی کورد تێدا نییە ! خۆی دەبێ دەقێکی تایبەت بە نەتەوەیەك بێ،بەلام پیاوانی زەردەشتی هەوڵیانداوە بیکەنە ئایینێکی مژدە

دەر بۆ هەر نەتەوەیەکی ئاری نەژاد .بەمجۆرە زەردەشتی لە نێو پاکستانی،بەنگالی،هیندی،فارس،کورد.....بڵاوبۆتەوە و بۆتە ئایینی هەموو ئاری نەژادێك و لە سنووری کورد دەرچووە ! ئاساییە سەرەتا کورد قەبووڵی زەردەشتی نەبووبێت هەروەك چۆن جوولەکە چەندین پێغەمبەری خۆیان کوشتووە،کوردیش هەر خۆی زەردەشتی کووشت بێت،لە پاشان دینەکەی قەبووڵ کرد بێت .

لەو قۆناغەدا زمانی کوردی ناسنامەی خۆی بە کەوتنی دەوڵەتی میدیا لە دەستداوە،بۆیە ئەستەمە ئەو ناسنامەیە ئەمڕۆ دیاری بکرێت هەروەها زمانی ئایینیشی تێکەڵ بە زمانی ئایینی فارسی بووە هەر ئەوانیش جارێکی ئاڤێستایان نووسیتەوە.ئاڤێستا لە دەقێکی نەتەوەیی دەرچووە،کورد ناتوانێت زمانەکەی جارێکی تر وەك ئیلهام و زمان بۆ بیناکردنی تاکی کورد بگەڕێتەوە سەری .

شوێنەواری گەلانی کوردستانی وەك گووتی،کاردۆخی،.....گووم بووە،زمانی میدیەکان بەس نییە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت .ئەگەر ئەو گەلانە لە سنووری بابەتەکە دەربخەین،مێژووی دێرینی کورد کورت دەکەینەوە لە دەرکەوتنی میدیەکان .ئەمەش خۆمان ستەمێك لە مێژووی کۆنی کورد دەکەین .ئەو ونبوونی ناسنامە یان حازرنەبوونی فاکتەری ناسنامە،زیاتر هەوڵێکی فارسیە .شوێنی جوگرافی هاوبەش و ئایینی هاوبەش،کەلتوری هاوبەشی دروستکردووە،کە ناسنامەی کوردبوونی

بە دەستی ئەنقەست بزرکردووە و کەلتوری یان زمانی فارسی بە حوکمی هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی بەرز کردۆتەوە.

## دووەم : زمانی پەهلەوی

زمانی پەهلەوی، زمانێکی کۆنی "ئێرانی" بووە. بە زمانێکی هیند و ئێرانی دادەنرێ لێرەوە ناسنامەی "فارس" و "کوردی" ئەو زمانە تێکەڵ دەبێ، چونکە مێژووی (ئێران –وڵاتی ئاریان نەك وڵاتی فارس) لەدوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی (میدی) یەوە، خوێندنەوەیەکی "نەتەوەیی" بۆ کراوە و وشەی "ئێران" بە (فارس و وڵاتی فارس" شرۆڤەکراوە، بەڵام لەبنەڕەتدا وشەکە ئەو واتا تەسکە نابەخشێ!

زمانی پەهلەوی، زمانی پاڵەوانەکان، زمانی ڕەسمی ساسانیەکان بووە هەروەها دەوترێ کە لەسەدەی سێ هەمەوە هەتا سەدەی هەشتەم نوسین و قسەی پێ کراوە، بە واتای هەم زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسینی نووسراوەکان بووە لە ئێران – وڵاتی ئاریان، بەڵام ئەو زمانە ڕێنوسێکی script زۆر دژوار و زەحمەتی هەبووە، بۆیە هەر لەسەردەمانێکی ساسانیەکانەوە نووسینی (کەم)ی پێ کراوە، هەر زیاتر زمانی ئاخاوتن بووە.

**پەهلەوی کوردی یان فارسی بووە؟**

د. جەمال نەبەز لە لاپەڕە (٩٢)ی کتێبی "بێدەسەڵاتە کوردەکان و برا موسڵمانەکانیان" دەنووسێ: "ڕۆژهەڵاتناسە ئەورووپیەکان زمانی پەهلەوی pehlevi بە زمانی فارسی ناوەڕاست ناوزەد دەکەن"، بەڵام د. نەبەز خۆی زمانی پەهلەوی بە "زمانێکی سەربەخۆ" دادەنێ، بەوەی نزیکترە لە زمانی کوردی وەك لە فارسی. ئەو ڕایەی د.نەبەز لە سەر بنەما و شەنگست نییە تەنیا نزیکی وشەکانی زمانەکە و شوێنەکەی کردۆتە مەرج! پێکچوونی وشەکانی هیندۆ ئاری یان هیندۆ ئەورووپی بە مەرج وەرناگیرێ، چونکە لە نێوان ئەو زمانانە وشە پێکچوون دیاردەیەکی ئاساییە .بە پێچەوانەی د.نەبەزەوە، سەدیق بۆرەکەیی لەبەرگی یەکەمی مێژووی وێژەی کوردی لاپەڕە (٢٤—٢٥) دەڵێ: زمانی پەهلەوی لە زمانی کوردی دەچێ و نزیکترین زاراوەی (زار) کوردی کەلەگەڵ ئەم زمانەدا هاوچەشنە زاراوەی گۆرانی و و لوڕیە." بۆرەکەیی و زوبیر بیلال هەندێ "بەڵگە" دەهێننەوە بەوەی کە زمانی پەهلەوی زمانی کوردییە یان زارێکی کوردی یە. گیو موکریانی بانگەشەی ئەوە دەکات کە کتێبی (دین کەرد) بە زمانی پەهلەوی نووسراوە، ئەو زمانەش زمانی لوڕ و کەلهوڕ و شوانانە. مەردۆخی مێژوو نووسی کوردیش دەڵێ: "زمانی پەهلەوی یەکێ لە (شێوەکانی کوردی) بووە کە گەلێ بە زاراوەی لوڕی و گۆڕانیەوە نزیکە".

## جۆرەکانی پەهلەوی و زمانی کوردی ئێستا

پاش ئەوەی بینیمان لە نێوان خودی توێژەرانی کورد ڕا جیاوازی **هەیە** دەربارەی ڕەچەڵەکی زمانی پەهلەوی .هەرچەندە زمانی پەهلەوی **وەك** زمانی لاتینی زمانێکی مردووە هەروەها کاتی خۆی زۆر دژوار بووە، لە **سەر** هیچ بنەمایەك بە کوردی یان فارسی دانراوە . کەلتوری فارس و **کورد** هێندە تێکەڵی یەك بووە، هەر ئەوەش مشتومڕی لە سەر بنەچەی **زمانی** پەهلەوی دروست کردووە.

هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لە سەر نەژادی زمانی پەهلەوی **نییە و** هەروەها فاکتەری هاوکەلتوری ئەو دیاردەی دروست کردووە .دوو **جۆری** سەرەکی پەهلەوی هەیە :

زوبێر بیلال دەڵێ:" دوو جۆر پەهلەوی هەیە، پەهلەوی سەردەمی **ئەشکانی** ٣٠٠٠پ.ز ٢٢٤ز ئەو شێوەیان لە (هەورامی) و (فەیلی) دەکات، **پەهلەوی** ساسانی ٢٢٤-٦٣٠."

لەلایەکی تر، (ئاربرکە) لە ئەتڵەسی زمانەکانی هیندۆ — ئێرانیدا، **کوردی و** فارس بە دوو زمانی (ئێرانی) دادەنێ، بەڵام لەژێر فارسی کۆن، **زمانی** پەهلەوی و وەك بەشێك لە قۆناغی یان قوناغێك لە زمانی **فارس دا** دەنێ،کەچی بە پێچەوانەی ئەو ڕایەی ( ئاربرکە )، د.فرست **مرعي لە** "کردستان فی القرن السابع المیلادی" لاپەڕە (٢٤) دەنووسێ کە **لەسەرچاوە**

عەرەبیـــە موســـڵمانەکانیش زمـــانی (فارســـی) و (پەهلـــەوی) لەیـــەك جیاکراونەتەوە بەتایبەتی لەسەردەمی ئیسلامیدا.

بەکورتی، پەهلەوی زمانێکی ڕێنووس ئاڵۆز و گران بووە، بۆیە لەسـەردەمی ئەخمینیەکان لەلایـەك و سـەردەمی ئەشـکانی و ساسـانیەکان، مـاوە مـاوە تەنها وەك (زمانێکی) ئایینی، یان ئاخاوتنی خەڵك مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

لەو سەرچاوانە بیرۆکەی وا خراونەتە ڕوو کە زۆربەیان هەر دەقی هورمزگـان هەڵدەوەشێننەوە! لێرە جەخت لە سەر ئـەو زمانـە و ڕێنووسـی ئـەو زمانـە دەکەین بۆ ئەوەی بسەلمێنین کە هەندێ نووسەر و توێـژەری کـورد چـەند بـێ ئاگـان هـەتا لـە ڕایـەکانی خۆیان! !هەنـدێ نووسـەر گومـانی ئـاوا بڵاودەکەنەوە گوایە دەقی ساختەی هورمزگان بە زمـانی پەهلـەوی نووسـرا بێ، بابزانین ئەو گومان و گریمانە چەند لە ڕاستیەوە نزیکن.

**<u>دەقی هورمزگان، ئەگەر بە پەهلەوی نوسرابێ وەك بانگاشـە دەکـرێ ئەمـە ئەو دەقە دەبـێ هـی سـەردەمانی ئەشـکانی و بـێ نـەك ساسـانی، چونکە سەرچاوەکان جەخت لەسـەر ئـەوە دەکـەن پێکچوون لـە نێوان پەهلـەوی ئەشکانی ٣٠٠٠پ.ز-٢٢٤ز و هەورامی، فەیلی لوڕی هەیە! ! نـەك پەهلـەوی ساسانی! !</u>**

سەرچاوەکان دەڵێن پێکچوون هەیە لە نێوان زمانی پەهلەوی و شێوە زاری هەورامی نەك هەردووك یەك بن. ئەو نووسەرە کوردانـەی، لەوانـە د.سـەعید کوردســتانی، حوســێن حــوزنی موکریــانی، ڕەشــید یاســەمی، ســەرەتا

دەقەکەیان بڵاوکردۆتەوە، دەقەکەیان بە **(شێوە زاری هەورامی) بڵاو** کردۆتەوە نەك بە زمانی پەهلەوی!!! **هەروەها پەهلەوی هەروەك (زمان)** یان (شێوە زمان variety) **بووە هەروەها (ڕێنووس) بووە، کەچی** هەورامی تەنها شێوەزارە نەك (ڕێنووس)**!!** صاح **قەفتانی مێژوو نووسی** کورد لەلاپەڕە (١٠٥)ی کتێبی (**مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ)** دەربارەی "ڕێنووس"ی پەهلەوی دەنووسێ ... **ئەلف و بای پەهلەوی زۆر** سەخت و گران بوو، چونکە وەها دەرکەوتووە کە لە **نووسینی پەهلەوی دا** هەزار پیت (حەرف) زیاتر بەکارهێنراوە **!!!**

**هەروەها قەفتان** قسەی **هەندێ** زانا دەربارەی **ئەلفبای پەهلەوی** دەگوازێتەوە و دەڵێ: دەنگ وایە لەکاتی دوایی **ساسانیەکان دا بەفەرمانی** شای ئێران شێوەی (فارس) بووەتە زمانی **ڕەسمی حکومەت، چونکە** نووسین و خوێندنەوەی **پەهلەوی** زۆر گرانبووە **!!!**

ئەمەش بەڵگەیە، کە هیچ نووسەرێکی کورد "**دەقی هورمزگانی**" **بەزمانی** پەهلەوی نەبینیووە!! زمانە **هەورامیەکەی** دەقەکە، **کە باوەڕ دەکرێت** د.سەعیدی کوردستانی لە سەدەی بیست **نووسی بێ، نەك لە ١٦ی کۆچی** **هەڵبەستڤانێکی** کورد نووسی بێ، **قەناعەت بەهیچ کەسێ ناهێنێت کە زمانی** کوردی سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام **-١٦-ی کۆچی بێ لە کوردستان!!** ئەو زمانە شێوەزاری **هەورامی** دەقەکە، **هی سەرەتای سەدەی بیستەمە**

نەك سەردەمی ئیسلامی، چونكە هیچ دەقێكی فارسیش ئەوها (ڕەوان) نییە ! ! .

بە كورتی بنەچەی پەهلەوی لەگەڵ زمانی فارسی تێكەڵ كراوە،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیانە:

١.زمانی پەهلەوی دژوار و سەخت بووە و نەیتوانیوە ببێتە زمانی نووسین

٢. هاوكەلتوری فارس و كورد و گوومكردنی كەلتوری كوردی لە لایەن زمانی فارسی.

٣. زمانی دەسەڵاتدار و زمانی بێ دەسەڵات .

٤.ڕاڤەكردنی دەوڵەتی ئێران بە دەوڵەتی فارس .

ئەو هۆیانە وایان كردووە زمانی كوردی ناسنامەی خۆی ون بكات لە نێو كەلتوری فارسیدا .

### سێیەم: زمانی مەلایی

پێش ئەوەی باسی دەركەوتنی زمانی مەلایی بكەم، بە باشی دەزانم ئاماژە بە ئاشنابوونی كورد بە ئیسلام دوو قسە بكەم، چونكە لەو قۆناغەدا كورد ئاشنا بوو بە ئایینێكی نوێ و ناسنامەی كەسێتی خۆی بۆ دەركەوت و دەرفەتێكی نوێی بۆ دروست بوو كە لە كەلتوری هاوبەش ڕزگاری ببێت .ئەو كەلتورە تاكی كوردی كردبووە هاوڵاتی پلە دوو و فارسی كرد بووە دەسەڵاتدار و پلە یەك! !

## ئاشنابوونی کورد بە ئیسلام

لەم بەشە کورتەدا باس و گەنگەشەی ئەوە ناکەم، کە کورد لە کویٚ بە شەڕ موسلمان بووە و لە کویٚ بە ئاشتی و بە بیٚ شەڕ .من تەنیا بۆ ئەو قسەیەی سیکیولەری کورد تەنیا ئەوە دەڵێم، ئەو سیناریۆیەیە زۆر کۆنە چونکە ئیسلام پاش بەدر و ئوحد و خەندەق دەسەڵاتی عەرەبی ناچار کرد بە شەڕیتر یان بە ئاشتی قەبووڵی بنەماکان و سروتەکانی قورئان بکەن !قورئان شەڕ لەگەڵ هیچ نەتەوەیەك ناکات لە سەر کافربوونیان بە دەسەڵاتی خودا، بەلکو ئەوە دەسەڵاتی غەیری خوایە لێناگەریٚ خەڵك بە ئارەزووی خۆی قەبووڵی دەسەڵاتی خودا و حوکمی خودا بکات .خاڵێکی تر دەمەویٚ جەختی لە سەر بکەم " ئەنفالی کوردە " ! ئەنفال خۆی واتای دەسکەوتی شەڕ دەگەیەنێت .بە جۆرێك ئیشی لە سەر دەکریٚ، کە ئەنفال لایەنی ماددی دەگەیەنیٚ و هیچ لایەنی ڕۆحی یان مەعنەوی ناگەیەنیٚ .ئەم مەسەلەی ئەنفال ئەوەندە گرنگ و موئەساساتیە دوورە لە تالآن و بڕۆی عەرەبی پێش ئیسلام بە جۆرێك پاسەوانی پێغەمبەر بیٚ پرسی پێغەمبەر شتێکی سادە لە دەسکەوتی جەنگ دەبات، بەمە دەچێتە جەهەنەم! ! لە لایەکی دی ئەنفالی قورئان دوور و نزیك پەیوەندی بە کوردەوە وەنییە، چونکە لە سەر ئاستی نەتەوە، نەك کەسی، دوای وەفاتی پێغەمبەر و تەواوبوونی هاتنەخوارەوەی قورئان کورد موسلمان بووە! !کەواتە ئەوەی

له قورئان هاتووه به هیچ جۆرێ باسی ئەنفالی کورد نییه، بەلکو باسی ئەنفالی دەسەلاتی عەرەبیه!!!!

## قورئان و مەسەلەی زمان

قورئان زۆر گرنگی به دوو چەمکی سەرەکی داوه : نەتەوەی جودا و زمان جوداییه .قورئان، که پەیامێکی جیهانیه و دووره لەوەی مولّکی هەر نەتەوەیەك بێت، ئەوەنده له سەر مەسەلەی زمان قسه بکات .له قورئان بیست و پێنج جێ باسی " لسان " کردووه و هەتا جارێکیش ئاماژەی به " لغه " نەکردووه .له نێوان ئەو دوو چەمکه جیاوازیەکی فره ڕەهەند هەیه .جەختی قورئان له سەر لسان –زمان خوێندنەوەی دروستانەی دەروونی مرۆڤه هەروەها هۆیەکه که قورئان دوور بێ له ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبی و گوتارەکەی .ئەمه وای کرد کورد له دەسەلاتی عەرەبی زووتر قەبوولّی ئیسلام بکات، چونکه له لایەك له هەژموونی کەلتوری هاوبەش ڕزگاری بوو هەم کوردیش وەك فارس نەبوو به دروستکردنی مەزهەبێك تایبەت به خۆیەوه موسلمان ببێت.

## زمانی " مەلایی"

### دەروازه

له رووی ئایینی (ئیسلامی)و نەتەوەیی (ئایدۆلۆجی)یەوه،زمان یەکێ له پێکهێنەرەکانی نەتەوه پێکدێنێ. هەرچەنده،کۆمۆنیستەکان له رێگای تییۆرەکەی جۆزیف ستالینەوه:( مارکسیزم ومەسەلەی زمان )ئابوری هاوبەش

دەکەنە یەکێ لە مەرجەکانی(نەتەوە بوون)،بەلاّم ئەوانیش مەسەلەی زمانی هاوبەش بە یەکێ لەبنەماو شەنگستەکانی نەتەوە بوون دادەنێن .

زمان کە هێندە گرنگ بێ کە بەرای من چی لە مەسەلەی خاك کەمتر نییە،هەر کوردێك لە هەرئاستێ بێ، ناچار دەکات یەکێ لە ستراتیژەییەکانی باوەڕ وئایدۆلۆجی سیاسی مەسەلەی زمان بێ،لەم روانگەوە دەمەوێ چەند تێبینیەك لەسەر سێیەم قۆناغی مێژووی زمانی کوردی بنووسم.

ئەم نووسینە هەولّ دەدات لەبەرایی دەرکەوتنی زمانی کوردی وەك ناسنامەی نەتەوەیەك بدوێ هەروەها ئاماژە بە قۆناغەکانی یاخود سەردەمەکانی بکات .

**چەردەیەك لە مێژووی زمانی کوردی**

**پێش ئاشنا بوونی کورد بە ئیسلام**

لەو قۆناغەی سێیەمدا،کە دەکرێ بۆ سێ سەردەم دابەشی بکەین سەردەمی گەلە کۆنەکان: سۆپاری، گۆتی، میتانی و ئەوانی تر... لەو سەردەمەدا کورد هەربەشداربیەکی شارستانی لە شارستانییەکانی ناوچەکە هەبێ،مەسەلەی زمان پرسێك نەبووە بەلّگەی ئارکۆلۆژی–شوێنەواری لەسەر بێ. هێندە نەبێ لە هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە کراوە کە میتانیەکان هێندە ناسراو بوونە هەتا پەیوەندی کۆمەلاّیەتی سیاسیان لەگەل دەرەوەی( کوردستان)نیش هەبووە .میتانیەکان رۆژپەرست بوونە بۆیە لە هەندێ سەرچاوە بە (خۆری)یەکان یان (حۆریەکان) ناسراون نەڤەرتیتی هاوسەری ئەمنحۆتبی چوارەم _ئەخناتون_میتانی بووە رۆلّی

ئەو ئافرەتە لە مێژووی ئایینی وسیاسی میسری سەردەمی ئەخناتون زۆر بووە، لەمەسەلەی زمانیش دەگوترێ میتانیەکان هەوڵیانداوە زمانێکی هاوبەش لەناو گەل وهۆزەکانی کوردستان بەرپابکەن. وێرای میتانیەکان،ئەوە سۆمەریەکانیش پێش ئەوەی ڕەوبکەن بۆ باشوری عێراق لە کوردستان بوونە هەرچەندە هەندێ توێژەری عەرەب سۆمەریەکان بە عەرەب دادەنێن بەلام توێژینەوەکان دەریانخستووە کە زمانی سۆمەری سەر بە خێزانە زمانی سامی نییە هەروەها چەندەها وشەی هاوبەش لە نێوان سۆمەری وکوردی دا هەیە.هەندێ توێژەری کورد پەیوەندی کورد و سۆمەری ئەوەندە خەست دەکەنەوە :بەوەی ئەگەر سۆمەری کورد نەبووبن، بە هیچ جۆرێ عەرەب نەبوونە !

٢–سەردەمی دووەم سەردەمی دەرکەوتنی میدیەکان و زەردەشتی، ئەو قۆناغە لە ڕووی بەڵگەنامەییەوە قۆناغێکی ڕۆشنترە لە سەردەمی پێشوو. لەو سەردەمەدا (زمان)و(ئایین)دوو ناسنامەی ناو ئەمپراتۆریەتی میدی بوون.هەرچەند مێژووی ئەو ئەمپراتۆریەتە لەمێژووی گەلانی پێشوو دیارترە،بەلام بە حوکمی ئەوەی کورد مێژوویێکی هاوبەشی لەگەل فارس دا هەیە.ئەو مێژووە بە شێوەیەك بووە هەتا (کەلتور)و(زمان)و(ئایین)ئەو دوو نەتەوەیە زۆر لەیەك نزیك بوونە، بەلام ئەو فاکتەرە زێتر بە بەرژەوەندی فارس تەواو بووە نەك کورد !

لەلایەکی تر، وەك باسمان کرد ئەمپراتۆریای میدی زیاتر بنەماڵەیی بووە بە دیاکۆ دەست پێ دەکات وبە (ئەستیاگ)کۆتایی پێ دێ.

بە حوکمی ئەوەی ئەوسا (ئایین)دەقێکی نووسراوبوو ئەو دەقەش ئاڤێستا بوو .جگە لەمە زمانی ئایین– زمانی خەڵك– ئەلفبێی میدی –لە ئاستێکی پەرەسەندوو دابوو،بەڵام لەپاش ڕوخانی دەسەڵاتی ئەستیاك لەلایەن کچەزاکەیەوە(کۆرش)ئەو(سێ)یە بەتەواوی شێواندران وکورد لەو مێژووە دەرهێنرا و زمانی میدیەکان وەك زمانی خەڵك بەرەبەرە فەوتێنرا،بەڵام هەرچی ئەلفبای میدی وزمانی ئایینی یە ئەوە ئەخمێنیەکان دەسبەرداری نەبوون بەڵکو هەردووکیان کردە موڵکی خۆیان .

سەردەمی سێیەم،سەردەمی ساسانیەکان .ئەو سەردەمە دوا سەردەمی قۆناغی پێش ئاشنا بوونی کوردە بەئیسلام . هەرچەندە ئەسکەندەری مەکدۆنی لە کاتی داگیرکردنی ئێران و کوردستان زۆربەی هەرە زۆری کەلتوری کوردی برد یان لە نێوبرد . بە جۆرێ هەندێسەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە سوپای ئەسکەندەر بەشێ لە ئاوێستایان سووتاندووە و بەشێکی تریان بردۆتە یۆنان و هەتا ئەفلاتۆن سوودی لەو بەشەی ئاوێستا بینیوە . ئەو ئاوێستایەی لەبەر دەستە، ئاوێستاکەی زەردەشت نییە، بەڵکو کۆپیەکی زادەی دەسەڵاتی ساسانییە .لەو دەقەی ئاوێستادا کورد بەشێوەیەکی بەرچاو گومکراوە، بەڵکو ئایینەکە وەك گووتمان زیاتر مۆرکی

فارسی وەرگرتووە زمانی کوردی پەهلەوی تەنها زمانی خەڵك بووە و دوور بووە لە ( دەسەڵات )و (ئایین ) !

## ئاشنابوونی کورد بە ئیسلام و دەرکەوتنی زمانی مەلایی

لە قورئاندا مەسەلەی ( نەتەوەی جودا ) و ( زمانی جودا ) زۆر جەختی لەسەرکراوە، چونکە ئەو دووە دەسەڵات و گەورەیی خودا دەگەیەنن . ئایەتی (وجعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ) تەواو گوزارشت لەفرە نەتەوەیی دەکات و هەروەها مەسەلەی فرە نەتەوەیی بە حاڵەتێکی سروشتی دادەنێ و داوا لە نەتەوەکان دەکات کە یەکتر بناسن . ئەو یەکتر ناسینەش هەر بە (زمان) بەرپا دەبێ، هەروەها خودا لە ئایەتێکی تر جیاوازی زمان و جیاوازی رەنگ و رەگەز ( ان فی اختلاف السنتکم والالوانکم ) بە ئایەتێکی دی گەورەی خۆی دەزانێ . لەم روانگەوە لەپرسی زمانی قورئان، ئیسلام نەك کاری لەسەر ڕەتکردنەوەی ( نەتەوەی کورد) و (زمانی کوردی ) نەکرد، بەلکو هەردووکی لەژێر دەسەڵاتی (ساسانی) و (ڕۆمانی ) ڕزگارکرد . هەروەها بە حوکمی ئەوەی گوتاری قورئانی گوتارێکی جیهانییە و عەولەمەیەکی عەقیدەییە نەك نەتەوەیی، بۆیە کورد توانی سوود لەستراتیژیەتی قورئانی ببینێ و بەوەی جارێکی تر ببێتەوە خاوەنی نەتەوە و زمانی خۆی . مەلای کورد، بوژێنەرەوەی زمانی کوردین .مەلای کورد، کە روناکبیرترین توێژی کۆمەڵی کوردەواری بوون . ئەوان

توانیان لە ڕێگای خوێندنی قورئان و فەرمودەوە زمانی کوردی بکەنە زمانی ئایین و ئەدەب . هەروەها هەر لە (حوجرە)وە مەلای کورد توانی یەکەم ڕێزمانی کوردی بنووسیّ. ئەو هەوڵەی مەلای کورد لەکاتێك وئاستێك دابووە کە هێشتا (قەشە)و(زانا)و(زمانەوان)نانی رۆژئاوا هەر بیریان لە نوسینی بە زمانی نەتەوە نەکردبووە ئەو زمانەی حوجرە،من ناوی دەنێم بەزمانی کوردی مەلایی .ئەو زمانە زمانێکی تێکەڵی عەرەب وفارسی و کوردی بووە. وێڕای ئەمەش، زمانی مەلایی زمانی دەرس بووە و هەموو کەس بە ئاسانی تێی گەیشتووە . ئەو زمانەی حوجرە توانی بەرگری مانەوە بکات بە جۆریّ لەسەردەمی کەمالیەتی دا بەشێك لە رۆشنبیرانی کورد دەست بەرداری ئەلف وبێی کوردی بوون وەك ئەتاتورك تەبەنی ئەلف وبێی لاتینییان کرد، بەلاّم مەلای کورد لە گوندەکانی کوردستانی باکور توانیویانە ئەلف وبای زمانی کوردی بپارێزن. د.نوری دەرسیمی،ئەو هەولەی مەلای کورد لە مێژووی رۆشنبیری کوردی بەرز دەنرخێنێت بەوەی شیاوە بەرگەی مانەوە بکات. ئەو زمانەی مەلای کورد وەك هەرزمانێکی تر بەچەند قۆناغێك تێپەریوە بەلاّم ئەوەی گرنگە ئەو زمانە زمانێکی هاوبەشی هەموو مەلای کورد ورۆناکبیری دی کوردی بووە .

چوارەم، زمانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی

میرنشینەکانی کوردی بادینی،سۆرانی،ئەردەلانی...هێندەی خەریکی قەوارەی سیاسی بوونە، خەریکی یەکزمانی کوردی نەبوونە .هەرچەندە

هەندێ شاعیر و نووسەر لە ژێر ئالآی ئەو میرنشینانە پەیدا بوونە .هەردوو میرنشینی سۆران و بادینان هێندە گرنگیان مەسەلەی زمانی کوردی نەداوە .هەرچی میرنشینی ئەردەلانە گرنگی بە زاری گۆران داوە هەتا وەی لەو زارە کردووە لە قەلەمڕەوی خۆیدا ببێتە زمانی ئەدەبی .ئەمەش وەیکردووە چەندەها شاعیری گەورە بەو زارە شیعریان هۆنیوەتەوە وەك خانای قوبادی، بێسارانی، مەلا خالیدی نەقشبەندی، مەولەوی شاعیر .گەشەسەندنی ئەو زارە _گۆران– لە گەشەسەندنی زارەکانی دی ناچێت، گەشەسەندنی گۆران پەیوەندی بە دینی ( ئەهلی هەق ) و ( ئیسلام ) وە بووە کەچی گەشەسەندنی زارەکانی تر پەیوەندی بە گەشەسەندنی سیاسەتەوە وەبووە.ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە شێوەزاری گۆران دوور بووە لە سیاسەت، نەخێر هەرچەندە نووسراوەکانی ئەهلی هەق و پیاهەڵدانی زاتی خودا بە شێوەی گۆران بووە، بەڵام میرنشینی ئەردەلان دەوری بنەڕەتی هەبووە لە گەشەسەندنی شێوەی گۆراندا بە جۆرێك هەژموون و دەسەڵاتی گۆران وەیکردووە " کەسێکی وەك نالی نەهێڵێت میرنشینی بابان بە دەسمایەی کۆنی دەستی میرەکانی ئەردەلان کە شیعر بە فۆرمی گۆران بێتە کایەوە–شارەزا و نالی وزمانی ئەدەبی...." لەمە زیاتر، شێوەی گۆران "ڕۆژێ لە ڕۆژان زمانی میرنشینی ئەردەلان بووە و تا ماوەیەکیش هی بابان بووە–هەمان سەرچاوە، ل ١٤ "ئەو دەورەی گۆران هاوکات بووە بە دەسەڵاتی سیاسی میرنشینی ئەردەلان، هەر کە خۆری ئاوا

بووە هەژموونی شێوەی گۆرانیش یان دروستبوونی کەسانی وەك بێسارانی و قوبادی و مەولەوی...دووبارە نەبوونەوە ! !

پاشا یان میری وڵات لەگەل توێژی روناکبیری وڵات دەوری سەرەکیان هەیە لە گەشەسەندنی زارێکی کوردیدا .قوتابخانەی ئەدەبی بابان و بوونی عبدالرحمانی پاشا دەوری گرنگیان هەبووە بۆ ئەوەی کورمانجی ناوەراست ببێتە زمانی ئەدەبی و زمانی سیاسەت .نالی و سالم و کوردی و مەلا عوسمان ڕۆڵی گرنگیان هەبووە بە هۆی بە پێزی شیعرەکانیان لە گەشەسەندنی شێوەی کورمانجی ناوەڕاستدا .محەمەدی مەلا کەریم دەربارەی دەوری نالی لە سەرهەڵدانی کورمانجی ناوەڕاست دەنووسێت :" نالی داهێنی قوتابخانەی نوێی شیعری کلاسیکی کوردی و هەلگری ئاڵای کولتووری نەتەوەیی تازە لە کوردستانی باشوور بە دیالێکتی کرمانجی خوارووی قسەکردوودا ( کورمانجی ناوەڕاست—نووسەر )....چوارچێوەیەکی نوێشی بۆ کاریگەرترین هۆیەکانی ( ڕاگەیاندن)ی ئەو سەردەمە دانا کە شیعرە—نالی لە کلاورۆژنەی...ل ٥—٦ سوجادی توێژەریش دەڵێت :" نالی گەورەترین هۆنەری کلاسیکی کوردە، قوتابخانەکەی بەرزترین قوتابخانەیە بۆ ڕێبازگەی بەلاغەتی ووشە و، ووردی گوزارە..شارەزا ل٢٦ .

رەوانبێژی و یاریکردن بە واتاکانی وشە و بەرجەستەکردنی هەندێ ئایەتی قورئانی لە دەقی شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە .جگە لەوەی بناغەیەکی پتەویان بۆ زمانێکی ئەدەبی و سیاسەت دانا، نالی و سالم گەرچی بە

حاڵەتی داگیرکردنی عوسمانی دڵتەنگ بوونە، بەڵام بەوە دڵیان خۆش بووە کە بەردی بناغەی زمانێکی ئەدەبیان دارشتووە .دەربارەی کاریگەر و هەژموونی ئەو زمانە لە دەرەوەی سلێمانی، د.مارف دەنووسێت :" شیعری ئەو بزووتنەوە ئەدەبی یە نویٚ یە، لە چوارچێوەی میرنشینی بابان دەرچوو و، بە ناو هەرێمەکانی کوردستانی خواروو : ئەردەلان (سنە) سۆران (هەولێر) و موکریان (مەهاباد) دا بلاوبووەوە– شارەزا، ل١٦.

لە لایەکی تر میرنشینی بۆتان نەوەك بادینان کاریگەری هەبووە لە سەر بە دەسەڵاتبوونی شێوەزاری بۆتان . شاعیری وەك حەریری و مەلای جزیری ڕۆڵیان هەبووە لە ڕێگای شیعرەکانیانەوە لە سەر دروستبوونی زمانی ئەدەبی لەو دەڤەرەوە .د.عزەدین دەنووسێت :" گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کرمانجی ی ژووروو بە تەواوی بەسترا بوو بە مێژووی پەرەسەندنی دەستەڵاتی میرنشینی ی بۆتانەوە و لە ڕەگەزەکانی پەیدابوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد جیا ناکرێتەوە " بە واتای پەرەسەندنی زمان بەستراوەتەوە بە حاڵەتی پەرەسەندنی سیاسەتی میرنشینەکە، هەرکە میرنشینەکە بەردەوام بووە زمانەکە لە پرۆسەی پەرەسەندنەکە بەردەوام هەتا دەوری هەبووە لە دروستکردنی کەسەکان بە تایبەتی هۆزانڤانەکان، بۆیە وەك ئەزموونی دەسەڵاتداری ئەردەلان نەوەك بابان زمانی کوردی بە شێوەی گۆران، بە هەرەسی میرنشینەکە لە بەردەم دوژمن هەرەس یان نسکۆ و پاشاگەردانی زمانەکەی

لێکەوتۆتەوە !گەشەسەندنی زمان بە تایبەتی زمانی ئەدەبی بەرهەمی عەقڵی سیاسی کوردە .مرۆڤی کورد لەوساوە چاوەڕێی پادشایەکی کوردە کە هەموو کورد یەکبخات .شاعیرێکی وەك ئەحمەدی خانی، کە باکی بیری نەتەوەیی کوردە، لە سەدەی هەژدەمەوە چاوەڕێی ئەو پادشایە و دەنووسێت :

گەر دی هەبوا مە پادشاهەك
لایق بدیا خودێ کولاهەك
حاصل بە بویا ژ بوو وی تاجەك
ئەلبەتە دبوو مەژی رەواجەك

**پێنجەم: زمانی حکومەت**

زمانی ئەدەبی میللی وەك زمانی شیعری بەردەشانی و حەریری و زمانی میللی ئایینی وەك مەولود نامە کوردیەکان لە لایەك زمانی شیعری نالی و سالم و کوردی و جزیری و ئەحمەدی خانی و قوبادی و مەولەوی...هتد لە لایەکی تر ڕۆڵی پۆزەتیڤی خۆیان هەبووە لە بناغەدانانی بەردی بناغەی شیعری کلاسیکی کوردی .وەك گوتمان ئەو شیعرانە وابەستەی بوونی دەسەڵاتی کوردی بوونە، بەڵام دەسەڵاتی سۆران و بادینان هیچ دەورێکیان **نەبووە لە دروستکردنی قوتابخانەیەکی ئەدەبی ! !**

بەر لەوەی بسەلمێنین رەهەندی مێژوو و ژمارە هیچ دەوری نییە لە سەر دروستکردنی زمانی دەسەلاتدار، دەمەویٚ ئاماژە بە فاکتەری دروستکردنی حکومەتی کوردی بکەم و ئەوە ڕوون بکەمەوە کە چۆن زمانی کوردی شێوەی کورمانجی ناوەراست لە دەسەلاتی میرنشینەوە بۆتە زمانی پەروەردە و حکومەت، کەچی شێوەی گۆران و بۆتان ئەو دەرفەتەی نەبووە ببێتە زمانی پەروەردە و حکومەتی کوردی....

## حکومەتی کوردی

زمانی هەر میرنشینێك لە سنووری میرنشینیەت تێنەپەڕی، دەولەتی عوسمانی لە نێوی برد، بەوەش زمانی ئەدەبی رووی لە کزی کرد .تەنیا میرنشینی لەو هاوکێشەیە بەدەر بوو، هۆیەکەی یان ئەو بناغەیە بوو کە قوتابخانەی بابان دایرشتبوو یان ماوەی نێوانی ڕووخانی میرنشینەکە ١٨٥١ و دامەزراندنی یەکەم حکومەتی کوردی ١٩١٨ بوو ؟؟ ئەمە پێویستی بە توێژینەوە هەیە .موحەمەد رەسول هاوار لە لاپەرە ( ٥٤٤ )ی بەرگی یەکەمی شێخ مەحمودی قارەمان و دەولەتەکەی خوارووی کوردستان دەنووسێت :" لە دوای لە ناوبردنی ئەمارەتی بابان لە سلێمانی دا لە سالی ١٨٥١، جارێکی تر یەکەم حوکمدارێتی لە خوارووی کوردستاندا لە پایتەختی سلێمانیدا لە ١ .١١ .١٩١٨ دامەزرێنرا " ئەو حوکومەتە هەم درێژەپێدەری میرنشینی بابانە هەم حوکومەتی کوردستان لە مهاباد و

حوکمی زاتی له هەولێر و کابینـەکانی حوکومـەتی کوردسـتان لـه هـەولێر و سـلێمانی . لـه حوکمـداری شـێخ مـەحمود هـەتا دوا کابینـەی حوکومـەتی کوردسـتان زمـانی حوکومـەت و زمـانی ئـەدەب وەك یـەك بوونـه . لـەو حوکومەتانه زمانی پەروەردە به زمانی کوردی بووە یان حکومەتی عێراقی له رۆژی دامەزراندنیەوە به ناچاری له سلێمانی و هـەولێر زمـانی پـەروەردە زمانی کوردی بووە، بەڵام هیچ زارێکی کوردی له دەوڵەتەکانی تر دەرفـەتی ئەوەی بۆ دروست نـەبووە لـه پـاش روخـانی میرنشـینەکەیان ببنـه زمـانی پەروەردە .

## ڕەهەندی مێژوویی لای جووتستاندەرەکان

ڕەهەندی هەبوونی مێژوویی،باسـکردنی سـەروەریەکانی زمـان لـه قۆنـاغ لـه قۆناغەکان دەکرێته پاساو بۆ ئەوەی زمانەکه بکرێته جووتسـتاندەر، گـرنگ نییه بەلکو دیموکراسیه ئەگەر یەك نەتەوە بکرێته دوو نەتەوە وەك صرب و کرواتــەکان، چــیك و ســلۆڤاکەکان ! رەهەندی هــەبوونی مێــژوویێك بــۆ سەروەریەکان له دەرەوەی پرۆسەی ستاندەربوونه !

سەیریکه پرۆفیسۆرێکی وەك د.ئـەمیر حەسـەنپوور پرۆسـەی سـتاندەربوون دەبەستێتەوە به رەهەندی مێژوویی "

" تا ساڵی ١٨٩٨ که هەوەڵ رۆژنامەی کوردی بڵاوبۆوە، ئەو سێ لەهجانـه، هەر کامەی له ناوچەی خۆی گەشەی دەکرد و پێوەندییەکی بەرین نەبوو له نێوان ئەو لەهجانەدا. گەرچی پێوەنـدی نێـوان سـۆرانی و هـەورامی کـەمێك

زیاتر بوو. له ١٨٩٨، که هەوەڵ ڕۆژنامەی کوردی چاپکرا، ئەوکات کێشەی لەهجە هاتە گۆڕێ بەڵام نەك بە شێوەی سیاسی. ئەوانەی کە ئەو ڕۆژنامەیان بڵاوکردەوە کورمانجیئاخێو بوون و زۆربەی ڕۆژنامەی کوردستان بە لەهجەی کورمانجیه. جار و بار لەو ڕۆژنامانە و گۆڤارانەی کە دواتر بڵاوبوونەوە، ئەوانەی کە سۆرانی ئاخێو بوون، بە سۆرانی شتیان نووسیوە و لەو گۆڤارانەی سالآنی سەرەتای سەدەی بیست دا دەقی سۆرانیش هەیە. ساڵی ١٩١٨ برگەیەکی یەکجار گرینگە ئەویش تێکچوونی دەوڵەتی عوسمانیە. بەشی هەرە گەورەی کوردستان لە دەوڵەتی عوسمانی دابوو، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوایی ئەو سنوورەی کە ئێستا بەینی عێراق و ئێران و تورکیایە. هەر ئەو سنوورە بەو ئەو زەمانیش. بە تێکچوونی دەوڵەتی عوسمانی، کوردستان دابەشبووەوەو بەشی کوردستانی تورکیا و کوردستانی عێراق و کوردستانی سووریا پەیدابوون. لێرە بە کورتی دەڵێم تا ساڵی ١٩١٨، لە سەراسەری کوردستان، لەهجەی کورمانجی لەهجەی سەرەکی بوو. هەوەڵ ڕۆژنامە بە کورمانجی بوو. کوردستان، ١٨٩٨. هەوەڵ کتێب بە کورمانجی بوو، "ئەلفبایێ کورمانجی" ساڵی ١٩٠٩، "خەلیل خەیاڵی مۆتکی"، بڵاویکردەوە. هەوەڵ قەوانی کوردی بە زمانی کورمانجی بوو، هەوەڵ جار کە دەنگ تۆمارکرا، ساڵی ١٩٠٢، ئەو دەمی سێ گۆرانی کوردی تۆمار کراوە کە بە زمانی کورمانجین. یەکێك لەو گۆرانیانە دە دوازدە ساڵ لەمەوبەر، لە ئاڵمان بڵاوکرایەوە. هەوەڵ فەرهەنگی وشە

"نۆبهار"ی "ئەحمەدی خانی"، لە سەدەی ١٧ بـە کورمـانجی بڵاوکرایـەوە. هەوەڵ ڕێزمانی کوردی، ئیتالیاییەك بـە نـاوی "گـارزۆنی" نووسـی، کـە لـە سەدەی ١٨ دا بوو و بە کورمانجی بوو. هەوەڵ وەرگێڕانی "شەرەفنامە" بە کوردی، بە کورمانجی بـوو، "مـەلا مـەحموودی بایەزیـدی"، لـە ناوەڕاسـتی سەدەی نۆزدە دا ئـەنجامی دا. هـەوەڵ وەرگێڕانـی ئینجیلـەکان، ١٨٥٦ بـە کورمانجی بوو و بە خەتی ئەرمەنی چاپکرا. هەوەڵ باسی ڕیفۆرمی ئـەلف و بێی کوردی، لە گۆڤارە کورمانجی زمانەکانی سەردەمی عوسمانی بڵاوبۆوە، بە تایبەت لە "ڕۆژی کورد" لـە سـاڵی ١٩١٣ دا، هـەوەڵ دیـوانی شـێعر کـە کوردان بۆخۆیان چاپیان نەکرد، ئاڵمانیـەك بـە نـاوی "هارتمـەن" لـە سـاڵی ١٩٠٦، "دیـوانی مـەلایێ جزیـری" بـوو کـە چـاپی کـرد، ئـەویش هـەر بـە کورمانجی بوو. تەواوی ئەو هەوەڵانـە بـە کورمـانجی بـوون. لـەو ماوەیـە دا شتێك بە سۆرانی چاپ نەکراوە. تەنیا یەك شـت هەیـە، گۆڤـاری "پـەیـژە"، یەك ژمارەی لە ساڵی ١٩١٤ لە بەغدایە چاپکراوە، هیچ شتێکی دیکە نەبووە بە سۆرانی."

لە هیچ وەختێکا بنزاری بادینی هیچ دەورێکی لە ڕەهەندە مێژووییەکە نەبووە، ئەوەی لەو ماوەیە ستاندەر بووە زۆری بنزاری بۆتانی بووە نەوەك بادینی هەروەها هەتا بۆتانیەکەش زمانی خوێندنی کوردی نەبووە ! بەو ژمارە زۆرەش لە سەرەتای سەدەی بیستەم تێنەپەڕیوە و تووشی هەتا چەند ساڵێك پێش ئێستا تووشی نسکۆیەکی پشتشکێن بووە !

## پاساوی تاکستاندەرەکان

لایەنگرانی کورمانجی ناوەراست جەخت لە سەر ئەوە دەکەن، کە لە حکومەتی شێخ مەحمودەوە تاکو دوا کابینەی حەوتەمی حکومەتی کوردستان شێوەی ئەوان بۆتە زمانی ڕەسمی و پەروەردەی حکومەتەکان هەروەها بۆتە زمانی ئەدەبی زۆربەی باشووری کوردستان وەی لێدەکات ببێتە زمانی ستاندەر!لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەتا سەدەی بیست و یەك پەروەردە و ئەدەب بەو شێوەیە بووە !

## *لە زمانی ئەدەبییەوە بۆ زمانی حکومەت*

زمانی ئەدەبی literary language هەرتەنها زمانی ئەدەب نییە بەڵکو زمانی خوێندن و پەروەردەشە. ئەو زمانە مێژوویێکی سیاسی هەیە،چونکە ئەو زمانە لە سەردەمی دەرکەوتنی میرنیشینە کوردییەکان نەش ونمای کردووە و بۆتە زمانی دەسەڵاتی سیاسی! ئەمەو ئەو زمانە،زمانی ئەدەبی، هەرتەنها زمانی ئایین و گوتاری ئایینی نەبووە بەڵکو زمانی ئەدەبیش بووە زۆربەی هەرەزۆریش شاعیرانی کلاسیکی کوردی ناو قەڵەمڕەوی میرنیشە کوردەکان مەلا بوونە یان باکگراوندێکی ئایینیان هەبووە و دەقە شیعرەکانیشیان لە ئاستێکی زۆر بەرز دابووە هەروەها باکگراوەندی ئەو شاعیرانەی کورد لە ئاستێکی مەعریفی ئەوتۆدابوون نەك هەر کاریگەری کەلتوری ئایینی گەلانی دەوروبەری کوردستانیان پێوە

دیارە بەڵکو بەشێکیان شارەزایان هەتا لە فەلسەفەی یۆنانی ورۆمانی دا هەبووە، شاعیرێکی وەك مەلای جەزیری چەندەها چەمکی ناو فەلسەفەی فارسی ویۆنانی لە شیعرەکانی دا تەوزیف کردووە .

**لەزمانی ئەدبیەوە بۆ زمانی یەکگرتوی ئەدەبی**

زمانی ئەدەبی نەیتوانی تەواو لە چوارچێوەی میرنیشنێکی کوردی دەربچی. هەندێ فاکتەر لە پال ئەو بازنە تەسکەی زمانی ئەدەبی کوردی دابوون،لەوانە ئەو ڕەوشە زیاتر پەیوەست بووە بە سیاسەت و بیر کردنەوەی میرانی کورد کە تاك و تەرایان نەبێ ستراتیژیەکی نەتەویی نەبووە. زمانی ئەدەبی کوردی زمانێکی هاوبەشی کوردی و ئەدەبی کوردی نەبووە.هەرچەندە هەموو زمانێ شیانی ئەوەی هەیە ببێتە زمانێکی هاوبەش، بەڵام هەندێ فاکتەری ناوخۆ و دەرەکی دەبنە ئاستەنگ لە بەردەم ئەو پێشڤەچوونە !

ئەزموونی میرنیشینی بۆتان و دەرکەوتنی شاعیرانی وەك مەلای جەزیری و پاشان ئەحمەدی خانی نمونەی توانستی زمانە .هەر گوتاری سیاسی میر و شاعیرانی ئەو دەڤەرە بوو توانی قوتابخانەیەکی نەتەوەیی لەسەر ئاستی تاکە کەسی و کۆمەڵگا بسەپێنێ! گوتاری شیعری زاتێکی وەك جزیری سنوری جوگرافیای میرنشینی بۆتانی بریبوو :

**گولی باغی ئیرەمی بۆتانم**

**شەب چراغی شەبی کوردستانم**

گوتارێکی (کوردستانی)یە گوزارشت لە بیر کردنەوەو جیهان بینی و مەلای جەزیری دەکات .

لە لایەکی تر ئەحمەدی خانیٚ ڕخنەگرێکی سیاسی سەردەمی خۆی بووە هەرگیز بەو ڕەوشە پڕ ململانیٚ یەی میرانی کورد رازی نەبووە لە ڕێگای شاکاری (مەم وزین)ەوە گوزارشتی لە ئایدیای سیاسی خۆی کردووە .هەروەها لەم دێرە شیعرەی خوارەوەئاشکرا دەبیٚ کە لەناو قەلەمڕەوی دەسەلأتی سیاسی کوریدا شێوازێك لە سانسۆر لەسەر ستراتژەیەتی نەتەوە هەبووە،هەروەك خۆی دەلیٚ:

**شەرحا غەمیٚ دلٚ دکەم پەسانە**

**زین ومەمیٚ دکەم بەهانە**

ئەو زمانە، شێوەزاری بۆتانی کرمانجی سەروو هەتا سەدەی سیستەمیش دەرفەتی لە پێش بوو ببێتە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو یان زمانی ستاندەری کوردی، بەلأم داگیر کردن و دابەشکردنی کوردستان بە گوێرەی سایکس پیکۆ،سان ریمۆ،لۆزان و بریاری لکاندنی باشوری کوردستانی بە عێراق بە بریارێکی کۆمەلٚەی گەلأن ولە ئاکام دا دروستبوونی دەولٚەتی عێراق و تورکیا و سوریا لەسەر بنەمایەکی ئیستعماری و سیاسی وشۆڤینانەی کەمالیەکان، وایکرد ئەو زمانە ئەدەبیەی باکور بەرە بەرە لە نوسین تیرۆر بکریٚ و ببێتەوە بە زمانێکی "لادێی"!

هەرچی زمانی ئەدەبی قوتابخانەی ئەدەبی بابانە ئەوە هەروەك چۆن شاعیران وەك نالی وسالم وكوردی ومەلا عوسمان و فەقێ قادر وەك مەلاو ڕۆشنبیر كاریان لەسەر بلاوكردنەوەی كرد، ئەوە دەسەلاتی سیاسی هەندێ لە میرەكانی ئەویش فاكتەرێك بوو،زمانەكە سنوری جوگرافیای شاری سولێمانی هەتا میرنیشینی بابان ببەزێنێ وەك ئاماژەمان پێكرد.

لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانەوەش سلێمانی بووە مەڵبەندی ڕاپەڕینێكی ڕۆشنبیری و سیاسی ولە باشوری كوردستاندا هەروەها یەكەم حكومەتی كوردیش لەوێوە دامەزرا.ئەو شارە مێژوویێكی سیاسی بۆخۆی نوسی وشێوازەكەشی بووە بەشێك لەو مێژووە،چونكە ئەو ئەزمونەی كورد لەسەرەوەی دەسەلاتی میرنیشی بوو .دەسەلاتی كوردی وەزیری هەبوو، ڕاگەیاندنی هەبوو، ئەدەبی دەسەلات و دەرەوەی دەسەلاتی هەبوو! ئەدەب تەواو لە ژێر كاریگەری حكومەتی شێخ قادرو دەسەلاتی شێخ مەحمود نەبوو.چەندەها نوسەر ڕەخنەیان لە شێخ وئەزمونەكەی گرت. جەمال عیرفان وجەمیل صائیب لەو نوسەرانە بوون كە لە دەرەوەی بازنەی دەسەلاتی شێخ دابوون.

ئەو هەوڵەی كورد بۆ ڕەسمیكردنی زمانی كوردی تەواو سنوری سلێمانی شكاند .ئەو زمانەی نالی وسالم وكوردی بووە زمانێك ناچار حكومەتی عێراقی بەگوێرەی یاسا بەزمانێكی ڕەسمی خوێندنی شارەكان هەولێر وسلێمانی وكەركوكی دابنێ .هەرچەندە حكومەتی عێراقی و مەلیك فەیسەل

لە ڕێگای یاسای زمانە ناوچەیەکان لە ساڵی ١٩٣١ هەولیاندا کورد لەڕێگای زمانەوە دابەش بکەن،بەوەی کوردەکانی هەولێر،سلێمانی،کەرکوك بەکوردی بخوێنن .کەچی بە گوێرەی بەندی هەشتی ئەو یاسایە ڕێیان بە کوردەکانی بادینان دا کە بە زاری خۆیان بخوێنن،بەلآم ئەو هەولەی حکومەتی مەلەکی سەری نەگرت،دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست لە (زمانی ئەدەبی ) یەوە پەڕییەوە بۆ قۆناغی(زمانی ئەدەبی یەکگرتوو).دەسەلآتی سیاسی ڕۆلێکی گرنگی بینی لە نەشونماکردنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، مەلا مستەفای بارزانی بە"یەك قسە " ی کرمانجی ناوەراستی کردە زمانی رەسمی و ستاندەری دامو دەزگای حیزب و شۆرش و ئەزمونی کارگێری ١٩٧٠-١٩٧٤.ئەو هەولەی بارزانی وای کرد زمانی خوێندن لە سالآنی ١٩٧٠-١٩٧٤ لەدەڤەری (بادینان)یش بەزمانی کوردی بێت.ئەمەش وای کرد هەتا نوسەرەکانی بادینانیش بەو شێوە variety یەی زمانی کوردی نەك هەر بخوێننەوە بەڵکو بشنوسن!بەعس لە دوایی سالآنی دەسەلآتی رەهای هەولی دا جارێکی تر بەندی هەشتەمی یاسا زمانە ناوچەییەکان زیندوو بکاتەوەو پارەیەکی زۆری تەرخان کرد بۆ هەردوو رۆژنامەی "ئاسۆ"ی"سۆرانی"و "بزاڤ"ی بادینی! ئەو هەولەش نەیتوانی ڕێگا لەبەرەو پێشچوونی زمانی کوردی بگرێت.ئەو رەوتەی بەرەو تەواو فۆرمەلەبوونی زمانی ستاندەری کوردی هەر لەبەرەو پێشەوە بوو هەتا کورد بوە خاوەنی حکومەتی خۆی ! ! !

## لەزمانی ستاندەرەوە بۆ زمانە ناوچەییەکان

ئەم قۆناغە قۆناغێکی زۆر ترسناکە لە زمانی کوردی دا،چونکە سەردەم سەردەمی حکومەت و بەرەو دەوڵەت بوونە کە چی ستراتیژیەتی حکومەتی کوردی تەواو بە پێچەوانەی سەردەمە ئەویش بیەوێ و نەیەوێ راستەوخۆ کار لەسەر بەندی هەشتەمی یاسای زمانە ناوچەیەکانی ساڵی ١٩٣١ دەوڵەتی عێراق و ئینگلیز دەکات .دەوڵەتی عێراقی لەسەردەمی مەلەکیەوە هەوڵی دەدا حالەتی سۆرانی و بادینی نەك هەر بەدیاردە بکات بەڵکو بیکاتە (دیفاکتۆ)لەسیاسەت، ئەمەی تا رادەیەکی زۆر پێکرا بەلاّم هیچ کام لە حکومەتەکانی عێراق نەیانتوانی لەسەر ئاستی زمانی،کورد بۆ دوو (نەتەوە)دابەش بکەن ئەفسۆس ئەوە حکومەتی کوردیە رێگا لەبەر زمانی کوردی دەگرێ و جارێکی تر دەیەوێت زمانی کوردی بە زمانی سۆرانی بناسرێ بادینیش بە زمانی بادینی ئەگەر ئەو پرۆژەییەی وەزارەتی پەروەدەی حکومەتی هەرێم سەر بگرێ ئەوە دەسەلاّتی کوردی هیچ ئەدگارو سیمایەکی حکومەتی نامێنێ، بەڵکو دەبێتە میرنیشینێکی مۆدێرن کەخاوەنی زمانی هەرێمەکەی خۆیەتی نەك زمانێکی رەسمی وستاندەر.

## پلانی زمان بۆ دیاریکردنی زارێك

بەر لەوەی باسی گرنگی پلانی زمان بکەین بۆ تاکستاندەری لە نێو کورددا . هیچ نەتەوەیەك نییە جووت ستاندەری هەبێت .من لە لام گرنگ نییە چ زارێك دەبێتە ستاندەری نەتەوە .من باوەرم بە هەژموونی مێژوو و ژمارە

نییه .ئەو باوەڕەشم لە سەر بنەما دروست بووە .سەبارەت بە ڕەهەندی مێژوویی ئەوە زاری ( لوری ) و ( گۆران ) لە شیعری بابەتاهیر و نووسراوە ئاینییەکانی ئەهلی هەق پێش کورمانجی سەروو و کورمانجی ناوەراست شتیان پێنووسراوە کەواتە ئەگەر قسە لە سەر ڕەهەندی مێژوویی بکەین دەبێت لوڕی یان گۆران هەڵبژێرین ! !ئەو ژمارە زۆرەی کورمانجی ئاخێو چەندی بە زمانی کوردی شێوەی کورمانجی سەروو خوێندوویەتی ؟؟ چەندی خوێندەوارە ؟؟ لە پاش روخانی میرنشینی بۆتان، بۆتانی کۆتایی پێهاتووە ! لە هیچ کاتێك دوای روخانی بۆتان نەبۆتە زمانی پەروەردە و حکومەت !

پێش ئەوەی لە گرنگی پلانی زمان بدوێم و خۆم لە هەژموونی بنزارەکەم دوور بخەمەوە، دەمەوێ ئاماژە بە جیاوازی نێوان زمان و زار بکەم :

## جیاوای نێوان زمان وزار

زمان وزار زۆر جیاوازیان هەیە. نوسەر و ڕەخنەگران زۆریان لەسەر ئەو دوو قۆناغەی زمان نووسیوە، هەروەها باسیان لە هۆکاری ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری کردووە. هەرچەندە زمانی ستاندارد قۆناغی یەکزمانی و یەك دەوڵەتی و نەتەوەیی و بەزاندنی سەردەمی عەشیرەت و هۆزە.زمانی ستاندارد لە ڕووی هونەریوە لە زار جودایە، هەر یەکەی دەڤەرێك بۆ خۆی دادەبڕێ،بەلام سنووری دەسەلاتی زمانیی زمان فراوانترە لە زار. دەکرێ جیاوازیەکان لەو خالانە کورت بکەینەوە:

یەکەم / زاراوەی تایبەت

هەر یەك لە زمان وزار زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە زمان بەو مانایەی ئێمە لێرە بەکاری دەهێنین زیاتر بوارە پەروەدەیی و سیاسی و کارگێری و دامودەزگایی دەگرێتەوە لەو بوارانە چەندە زاراوەی تایبەت بەخۆیان بەکاردێن بە دەگمەن هەڵدەکەوەێ هەندێ زاراوەی تر لەوبوارانە بەکاربێن زۆربەشیان ئەگەر تێکەل بکرێن لەگەل زاری (زمانی)رۆژانە قورسایی خۆیان لەدەست دەدەن،کەواتە زاراوەی یاسایی کارگێری سیاسی پەروەردەیی تەنیا لە زمان بەکار دێت .پێویستە ئەوانەش بە شێوەیەك دابرژێن لە لایەن لێژنەکەوە لێژنەیەکی تایبەتەوە رۆنان بکرێن هەتا وەك زمانێکی یەکگرتوی ستاندەر هەموو لەسەری کۆك بن وهەرچی هەندێ زاراوەی رۆژانە هەن ئەوانە خۆی لە خۆیاندا تایبەتن بە زارو بن زاری شوێنەکە،ئەوانەی دوایی وەك زار مامەلەیان لە گەل دەکرێ :وەك زاراوەی مێوە فرۆش و سەوزە فرۆشان زاراوەی تایبەت بە جوتیارو سەپان زاراوەی هەراچ چی زاراوەی عەمەلە وکرێکار لەناو زمان جێگایان بۆ نەکراوەتەوە زاراوەی مێوان،منداڵ بازو ژن بازان ئەوا لە زمانێکی وەك زمای ئینگلیزی لە فەرهەنگی ئاسایی نین.هەروەها رۆنانی ئەو جۆرە وشانە لە زمانی کوردی بە زۆری لەدەرەوەی رێساکانی رۆنانی وشەن لە زمانی کوردای دا.

دووەم/ ئەدەبی بوون

بێ گومان ئەفسانە و فۆلکلۆر زمانی ئەو دەقانە زیاتر لە چوا ر چێوەی زار دان نەك زمان چونکە خەسلەتی ناوچەیەیان بەسەر دا زاڵە .لاوك وحەیران هۆرە بەستە نەك هەر ناسنامەی ناوچەو دەڤەیان دەردەخەن بەلکو هەتا وشەکانیش لەو چوار چێوە دەرناچن واتاشیان لە دەڤەری تر ئاسان نییە بە شێوازێکی تر وشەکانی لاوك وحەیران زیاتر تایبەتن بە دەڤەری هەولێر بۆیە کەسێکی هەورەمان تەواو لەو وشانە ناگات چونکە وشەکانی ئەو دەقانە لە سنوری ئاخاوتن دەرناچن

ئەو جۆرە (زمانە ) دەقێکی ئەدەبی-هونەری پێنانوسریێ و وێرای ئەوەش،ناتوانیێ ببیتە (زمان)ێکی پەروەردەیی لە دامودەزگاکانی خوێندندا .هەر هەوڵێك بدریێ دەبیتە هەڵوەشاندەوەی زمانی ستاندەری نەتەوە

ئەگەر زمانی ئەو دەقانە توانستی بە ئەدەبیبوونی نەبوو، ئەوا ئەو دەقانە هەمیشە ناسنا مەیان نابێت . دەقی ئەفسانە و فۆلکلۆر لە بنەڕەتدا دەقێکی وتراون.هەرئەوەش وایکردووە کە بونیادی هەموو ئەفسانەیەك، هەرچەندە لە عەشیرەت و دەڤەرو کەلتوری جیاواز بن،ئەوا زمانیان لە زمانێکی ناوچەیی دەرناچن و لەیەك بچن! ! لەم روانگەوە کە ئەفسانەو فۆلکلۆر و چەندەها ژانری ناوچەیی دی هەر لەناو چوارچێوەی زمان دەمێننەوە .

سێیەم/ زمانی لێکۆلینەوە

زمانی لێۆلینەوە وا ڕێکەوتووە زمان بێت نەك زار چونکە زار گوزارشت لە ناوچەیەك دەکات کە ناوەندی خوێندنی فەرمیی تێدا کەم بێ.لەوانەیە مەسەلەی لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەك بێ.وەك زمانی دەڤەرێك یان کەلتوری دەڤەرێك:ئاین کەلتورە یان نەخێر؟؟ زمان خۆی لە چوارچێوەی زمانە؟؟...دەکرێ هەموو ئەمانە بە زاری ناوچەکە گوزارشت تاوتوێ بکرێت هەروەها گۆرانی، لاوك، حەیرانی دەڤەرەکە بە زاری هەرێمەکە بچڕێ!! ناکرێ گفتوگۆی تاکەکانی ناوچەکە بە زمانی ستاندارد بێت چونکە ڕەوشی زمانەکە و زارەکە دەشێوێن. زمانی لێکۆلینەوە دەکرێ بە زمانی ستاندارد بۆ ئەوەی هەموو کەس لە مەسەلەکە بگەن نەك تاکەکانی دەڤەرەکە.

چوارەم .لە یەکترگەیشتن

ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگایەك لە یەکترگەیشتن و ئەوا چەند زارێك بە کاردێن و هێشتا لەکۆمەڵگایەکی عەشیرەتی دەژین و ڕزگارین نەبووە لە پەتای ئەو جۆرە ڕژێمەی وڵات. لە لایەکی تر،مرۆڤ هەر بە سروشتی خۆی حەزی لەوەیە لە گفتوگۆکردندا زاری خۆی بە کاربێنێ.

جا ئەگەر بنەمای لە یەکترگەیشتن لە نێوان دوو ئاخێوەر هەبوو ئەوا بە دوو زاری یەك زمان قسە دەکەن،بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە بنەمایە بوونی نەبوو هەردوو ئاخێوەرەکە لە یەکترنەگەیشتن ئەوا بە دوو زمانی جیاواز قسە:

دەكەن.لەوانەیە ئاخێوەرانی دوو زار لە یەك نەگەن و ئاخێوەرانی دوو زمانی لە یەك نزیك لە یەك بگەن، بەلام ئەو حاڵەتە دەگمەن و كەمە.

ئەو چوار بنەما و شنگستەمان بە هەند وەرگرت، مەسەلەكەمان لە لا ئاسان دەبێت.بۆ نموونە لە زمانی كوردیدا ئەو هەموو زار و بنزارەمان هەیە، كیشە و ئارێشەمان لە نێو بەرپا نابێ. سنووری زمان و زار تەواو جودایە، زمان بە گشتی پەروەدە و خوێندە هەرچی زارە بە گشتی قسەكرن و ئاخاوتنە .لە زمانەوانی گشتیدا هیچ كەس ناچار ناكرێ بە خورتی بە زمانی كتێب قسە بكات و زارەكەی وەلابنێت.

جیاوازی بنەڕەتی زمان و زار ئەوەیە لە زماندا خەسلەتی شوێن بە پێچەوانەی زار ون دەبێت و نامێنێت .ئەمە ئەو كاتە دەردەكەوێت كە نووسینێكی ئەكادیمی بەو زمانە بنووسرێ هەست بە سۆرانی و گەرمیانی و بابانی دەقەكە ناكرێت و نازانی دەقەكە هی كام زارە؟

## پلانی زمان

### دەروازە

پلانی زمان پرۆسەیەكە بە پێچەوانەی هەوڵی پێشوو، كار لە سەر خودی زمان دەكات .هەوڵی پێشوو ئیش لە سەر ڕەهەندی مێژوویی دەكات .لایەنگرانی تاكستاندەر و جووتستاندەر هەردوو نموونە بە ڕەهەندی مێژوویی دەهێننەوە و هەوڵی هیچ كامێكیان لە ڕوانگەی پلانی زمانەوە ناكەوێتە چوارچێوەی لێكۆڵینەوەی زمانەوە، جا بۆ ئەوەی لەو هەوڵەی

دوور لە زمانەوە دوور کەوینەوە و هەوڵێك بدەین کە لە خودی زمانی کوردیەوە سەرچاوەی گرت بێت، وا پێویست دەکات جارێکی تر پلانی زمان بۆ دیاریکردنی زمانی ستاندەر وەك ئەلتەرناتیڤێك-جێگرەوەك-پێشکەش بکەین.

## پێناسەی پلانی زمان

بۆ ئەوەی بە دروستی لە پلانی زمان بگەین، وا دەخوازێت پێناسەیەکی پوختی پلانی زمان بکەین .پلانی زمان هەوڵێکی سیاسی دروست و ساخلەمە لە ئاکامی هەبوونی ڕەوشێکی سیاسی-کۆمەلایەتی دروست دەبێت و هەوڵدەدات رەوشی خودی زمان لە وڵاتێکی یەکزمانی بگۆڕێت. وێڕای ئەمەش، پلانی زمان چالاکیەکی حکومی و جەماوەریە بۆ هەڵبژاردنی زارێك لە زارەکانی زمانی نەتەوە هەروەها پەرەپێدانی زمانێکی کارگێری یەکگرتوو . هەولی پلانی زمان هەردوو شێوازەکەی زمان دەگرێتەوە :نووسین و ئاخاوتن .

ئەم نووسینە زیاتر کار لە سەر نووسین دەکات و خۆی ئەوەندە بە شێوازی ئاخاوتنی کەسەکان و هۆزەکان مژوڵ ناکات .نووسین بە تایبەتی لە پەروەردە شادەماری ئاسایشی نەتەوەیە .تاکەکانی نەتەوە نە هەموو بە هەبوونی کتێبێکی پیرۆز وەکو قورئان ڕازی دەبن نە بە بڕیاری سیاسی سەرۆکی هەرێم،کەواتە کارکردن لە سەر بنەماکانی پلانی زمان ڕێگەیەکی

ساخلەمە بۆ پاراستنی یەکریزی نەتەوە نەوەك وەك پرۆفیسۆرێکی کورد جیابوونەوەی کورد لە کورد بە چارەسەر بزانین .

لە لایەکی زمانەوانێکی وەك دەیڤید کریستال ئاوا پێناسەی پلانی زمان دەکات :" پلانی زمان زاراوەیەکە لە کۆ-زمانەوانی بەکاردێت ئاماژە بە هەوڵێکی سیستماتیکی دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندیکردن لە کۆمەڵگایەکی تاك زمانی ( یان کۆمەڵگایەکی فرەزمان – وەرگێری بابەتەکە ) .ئەمەش بە توێژینەوەی چەندەها زمانی یان دایەلێکتی کۆمەڵگاکە دەبێت ..."لە درێژەی بابەتەکە دەنووسێت پلانی زمان بە ئەندازەی زمان ئاماژەی پێدەکرێت .-دەیڤد کریستال،ل ١٩٤ .هەر بابەتی پلانی پەیوەندی بە ئەندازەی زمان نییە .ئەو کۆمەڵگایەی دەڤید ئاماژەی بۆ دەکات زۆر ترسناکە،چونکە لەو کۆمەڵگایە جۆرە هاوکێشەك بوونی هەیە :ئەگەر خودی خۆشەویستی و ئەشق بۆ زمانەکە بوونی نەبێت، ئەوا حەتمان دیاردەی زمان بزرکردن یان زمان لە دەستدان بوونی دەبێت، ئەو دیاردەش بەرەو کوشتنی زمان هەنگاو داوێت .بۆیە ئەو کێشەیە بۆ ئەوەی کەڵێن لە نێو کورد گەورە نەکات پێویستە لە ڕووی بنەماکانی پلانی زمان چارەسەر بکرێ نەك ڕەهەندی مێژوو و ژمارە بە پێوەر وەربگیرێ، چونکە ئەو حەلە سوڕانەوەیە لە بازنەی بەتاڵ ! !

## بنەما و شەنگستی پلانی زمان

پلانی زمان یان ئەندازەی زمان لە سەر نەخشە و پلان و بادلۆیەکی مەزنی زمان وەك داتایەکی بنەڕەتی دامەزراوە .چارەسەکانی دی هی تاکستاندەر و جووتستاندەر لە سەر خودی زمان دانەمەزراون، بەڵکو بەڵگەی هەردوو لا لە سەر دەرەوەی زمان کار دەکەن .بنەماکانی پلانی زمان لە سەر ویست و خۆشویستنی هۆزێك دانەمەزراون،بەلکو لە سەر خودی زمان یان زارێك دامەزراون .جا بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە مۆرکی سیاسی وەرنەگریٚ و هەر لە چوارچێوەی زمان بیٚ

لە سەر بنیاتە پێویستە کار بکەین و بۆ ئەوەی سایکس-بیکۆیەکی کوردی لە نێو کورد بەرپا نەبیٚ .ئەوەتە پرۆفیسۆرێکی بە تەمەنی وەك حەسەنپوور پێشنیاری ئەوە دەکات " سۆرانی " و بادینی ببن بە دوو نەتەوە و دوو دەوڵەت دامەزرێنن ! !

بنەمەکان بەو جۆرەن، هیڤیدارم ڕەچاوبکرێن بۆ ئەوەی کورد نەبێتە دوو نەتەوە:

١. هەڵبژارندنی زارێك لە لایەن ئەنجومەنی زمانەوانی

لەم بەشەدا وا دیارە سیٚ وشەی سەرەکیمان هەیە : هەلبژاردن، زار، ئەنجومەنی زمانەوانی .بۆ یەکلاییکردنەوەی مەسەلەکە دەکرێت پرۆسەی هەلبژاردن بکرێتە پێوەر .پێوەری مێژوو (رابردوو ) و ژمارە قسەی لە سەر ناکرێت .پرۆسەکەش بە زەبری هێز و سیاسی نییە، بەلکو بە هۆی یەکیٚ لە

بنەماکانی دیموکراسی (هەلبژاردن ) چارەسەر بکرێت . هەلبـژاردن لـە سـەر تەواوی کورد ناکرێت، بەلکو تەنها لە سەر ئەوانە دەکرێت کـە پێشـینەیەکی کەلتوریان هەیە .ئەم پاشینە کەلتوریە وەی لێدەکات کە زارێك لە زارەکانی زمانی کوردی بۆ زمانی ستاندەری کوردی هەلبژێرێت .

**زار-دایەلێکێت**

یەکـەم نووسـەری کـورد کـە باسـی زارەکـانی زمـانی کـوردی کردبێـت، شەرەفخانی بەدلیسی یە .لەوانەیە یەکی تر کورد بیّ یـان بیـانی قسـەی لـە سەر زارەکانی زمانی کوردی کردبێت، شەرەفخان لەوی وەرگرت بێت، بەلاّم بە پێی زانیاری توێژەر ئەو یەکەم کەسە کە زارە کوردیـەکانی ئـاوا دابـەش کرد بێت :

١.کرمانج ٢.لوڕ ٣.کەلهوڕ ٤.گۆران

لە پاشان مەردۆخی هەمان دابەشکردنی دووبارە کردۆتەوە، بەلاّم ڕیزبەندی زارەکانی گۆڕیوە : کرمانج، گۆران، لوڕ، کەلهوڕ .

لـە دوای دابەشـکردنەکەی تۆفیـق وەهـبی، کرمـانجی خـواروو لـە بـریتی کرمانجی ناوەڕاست لە لایـەن د.عـزەدین ڕەسـول و د.کـەمال فوئـاد، تـاهیر سادق تەشـەنەی کـرد لـە ئـەدەبیاتی خـوارووی کوردسـتاندا .وەبـزانم ئـەو دابەشکردنە لەوە دروست بوو، حکومەتەکەی شێخ مـەحمود ( ڕاسـتیەکەی حکوموتی شێخ قادر ) بە ناوی " دەولّەتی خوارووی کوردستان " بـوو هـەر لە سەر ئەو بنەمایەش کرمـانجی ناوەڕاسـت و ئـەدەبیاتی ئـەو دەڤـەرە بـە

کرمانجی خواروو ناونرا، ئەگەرنا کرمانجی خواروو بریتیە لە زاری لوڕ، فەیلی،کەلهوڕ، بەختیاری

بە ڕای من باشترین دابەشکردن، دابەشکردنەکەی د.فوئاد حەمە خورشیدە:

١.کرمانجی باکوور (بایەزیدی،هەکاری،بۆتانی...بادینی)

٢.کرمانجی ناوەڕاست (موکری،سۆرانی،سلێمانی،گەرمیانی...)

٣.کرمانجی باشوور (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری،...کەلهور )

٤.گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا

ئێستا لە باشووری کوردستان کێشەیەکی گەورە لە نێوان بنزاری سۆرانی و بنزاری بادینی هەیە .ئەو کێشەیە ڕەگێکی سیاسی هەتا حیزبی هەیە . دەکرا لە نێوان کرمانجی ناوەراست و فەیلی، لوڕ هەبووایە، چونکە ئەو دوو شێوەیە خیلافێکی مەزهەبی خەتەرناکیان لە نێوان دایە، هەندێ لە فەیلیەکان ئەوەندەی وەفا و ئینتیمایان بۆ مەزهەب هەیە بۆ نەتەوە نییە .

**کوردی هەردوو دەڤەر هیچ کێشەیەکی مەزهەبی و دین جیاوازیان نییە هەتا وەك صرب و کروات و بۆسنیە موسلمانەکان هەموو لێك جیاببنەوە، زارەکەیان بەرەو زمان ببەن و ببنە دەوڵەتی سەربەخۆ .خەتارناکیەکە لەوە دایە هەندێ توێژەری کورد ئەو پێشنیازە بۆ کوردی " سۆرانی " و بادینی دەکەن بەوەی ببنە دوو نەتەوە!!!**

**زارەك، بنزارەك...لەو زارانەی کوردی هەلبژێرن بۆ ستاندەری کوردی .گرنگ نییە تۆ بە چ زارێك و بنزارێك دەدوێی گرنگ ئەوەیە وەك هەر نەتەوەیەکی زیندوو زمانێکی ستاندەرت هەبێت،چونکە زمانی ستاندەر بیناکردن لە دەوڵەت بیناکردن گرنگترە .**

**ئەنجومەنی زمان**

زۆر گرنگە ئەنجومەنێکی زمان لە نێو کوردان هەبێت .ڕێکخراوی زمانناسی زۆر هەوڵیدا ئەو ئەنجومەنە هەبێت بۆ ئەوەی ئەکادیمی توێژینەوەی زمان بکات، بەڵام بە داخەوە خزمەتکاری ئەو پرۆژەیە کەم بوون و سەرینەگرت .ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە کار لە سەر زمان دەکەن . لە سەر ڕەوشی زمان قسە دەکەن نەك شتی دەرەوەی زمان .ئەگەر ئەوها بوو دیارکردنی زارێك یان بنزارێك بۆ شرۆڤەکردن یان هەلبژاردن مەسەلەی زمانی کوردی یەکلا دەکاتەوە .پاش شرۆڤەکردنی زارێك یان بنزارێك لە هەموو لاوە، ئەو زارە یان بنزارە دەخرێتە هەلبژاردنەوە .

**٢.بە کۆدکردنی زارە هەلبژاردراوەکە**

لەم قۆناغەدا کار لە سەر شێوەی زارە هەلبژێردراوەکە دەکرێت. قسە لە سەر جۆری ئەلفبا و لایەنی سیمانتیکی دانە وشەی زارەکانی دی دەکرێت .لەوانەیە لایەنی سینتاکسی زارەکە یان بنزارەکە و جێندەر کێشە دروست دەکات . فەرهەنگی نەتەوەیی کە گیانی نەتەوەیی پتەو دەکات، زارە هەلبێژێردراوەکە بە زار و بنزارەکانی دی زارەکە دەوڵەمەند دەکات . **هەموو** زار و بنزارەکان لە پرۆسەکە بەشداری دەکەن، بە واتای زمانەکە **موڵکی هەموو تاکێکە !**

**٣.فراوەنکردنی زارەکە بە زارەکانی دی**

لەم قۆناغەدا زارەکە بە یارمەتی زارەکانی دی بەرەو زمان دەچێت هەروەها زارەکە لە سنووری زار دەردەچێت و مۆرکی زاری پێوە نامێنێت .ئەم قۆناغە زۆر گرنگە چونگە دەرفەت بە پەرگیرەکانی هیچ زارێك نادات بانگەشەی هاولاتی پلە یەك و دوو بۆ تاکەکانی نەتەوە بکات .

٤. دەوری حکومەتی نیشتیمانی

پاش ئەوەی زارەکە بە فراوەنکردن بە زار و بنزارەکانی دی دەبێتە زمان دەدرێتە حکومەتێکی نیشتیمانی تاکو بە رەسمی بکا و ئامادەی بکات بۆ ریفراندۆم .پێویستە حکومەتەکە موئەسەساتی بێت و ئەقلێکی موئەسەساتی ئاراستەی بکات .بە واتای چۆن حکومەت هەبێ،حکومەتی سێبەریش بە تایبەتی حکومەتی زمان چاودێری کارەکانی حکومەت بکات . هەرچەندە وا باش بوو ڕاپرسی جەماوەر پێش حکومەت بوایە، بەلام بە ڕەسمی کردنی هەولەکە وای لێکردین ڕاپرسی جەماوەر دوا هەنگاو بێت .

٥. ڕاپرسی جەماوەریی

ڕاپرسی لە سەر پرسێك بە تایبەتی پرسی زمان یان دیارکردنی پرسی زمانی ستاندەر .باشی ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەوەیە : یەکەم پرۆسەکە لە ڕوانگەی دیموکراسیەوە دۆزەکە بە شەرعی دەکات و شەرعیەتی دیموکراسی بە پرۆسەکە دەدات .دووەم هیچ هاولاتیەك مافی ئەوەی نامێنێت پرۆسەکە لەکەدار بکات .

پلانی زمان وا دەکات دەرچوانی زمان یان کەسانی خاوەن پاشخانی زمانی لەو پرۆسەیە بەشداری بکەن، لە لایەکی تر دەسەلات و رەعیەت بەشداری ئەو پرۆسەیە دەکەن .لە هەمووشی گرینگتر لە هەر پێنج قۆناغدا کار لە سەر زمان دەکرێت، نەوەك فاکتەری مێژوو و ژمارە بە پێوەر وەربگیرێت.

زمانی کوردی لە سەدەی بیستەم دووچاری گەورەترین گرفت بوو .لە قۆناغی یەکەم، زمانی ئاڤێستا و دووەم، پەهلەوی کورد تووشی غیابی ناسنامە بوو، بەلام لە دوا قۆناغی خەریکە بە دەستی کورد خۆی بە تایبەتی توێژی زانا و خوێنەواری دووچاری دوو لەت بوون دەچێت،بۆیە پلانی زمان باشترین رێگایە بۆ ئەوەی کورد لە پرۆسەی دوو پارچەیی لە دەستی هەندێ کورد رزگار بکات .

# زمانەوانی گەردوونی

# و

# شوێنی زمانی کوردی لەناو ئەم زانستەدا

**موحسین عەلی حوسێن**

## زمانەوانی گەردوونیcosmological

زمانەوانی گەردوونی بەزمانی عەرەبی واتە (علم اللغە الكونى) زانستێكە لەو زمانانە دەكۆڵێتەوە كە تا ئێستا وەكو خۆیان ماون و بەرگەشەو گۆڕان نەكەوتوون، سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن زمانناسی عەرەبی (سعيد شربينى) .

زمانی مردوو بریتیە لەو زمانەی كە لەبەكارهێنانی ڕۆژانە دەكەوێت و بەكارهێنەری نامێنێت. زاناكان زۆر هۆكاریان دەستنیشانكردووە، كە دەبنە هۆی مردنی زمانەكان، ئینجا بەهۆی نەمانی قسەپێكەرانی بێت، یان شێوانی سینتاكسی یان بەهۆی زاڵبوونی زمانێكی ترەوە بێت، ئەمانەش زۆر یان كەم لەگشت زمانەكانی جیهاندا هەیە، ئینجا هۆكارەكە دەرەكی بێت یان ناوەكی تەنها زمانی عەرەبی نەبێت، كە خۆی لەگشت هۆكارەكانی مردن پاراستووە، هەرچەندە ئەم زمانە لە دراساتی لێكۆڵینەوەی زمانەكان ڕیزبەندی بۆ دانەنرابوو، بەڵام كاتێ هاتە ڕیزبەندی زمانەكان بەخێراییەكی زۆر پلەی یەكەمی گرت، بەتایبەتمەندییەكانی زانایانی سەرسامكرد، شتێكی ڕوون و ئاشكرایە مانەوەی زمانی عەرەبی بەم شێوە دەگەڕێتەوە بۆ كتێبی قورئانی پیرۆز، بەڵام چەند هۆكارێكی زانستی لەپشت مانەوەی زمانی عەرەبییە لەمانە :-

**هۆکارەکانیش ئەمانەن :**

یەکێك لەهۆیـەکانی مردنـی زمانـەکان بریتیـە لـە بـوونی دەنگـی (ۆ — O)ی ئینگلیزی خۆی دەنگێکی توێنەرەوەیە و دەنگی دوای خۆی دەتوێنێتەوە و گۆناکرێـت و دەبێتـە هـۆی تێکچـوونی وشـەکەو گـۆڕانی واتاکـەی لـەدوایش مردنی، تەنها لەزمانی عەرەبی نەبێت کە دەنگێکی لەناوبەر نییە.

بەیەکـەوەهاتنی هـەردوو دەنگـی (ق — ج) بـەدوو دەنگـی بکـوژ ناسـراون، ئەگەر لەتەنیشت یەکەوە هـاتن مانـای ئەوەیـە تەمـەنی ئـەو زمانـە کورتـە، بەلاَم ئەم دوو دەنگە لەزمانی عەرەبی لەتەنیشت یەکتر نایێن.

کەمی پیتی بزوێن و سەر و بۆر و خێرایی گۆکردنی، ئەمە بەدرێژایی کات لە زۆربەی زمانەکان هەیە واتە کەسێك بـەزمانی ئینگلیـزی بەباشـی قسـەبکات ناتوانێ لەسەرخۆ بدوێ بەڵکو خێرا دەبێت لەگۆکردنی پیتەکان بۆ نموونە : ناوی (أبراهيم) دوای مانگێك دەبێتە (ابـرايم) دوایـی ابـريم، ابـرم، ابـر، اب . زۆر وشـەی تـریش لـەلێواری لەناوچـوونن، بـەلاَم زمـانی عـەرەبی خـۆی پاراسـتووە بـەبوونی سـەروبۆر (حـەرەکات) و یاسـاکانی تەجویـد لـە درێژبوونەوە و بەرلووتدان کەواتە زمانێکە پارێزراوە بە پاراستنی قورئان.

دەنگی (ا) یان (ل) ناسراوی بوونیـان لەزمانـدا یەکێکـە لەهۆیـەکانی درێـژی تەمەنی زمان، ئەم دوو پیتەش لەزمانی عەرەبی هەنە .

دەنگی (راء) کە لەزمانی ئینگلیزی هەندێ زمانی تر هەیە، بەهەمان دەنگی (راء) ناگوترێ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەیشتنی زمانەکە بە قۆناغی پیری.

دەنگی (باء)ی بنەڕەت و پارچەبوونی بۆ چەند دەنگێك وەكو ( p– V )

لەوشەی (برا) ی هیندی بە (پ) دەناسریّ، نزیكە لە نەخۆشكەوتنی، ئەگەر لەگەڵ (باء) عەرەبی ڕێككەوت ئەوا ڕاستە، بەلآم ئەگەر دارێژرابوو لە بنەڕەتەكەی ئەوا هۆكاری لەناوچوونی زمانەكەیە.

جێناوەكان و گەردانكردنی كات، لەزۆربەی زمانەكان، بەتایبەتی ئینگلیزی دەركەوتووە، بەلآم گەردانكردنی كات لەقوتابخانەكانی ئینگلتەرا لابرا لەجێی ئەمە پشتیان بە وشەیەك دەبەست كە لەدوای كارەكە دەهات، واتە ئاوەڵكاری كات.

وەكو

من دەڕۆم ئەمڕۆ. من بەیانی دەڕۆم.

بەلآم زمانی عەرەبی لەمانە پارێزراوە گەردانكردنی دارشتنی كارەكان وەكو خۆی ماوەتەوە.

ڕاستییەزانستییەكان :

توێژەران و زانایانی زمان تاقیكردنەوەیەكی زانستییان كرد بۆ زانینی ژمارەی دەنگەكان لە وشەی (اللە) تاوەكو بۆ زمانانی تر وەری بگێڕن، بەلآم نەیانزانی بۆیە ئامێرێكیان بۆ ئەم مەبەستە داهێنا، لەسەرەتادا خوێندنەوەی ئامێرەكە لەوشەكە (ال) سێ دەنگ بوو، بەلآم دوای تەواوكردنی (اللە) ژمارەكە دەبێتە یەك دەنگ واتە دەنگەكانی كەمدەكاتەوە لەبری ئەوەی زیادبكات . ئەمەش پێچەوانەی سروشتی

ئێستایە، کەواتە ئەوەی لەسەریانە دەبێت باوەڕبهێنن کە وشەیەك وەرنەگێردرێ بۆ زمانی تر ئەوا باوەر بەئاینی ئیسلام بهێنن.

بەرێگەی زانستی سەلمێنراوە حەزرەتی ئادەم لەسەرەتای دروستبوونی کاتێ پژمیبوو وشەی (الحمد لله) گوتووە، هەر لەبەر ئەمەیە وشەی (الحمد) بۆ هیچ زمانی تر وەرناگێردرێ، ئەگەر وەربگێڕین دەبێتە سوپاس یان ستایشی زیادەڕۆیی، بەلاَم (الحمد) سوپاسگوزارییە بێ بەرامبەر و ستایشی بێ زیادەڕۆییە، کەواتە ناتوانین ئەم وشەیە بەهەمان مانا وەربگێڕین دەتوانین وشەی تری بەرامبەر دابنێین، ئەمەش بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی عەربی ئەو زمانەیە حەزرەتی ئادەم قسەی پێکردووە و زمانی خەلکی بەهەشتە زمانێکی نەمرە هەر لەسەرەتای دروستبوونی تا کۆتایی.

خودای گەورە کتێبە ئاسمانییەکانی تر جگە لەقورئان بەزمانانی تر ناردووە، چونکە بۆ میللەتی دیاریکراو و لەکاتێکی دیاریکراوبوون، بەلاَم قورئان بۆ گشت میللەتانی سەرزەوی لەهەرکات و شوێنێك بن لەبەرئەمەیە خودای گەورە زمانی عەرەبی هەلبژاردووە و هەموو شتێکی بۆ فەراهەم کردووە، کەواتە تا قورئان پارێزراو بێت زمانی عەرەبیش پارێزراوە.

بەرێگەی زانستی سەلمێنراوە کە رێژەی مردنی زمانەکان لەسەر زەوی دوای ٥٠٠سالٌ تەنها سێ زمان ماوەتەوە لەسەرووی هەموویانەوە زمانی عەرەبییە، زمانی ئینگلیزی هەیمەنەتی بەسەر جیهاندا هەیە ئێستا بەقۆناغی پیربوون دەڕوات، بەلاَم مردنی وەکو مردنی زمانەکانی تر نییە،

بەڵکو لەسەر زمانی قسە پێکەرانی دەمرێت و دەبێتە مۆمیای ئەلیکترۆنی، واتە تەنها دەبێتە زمانی ئەلیکترۆنی بۆ زانست .

## گوتەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکان و زانایانی ڕۆژئاوا

ئەرنست ربنان لەکتێبی مێژووی زمانەسامییەکان دەڵێت :-

نامۆترین شت لەمێژووی مرۆڤایەتی ڕوویدابێت و چارەسەری نهێنیەکەی قورس بێت بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبییە، چونکە ئەم زمانە لەسەرەتادا ناسراو نەبوو لەناکاو گەیشتە چڵەپۆپەی تەواوی، بەجۆرێك هەر لەسەرەتای دروستبوونی تا ئەمڕۆ هیچ دەستکاری نەکراوە، منداڵیەتی و پیربوونی نییە لەدەرکەوتنیەوە بەتەواوی و ڕێك و پێك بووە، پەنجا ساڵ بەسەر ڕزگارکردنی ئەندەلوس تێنەپەڕیبوو پیاوانی کەنیسە داوایانکرد نوێژەکانیان وەربگێڕنە سەر زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی کریستیانەکان تێ بگەن، هەروەها لەشتە سەرنج ڕاکێشەکان کردیان بەزمانی نەتەوەیی تا گەشتە پلەی تەواوی لەکاتێکدا دەستە خوشکەکانی لەناودەچوون هەرچەندە خاوەن فەرهەنگێکی زۆر و ڕۆنانێکی تۆکمەبوون .

مامۆستا مرجلیۆت لەزانکۆی ئۆکسفۆرد دەڵێت :-

زمانی عەرەبی هەتا ئێستا ژیانێکی ڕاستەقینەی هەیە و یەکێکە لەو سێ زمانەی، کە دەستیان بەسەر دانیشتوانی جیهان گرتووە، بەڵام ئینگلیزی و

ئیسپانی جیاوازن له عەرەبی، چونکە کاتی پەیدابوونیان دیارەو لەچەند سەدەیەك زیاتر نییە، بەلام زمانی عەرەبی زۆر کۆنترە .

ڕۆژهەلاتناسی ئەمریکی: ولیەم وۆرل – بەڕێوبەری توێژینەوەکانی ڕۆژهەلاتییە لە قودس دەلێت: زمانی عەرەبی هیچ کاتێ لەلایەن زمانانی ترەوە زۆری بۆ نەهاتووە کە لێککەوتە ڕوویدات، زمانی عەرەبی لەداهاتوو خۆی دەپارێزێت وەك چۆن لەڕابردوو کیانی خۆی پاراستووە، هەروەها دەتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم خۆی بگونجێنێت، زمانی تورکی لەماوەی ٢٥٠ساڵی تەمەنی نەی توانی خۆی ڕزگاربکات لەدەست عەرەبی یان کەمی بکاتەوە.

مامۆستا ماکس فانتاجوا لەکتێبی موعجیزەی عەرەبی دەلێت :

**مێژوونووسەکانمان هەولیانداوە جیهانی ڕۆژئاوا بکەنە تەوەری مێژوو، بەلکو ڕۆژهەلاتی دوور تەوەری ڕاستەقینەی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستە.**

## زانیارییەکان

**زانایانی بەریتانی بەتایبەتی و زانایانی ڕۆژئاوا بەگشتی و هەندێ مەلبەندی توێژینەوە لەتۆکیۆ دەستیان کردووە بەکۆکردنەوەی دۆکیۆمنتە گرنگەکان و کتێبەزانستییەکان بەزمانی عەرەبی دوای ئەوەی بەڕێگای زانستی سەلمێنراوە کە زمانی ئینگلیزی لەلێواری لەناوچووندایە هەروەکو چۆن زمانی لاتینی ئێستا لەچوارچێوەی شاری فاتیکان ماوەتەوە، تێبینی کراوە**

کە کتێبی نووسراو بەم زمانە پێش ٥٠٠ساڵ خەڵکی ناتوانن بیخوێننەوە تەنها خەڵکی پسپۆڕ نەبێت، لەبەرامبەردا عەرەبەکان دەتوانن کتێبی ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا بخوێننەوە، کە دەکاتە دووهێندە و نیوی تەمەنی زمانی لاتینی، ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر زمانی عەرەبیدا هاتووە واتای وشەکانی نەگۆڕیوە، ئەمەش لەقورئانی پیرۆز دەردەکەوێت کتێبێکە بەشێوەی گوتن ماوەتەوە هەر لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) تاکو ئەمڕۆ، بەلآم زمانانی تر ئەو جۆرە خوێندنەوەیان تێدانییە ئەمەش وا دەکات واتا و وشەکە بگۆڕێت، زمانی عەرەبی پارێزراوە بە هۆی پاراستنی قورئانی پیرۆز لەلایەن خودای گەورە نەوەك بەهۆی خەڵکەکانی، ئەگەر هەموو خەڵکەکە لەدڵی خۆیان بیپارێزن هەر لەناو دەچێت وەکو چۆن زمانەکانی سەبەئی و سانسکریتی و ئارامی و ئەکەدی قبتی لەناوچوون، لەم زووانەش زمانی (نوبی) لەخوارووی میسر و سەرووی سودان لەناوچوو، بەلآم زمانی عیبری پێش هەزاران ساڵ مردووبوو جولەکەکان دووبارە زیندوویان کردەوە هەوڵەکەیان کاتێ سەری گرت دەستکارییەکی زۆریان کرد تاوای لێهات زمانێکی تێکشکاویان دەستکەوت .

**شوێنی زمانی کوردی لەناو زمانەوانی گەردوونی**

زمانی کوردی سەر بەخێزانی هیندۆ ئەوڕوپییە یەکێکە لەو زمانانەی بەدرێژایی مێژوو خۆی لەگشت هۆکارە دەرەکییەکان پاراستووە، بەلآم بەر گەشە و گۆڕانی مێژوویی کەوتووە،ئەمەش لەناو زمانەکان شتێکی

سروشتییە، چونکە هەرچەند کۆمەڵگە بەرەوپێش بڕوات زمانەکەشی لەگەڵ پێشـــکەوتنی بوارەکـــانی ئـــابووری و ڕۆشـــنبیری و کۆمەڵایـــەتی خـــۆی دەگونجێنێت، ئەو هۆکارانەی کە وایان کردووە زمانی عـەرەبی بەزینـدوویی بمێنێتەوە ئەگەر لەسەر زمانی کـوردی پڕاکتیـزەی بکـەین ئـەوا لـەم چـەند خاڵانەی خوارەوە پوخت دەکرێتەوە:

١- زمانی کوردی (ال)ی نییە، بۆیە تەمەنی زمانەکە بەرەو کورتبوونەوە دەبات.

٢- دەنگی (ۆ – O) مان بەشێوەیەکی زۆر و بەربلاو هەیە بەدرێژایی مێژوو ئەم دەنگە زمانەکەی بەرەو شێواندن بردووە، وەکو لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت.

دۆغ ––– دۆ

ڕۆژ –––– ڕۆ بەتایبەتی لەوشەی (ئەمڕۆژ) دەبێتە (ئەمڕۆ)

٣- دوو جۆرە دەنگی ( ڕ – ر) مان هەیە.

٤- دەنگی (ب) دەگۆڕێت بە(پ) ئەمەش هۆکارێکی خراپە

٥- کتێبێکی ئاسمانی نییە بۆ پاراستنی زمانەکەی.

**سەرچاوە**

١- سعید شربینی، علم اللغە الکونی، لەئەنتەرنێت وەرگیراوە .

٢- د.یوسف شریف سعید، محازەراتی زمانەوانی کارەکی، ٢٠١٢ .

# له وێستگەکانی وشەسازیی کوردیی

## بەشی دووەم

د.شەهاب شێخ تەیب
فەکەڵتی پەروەردە/ قەڵادزێ

**- سەرهەڵدانی بیری مۆرفیم :**

لەبەر ئەوەی باسەکەمان تەرخانە بە وێستگەکانی وشەسازییەوە و باس لە مۆرفێم و جۆرەکانی و تایبەتییەکانی دەکەین، بە پێویستمان زانی سەرەتا کورتەیەك لە بارەی مێژوو و سەرهەڵدانی بیری مۆرفێم بخەینەڕوو .هەر بۆیە دەبینین کە زمانەوانە بونیادگەرە ئەمریکییەکان تیۆری ( فۆنیم)یان چەسپاند لە ماوەی نێوانی سالآنی ( ١٩٢٥ – ١٩٤٥ ) بەتێپەڕبوونی کات، زمانەوانەکان ئاراستەی کاریان بەرەو مۆرفۆلۆژی گۆڕی، بەم شێوەیە ماوەی نێوان سالآنی ( ١٩٤٠ – ١٩٦٠ ) لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆژی بووە خاڵی بنەڕەتی[٣٠] . هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بیری مۆرفێم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵە کەموکورتیانەی لە پێناسەکانی وشەدا دەرکەوت، کە زۆرینەی پێناسەکان نەیانتوانی چەمکی تەواوی وشە لەخۆ بگرن، کە ڕێزمانی تەقلیدی وشەی بە بنج داناوە بۆ شیکردنەوەی زمان، بەلآم نەیانتوانیوە پێناسەیەکی ڕێك بۆ وشە دابرێژرێ بشێ نەزەرییەکی گشتیی لەسەر دابنرێ و بکرێ بە پێوانە بۆ شیکردنەوەی زمان[٣١]، **هەروەها** کاتێك کە سەیری کارەکانی ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان دەکەین دەبینین ئەو ڕاستییەیان سەلماند، کە وشە کەرت دەکرێ بۆ پارچەی وردتر، پارچەی وەها کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت . بەم جۆرە ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆژیان کرد بە بەشێك لە زمانەوانی و ئەرکی لێکدانەوە و ڕێکخستنی مۆرفێمیان لە ناو چوارچێوەی وشەدا پێ سپارد[٣٢] .هەروەها زمانەوانەکان

لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوە کەوتنە گەڕان بەدوای دانەیەکی ڕێزمانی تر، کە هەمان دەوریان بۆ ببینیّ، ئەوەی ئەو ڕۆڵەش دەگێڕیّ مۆرفێمە و بە پێی ئەم بیرەش هەموو کەرەسەیەکی ڕێزمانی شی دەکرێتەوە بۆ چەند دانەیەکی بچووک کە پێی دەوترێت ( مۆرفێم ) و ئەلەمۆرفیش وەك زاراوەیەك بۆ ئەو شێوە جیاجیایانەی مۆرفێمێك بەکاردیّ، کە لە چوارچێوەی تردا ئەرکی مۆرفێم دەبینین[٣٣] . لەڕاستیدا وشە لەلایەن زمانەوانەکانەوە کە پۆلێن کرا و بەشەکانی خرانە ڕوو کۆمەڵێك گیروگرفتی بەبیّ چارەسەرکردن مانەوە، زانستەکانی لێکۆڵینەوەی وشە نەیان توانی هەموو ئەو پرسیارانەی هەن سەبارەت بە وشە وەڵام بدەنەوە، لەبەر ئەوە زۆر دیاردە و دانە و فۆرم کە لە کارەکانی وشەسازیدا بەرچاو دەکەوتن جێی سەرسوڕمان و وردبوونەوە و پرسیارکردن بوون، چارەسەرنەکردنی ئەوانە بووە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە وەڵامی زانستیی پەیدابیّ بۆ کردنەوەی زۆربەی زۆری ئەم گریّ کۆرانە، لە ڕاستیدا ئەو پرسیارانە بووە هۆی پەیدابوونی بیردۆزەی مۆرفیم کەئەوەبوو لەسەرەتای چلەکاندا بیری مۆرفێم هاتە کایەوە[٣٤] .کە بە شۆرشێکی گەورەی بەرە و پێشچوونی چارەسەرکردنەکانی گرفتی ناو وشەسازیی لەقەڵەم دەدریّ، لە ڕاستیدا ئەم بیردۆزە توانیویەتی بەشێکی زۆر لەو گرفتانەی کە زانستەکانی وشە چارەسەریانی نەدەکرد، ئەم بیردۆزە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە بە تایبەتی ئەو دانانەی کە بە ئازادی دەرناکەون و لەناو فەرهەنگدا نابینرێن و ناکریّ

مامەڵەی وشەیان لەگەڵدا بکرێ، ئەگەرچی لەڕووی ئەرکەکانیەوە لە وشە کەمتر نین و ڕۆڵی گرنگ وەکو پێکهاتە لەناو وشەسازیدا دەبینن، دەبێ ئەوە بزانین کە بیردۆزەکانی زمان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ناو زمانێکی دیاری کراوی ناو زمانێك نەهاتوون، کەواتە بیردۆزی مۆرفیم دەبێ گشتگیری بێت و بۆ هەموو زمانەکانی دونیا بگونجێت و چارەسەر بۆ کێشەکان و گرفتەکانیان بدۆزێتەوە، زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانە کە تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی سوود لەم زانستە وەربگرێ، جیاوازی نێوان مۆرفیمێك و مۆرفیمێکی تر چ لە ڕووی فۆرم و ئەرك و ڕیزبوونەوە بێ نەك تەنها لە نێوان زمانەکاندا جیاوازییان هەبێ، بەڵکو ئاساییە لەنێو شێوەکانی یەك زمانیشدا جیاوازی لە نێوانیاندا بەدی بکرێ، یەکێك لە تایبەتییەکانی مۆرفیم ئەوەیە کە لە ناو خۆیاندا پۆل دەکرێن وەکو چۆن وشە جۆری هەیە و پۆلێن دەکرێ، هەروەها مۆرفیمیش دەکرێ بەسەر چەندین جۆردابەش بکرێ، چ لە ڕووی ئەرکەکانیەوە، چ بە پێی ئەو فۆرمەی دەیان گرنەخۆ، ئەمەش وا دەکات کە تایبەتمەندییەك بدات بە مۆرفیم لەهەندێ شوێندا لە وشە جیای بکاتەوە .

بیردۆزی مۆرفیم تەنها زۆرینەی گرفتەکانی وشەی چارەنەکردووە، بەڵکو لەسەر بنچینەی مۆرفیم توانراوە زمانەکانی دونیاش بەسەر چەند گروپێك دا دابەشبکرێ[٣٥] بەپێی پەیوەندی نێوان مۆرفێمەکان لە ناو قالبی وشەدا، کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندیەتیی خۆیانن[٣٦] .

## له پێناسه‌کانی مۆرفێم :

لـه پێناسـه‌کردنی ( مـۆرفێم ) دا، تـا ئێسـتا زانایـانی زانسـتی زمـان نه‌گه‌یشتوونه‌ته ڕایـه‌کی یـه‌کگرتوو . هه‌ریه‌کـه و بـه‌پێی بۆچوونی تایبـه‌تی خۆی پێناسه‌ی بـۆ مـۆرفێم دانـاوه . هه‌نـدێك بـه دانـه‌ی واتـاداری زمـانی و هه‌ندێکی دی به دانه‌ی ڕێزمانیان له قه‌ڵه‌م داوه، که‌واته هه‌ندێکیان لـه‌ڕووی واتاوه له دیارده‌که ده‌ڕوانن و هه‌ندێکی تریش لـه‌ڕووی ئـه‌رك و واتـاوه لێـی ده‌ڕوانن .

سه‌باره‌ت به پێناسه‌کردنی مۆرفێم له‌لایه‌ن زانایانی کورده‌وه، ده‌بێت ئـه‌وه بووترێت، که ئه‌وانیش له‌به‌ر تیشکی کارتێکردنی بۆچوونه‌کانی زمانناسـانی ڕۆژئاوا پێناسه‌ی مۆرفێمیـان کـردووه کـه به‌پێویسـتی ده‌زانـین هه‌نـدێکیان بخه‌ینه ڕوو :

١ – محمد امین هه‌ورامانی، ده‌ڵێت :

مۆرفێم : بچووکترین پارچه‌ی ( واتا ) داری زمانه . ئه‌گه‌ر هاتوو ئه‌و پارچـه واتـاداری زمانـه کـرا بـه‌دوو پارچـه‌ی تـره‌وه، یـان تاقـه ده‌نگێکـی لێ جیاکرایه‌وه، ئه‌و کاته هیچ یه‌کێکیان واتا نابه‌خشێ[٣٧] .

تێبینـی : پارچـه بـه مانـای ( مقطـع – برگـه ) دێـت، لـه ڕاسـتیدا ( یه‌کـه /دانه)یه ( وحده لغویـه ) . هـه‌روه‌ها نـابێ بووترێـت ده‌نگێکـی لێ لابرێـت، بـه‌ڵکو ده‌بێـت بووترێـت ( فۆنێمێـك)ی لێ لابرێـت، چـونکه فـۆنیم و ده‌نـگ

جیـاوازن لەیــەکتری، ئەمــەش مانــای ئەوەیــە فــۆنێم و دەنگــی تێکــەڵ کردووە[*].

٢ – د.ئەورەحمانی حاجی مارف، دەڵێت :

مۆرفێم بچووکترین دانەی واتاداری زمانـە[٣٨]، مەبەسـتیش لەمـە ئەوەیـە کـە ناتوانرێت بچووکتر بکرێتەوە بەمەرجێ واتای نەفەوتێ، بۆ نموونە وشەیەکی وەك ( زریان ) بریتییە لە یەك مۆرفێم، یاخود لە دوو برگە، یاخود لە شەش فۆنیم، کە لێرەدا بچووکترین دانـەی واتـادارە و لـەوە زیـاتر ناکرێـت بچـووك بکرێتەوە، بەمەرجێك واتا لە دەست نەدات، بۆیە ئەگەر کـرا بـە ( زر.یـان ) هـیچ پارچـەیەك لەوانــە واتــا نابەخشـێت، ئەگــەر واتــاش نــەما بــەمۆرفێم دانانرێت.

٣ – صادق بهاوالدین ئامێدی، دەبێژێت :

مۆرفێم چیـیە ؟ مۆرفێم بریتیـیە ژ بچووکترین پرتا مەعنا دارا زمانی[٣٩].

٤ – د.وریا عمر امین، دەڵێت :

مۆرفێم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە . لە فۆنێمی یان زیاتر پێك دێت و دەورێکی لە ڕێزمانا هەیە بە گۆڕین و لابردنی هـەر فـۆنێمێکی یـان بـە لـەت لەتکردنی مانا و دەورە ئەسڵییەکەی بـزر دەکـات[٤٠] . کەواتـە دەشـێ چوار ڕووی مۆرفێم دیاری بکرێت :

١ – بچووکترین دانەی واتاداری زمانە .

٢ – لە فۆنێمی یان زیاتر پێك دێت . قالبێکی فیزیاوی هەیە .

٣ – دەورێکی لە ڕێزمانا هەیە .

٤ – بە گۆڕین و لابردنی هەر فۆنێمێکی یان بە لەت لەت کردنی مانا و دەورە ئەسڵییەکەی لە دەست دەدا . بۆ نموونە : وشەی ( پیاو ) :

١ – قالبێکی فیزیاوی هەیە، فۆنێمەکانێتی، وەك :

( پ – ی – ا – و ) .

٢ – مانایەکی هەیە : ( ئادەمیزادێکی نێرینەی بە تەمەن ( ١٨ ) ساڵە یان زیاتر ) .

٣ – دەوری هەیە لە ڕێزمانە، بۆ نموونە : دەشێ دەوری ( بکەر ) ببینێ . وەك : ( پیاو هات ) .

٤ – بە لەت لەت کردنی و جیاکردنەوەی فۆنێمەکانی دەور و مانا بنجییەکەی ( ئەسڵی ) یەکەی نامێنێت، وەك : ( پ – یاو )، ( پیا – و ) .

ئەم پارچە پارچە کردنە هیچ مانا و دەورێك لە زمانی کوردیدا ناگێڕێت .

دەربارەی خاڵی دووەم کە دەڵێت لە فۆنێمی یان زیاتر پێکدێت، ڕاست وایە بوترێت بوترێت مۆرفێم بەهۆی فۆنێمەوە دەنوێنرێت، یان دەردەکەوێ[٤١]، چونکە مۆرفێم و فۆنێم هەردووکیان سەر بە دوو ئاستی جیاوازن مۆرفێم سەر بەئاستی مۆرفۆلۆجییە و فۆنێم سەر بەئاستی دەنگسازییە، کاتێك لە پەیوەندی نێوان دوو دانەی جیاوازی سەر بە دوو ئاستی جیاواز بدوێین دەبێت پەیوەندی ( نواندن ) بەکاربێنین .

٥– دێڤید کریستاڵ، دەڵێت :

مۆرفێم بچووکترین کەرەسەی زمانە کە واتای هەبێت[٤٢]

٦- د.محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، دەڵێن :

زاراوەی مۆرفێم بۆ بچووکترین یەکەی واتا بەکاردێ کە وشە پێك بهێنێ و خۆی لە بچووکترکردنەوە نەیەت[٤٣]، بە وێنە وشەی ( دار ) دابەش دەبێت بۆ / د/ و / ا / و / ر /، یان بۆ کەرتی تر وەك ( دا.ر) یان ( د.ار)، کە هیچ لەم کەرتانە نە ئەرکی ڕێزمانی نە واتایان نابێت، لەبەرئەوە ناتوانین بە مۆرفێم ناویان بەرین .

٧- د.محمد علی الخولی، دەڵێت :

مۆرفێم بچووکترین دانەی زمانە کە واتای هەیە[٤٤] .

لێرەدا دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی سەرجەم پێناسەکانی مۆرفێم گەلێ زۆرن، کە ناکرێت یەك یەك باسیان لێوە بکرێت، لەبەرئەوە ئەم چەند نموونانەی سەرەوەمان لێ هەڵبژارد بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لە لایەنکانی پێناسەی مۆرفێم[٤٥] .

لە کۆی ئەم پێناسە و ڕوونکرنەوە کەمانەی مۆرفێم، دەتوانرێت بەم شێوەیە گونجاوترین پێناسە بۆ مۆرفێم دەستنیشان بکرێت، کە ئەوەیە، دەڵێت :

مۆرفێم بچووکترین دانەی زمانە یان واتای هەیە یان خاوەنی ئەرکە، چونکە لێرەدا ( واتا ) شتێکە و ( ئەرك )یش شتێکی ترە، گەرچی هەردووکیان دەتوانن چ بەتەنها، یان پێکەوە دەستنیشانی مۆرفێم بکەن .

مەبەست لەمەش ئەوەیە هەر دانەیەکی زمان ئەگەر واتای هەبوو ئەوا دەکرێ ئەم دانەیە بە مۆرفێم دابنێین .

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەرك و واتاش تەماشای وشەی ( شەوە ) دەکەین .

(شەوە) وشەیەکە لە دوو مۆرفێم پێك دێت ئەویش ( شەو + ە )، ( شەو ) واتای خۆی هەیە و ناوە، بەلاّم ( ە ) هیچ واتایەکی نییە، بەلاّم ئەرکی بینیوە، ئەرکەکەی ئەوەیە کە وشەیەکی نوێ ی دارشتووە،وشە نوێیەکەش ناوە.

تایبەتییەکانی مۆرفیم :

پاش هەندێکی ڕوونکردنەوە و پێناسەکانی مۆرفێم دەتوانین ئەم تایبەتییانەی خوارەوە دیاری بکەین:

١- بچووکترین دانەی ئاستی مۆرفۆلۆجییە .

٢- یان دەبێت ئەرکی هەبێت یان واتا، ئەگەر هاتوو ئەرکی هەبوو وەکو (ان) مۆرفیمێکە ئەرکی کۆ دەبینێت، ئەگەر واتاشی هەبوو وەکو وشەی(دار ) ... هتد .

٣- یان وەکو مۆرفیمی سەربەخۆ کار دەکات وەکو وشەی ( ڕۆژ ) یان وەکو مۆرفیمی بەند کار دەکات ( ناسەربەخۆ ) وەکو :

سەرین ---- ( سەر ) مۆرفیمی سەربەخۆ یە و ( - ین ) مۆرفیمی بەندە ... هتد .

٤- دەبێ مۆرفیم لە ژینگەی جیاواز دووبارە ببێتەوە، مەبەستمان لە دووبارەبوونەوە لە ژینگەی جیاواز دەبێت لە شیکردنەوەی وشەکەدا بەسەربەخۆیی هەموو پارچە مۆرفیمەکان لە زۆر شوێنی تردا دووبارە ببێتەوە، لە وشەیەکی وەکو ( نایاب )، ( نا ) مۆرفیمە،چونکە لە زۆر شوێنی تردا وەکو لە وشەکانی ( نابەجێ ) و ( ناڕەسەن ) ... هتد، دووبارە بۆتەوە، بەڵام لەم شوێنەدا ناتوانین بڕیاری لەسەر بدەین تاوەکو بەشەکەی تریشی ساغ نەکەینەوە، لەبەر ئەوەی پارچەی ( یاب ) لە زمانی کوردیدا لە هیچ شوێنێکی تر دووبارە نابێتەوە و لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەڵگری هیچ واتایەك نییە و لەهیچ ژینگە و وشەیەکی دیکەدا دووبارە نابێتەوە بۆیە بە مۆرفیمی دانانێین، ناچار دەبین وشەی ( نایاب) بە یەك وشە دابنێین.هەروەها ئەگەر (نا)بەمۆرفێم دابنرێ ناچار دەبین(یاب )یش بە مۆرفێم دابنێین، ئەوکاتە ( یاب ) دەبێتە ڕەگی وشەکە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ( نا ) ڕۆڵی نەفی یان پێچەوانە کردنەوەی نەگێڕاوە ناکرێت بەمۆرفێمی دابنێین .دەبێت ئەوەش بڵێین کە دووبارەبوونەوە ناکرێ بەتەواوی پشتی پێ ببەسترێ، چونکە هەندێ جار بەناچاری دەبێ فەرامۆش بکرێت، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە دووپاتبوونەوە سنووری بۆ دانانرێت، واتە چەند جار دووپاتبوونەوە بە پێوانە دابنێین، بۆ نموونە ژمارەیەکی دیاریکراو لە مۆرفێم زۆر کەم دووبارە دەبنەوە، وەك ( تاقی )،

( تەمێ )، ( واز ) ...تاد، لە وشەکانی ( تاقیکردنەوە، تەمێکردن، وازهێنان ...)دا .

٥- مۆرفێم کەرت ناکرێت بۆ دانەی وردتر، چونکە بەکەرتکردنی واتا لەدەست دەدات کە واتاش نەما بەمۆرفێم ناژمێردرێت .

٦- مۆرفێم دانەیەکی خاوەن فۆرمە، واتا بوونێکی فیزیکی هەیە ( تەنیا مۆرفێمی سفر نەبێت کە بوونی فۆنەتیکی نییە، بەلام ئەرکی هەیە، مۆرفێمی بەتاڵیش بوونی فۆنەتیکی هەیە، بەلام ئەرکی نییە ) .

٧- ئەگەر مۆرفیمێك بۆ وتنێك زیاد بکرێت، یان لابرێت واتاکەی دەگۆڕێت .

٨- مۆرفێم دەورێکی ڕستەسازی دەبینێ، واتە بەشداری لە پێکهێنانی ڕۆنانی ڕێزمانی گەورەتر لەخۆیدا دەکات .

٨- مۆرفێم خاوەن واتایە و بەوە لە فۆنێم و دانەکانی تری فۆنۆلۆجی جیادەکرێتەوە[٤٦] .

<u>جۆرەکانی مۆرفێم :</u>

زمانەوانەکان مۆرفێم بەچەند شێوەیەکی جیاواز دابەش دەکەن :

- د.ئەورەحمانی حاجی مارف دابەشی دەکاتە سەر سێ جۆر :

١- مۆرفێمی ڕیشەیی .

٢- مۆرفێمی وشەدارێژەر .

٣- مۆرفێمی وشەگۆڕ[٤٧] .

– د.وریا عومەر ئەمین،بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشی دەکات :

١– مۆرفیّم ( سەربەست )ە یا ( بەند ) .

٢– مۆرفیّم ( ڕەگ )ە یا ( لکاو)ە[٤٨] .

– دێڤد کریستاڵ، دابەشی کردووەتە سەر دوو جۆر :

١– مۆرفیّمی ئازاد .

٢– مۆرفیّمی بەند[٤٩] .

– کەوسەر عزیز ئەحمەد لە نامەی ماجستێرییەکەیدا و پاش پشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەك بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژە بۆ جۆری مۆرفیّمەکان دەکات :

مۆرفیّم بە پێی هاتن دەکرێت بەچەند جۆرێکەوە :

١– مۆرفیّمی سەربەخۆ .

٢– مۆرفیّمی بەند، کە ئەمیش دەبێت بەچەند بەشێکەوە :

أ– مۆرفیّمی داڕشتن .

ب– مۆرفیّمی ڕێزمانی .

هەروەها دەڵێت مۆرفیّم بەپێی شوێنی لە ڕستەدا دەکرێت بە دوو بەشەوە لە کوردیدا :

أ– پێشگر .

ب– پاشگر .

لە جێیەکی تردا ئاماژەی بۆ جۆری تری مۆرفیّم دەکات :

أ- مۆرفێمی ڕەگ .

ب-مۆرفێمی ڕیشەیی[٥٠] .

- ڕۆژان نـوری عبداللـە، لـە کتێبەکەیـدا و پـاش پشـت بەسـتن بەهەنـدێ سەرچاوە بەم شێوەیە ئاماژە بۆ جۆرەکانی مۆرفێم دەکات :

دەکرێ جۆرەکانی مۆرفێم بە دوو شێوە دابەش بکەین :

١- بەپێی گەیاندنی واتا دابەش دەکرێ بۆ دوو پۆل :

أ- مۆرفێمی سەربەست .

ب- مۆرفێمی بەند، ئـەمیش بـەپێی ئـەو ئەرکـەی لـە زمانـدا دەیبینـن، دوو جۆرن :

أ- مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی .

ب- مۆرفێمی بەندی وشەدارێژ .

٢- بەهۆی شوێنی پێوەلکانیان دابەش دەبن بـۆ ( پێشـگر، نـاوگر، پاشـگر )[٥١] .

چـەندین سەرچـاوەی تـریش ئاماژەیـان بـۆ جـۆری مـۆرفێم کـردووە، بـەڵام دیاریکردنی سەرجەمیان کارێکی ئاسان نییـە . دەربـارەی ئـەو دابەشـبوونە جیاوازیانەی سەرەوە بە گشتی زۆر بە وردی و تێروتەسەلی نەچوونەتە بـنج و بنەوانی ئەو دابەشبوونە، بەڵام دەکرێت بڵـێین کـە ئـەو دابەشـبوونەی لـە کتێبی ( چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی ) بۆ جۆرەکانی مۆرفێم کراوە، زۆر بە وردی و هەموو لایەنەکانی ئەو دابەشبوونەی تێدا فەرامۆش نەکراوە،

کە دەڵێت : هەندێ مۆرفیم بەگشتی دەکەن بە دوو جۆر و ئەمانەش بەچەند جۆرێکی ترەوە وەك :

١- مۆرفیمی ئازاد : لێکسیکی، نموونە :( ژن، پیاو ...تاد ) .

: ئەرکی ، نموونە : ( لە، بۆ ...تاد ) .

٢- مۆرفیمی بەند : وشەیی، نموونە : (- مەند، -گە ...تاد ).

ڕێزمانی، نموونە : ( -ەکە، - ان، دە- ...تاد ).

بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك : ( **هونەرمەندەکان بە ڕێگەوەن بۆ ئێرە** ) **هەموو** جۆرەکان کۆ دەکاتەوە :

**هونەر** : ئازاد ( لێکسیکی )

-مەند: بەند ( وشەداڕێژ )

- ەکە : بەند ( ڕێزمانی )

- ئان :بەند ( ڕێزمانی )

بە : ئازاد ( ئەرکی )

- ڕێگە : ئازاد ( لێکسیکی )

- ەوە : بەند ( ڕێزمانی )

- ن :بەند ( ڕێزمانی )

بۆ : ئازاد ( ئەرکی )

ئێرە : ئازاد ( ئەرکی)

یەکێك لە کەموکوورییەکانی ئەم دابەش کردنە ئەوەیە، کە هەندێ جیاوازیی لەناو مۆرفێمە بەندەکاندا پشتگوێ دەخات وەك جیاکردنەوەیان بەپێی شوێنیان لە وشەدا : پاشگر و پێشگر و ناوگر و جووتگر ...تاد، دیسان ئەو مۆرفێمە بەندانەی کە بەگرێیەوە دەنووسێن (نووسەك ) جیاناکاتەوە لەوانەی کە بە وشەوە دەلکێن ( گیرەك ) . هەروەها بنکەکە لە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی مۆرفۆلۆجیە شوێنی نەدراوەتێ لە پۆلێنەکەدا . بۆیە باشترین دابەشبوون بۆ جۆرەکانی مۆرفێم بەم شیوەیەی خوارەوە دەبێت :

١- مۆرفێمی ئازاد :

أ- لێکسیکی(سەربەخۆ ) .

ب- ئەرکی .

٢- مۆرفێمی بەند :

أ- گیرەك :

١- ڕێزمانی :

أ- پاشگر

ب- پێشگر

ج-ناوەگر

د- جووتەگر

٢- وشەداڕێژ :

أ- پاشگر

ب– پێشگر

ج–ناوەگر

د– جووتەگر

ب – بنکەی بەند

ج – نووسەك :

أ– بەرگر

ب– دواگر

کەواتە بەپێی ئەم دابەشبوونە ڕستەکەی سەرەوە( **هونەرمەندەکان بە ڕێگەوەن بۆ ئێرە** ) بەم شێوەیە دابەش دەبێت :

**هو**نەر : ئازاد ( بنکەی سەربەخۆ، لێکسیکی ) .

–مەند: بەند ( گیرەك، پاشگر ) .

– ەکە : بەند ( نووسەك، دواگر ) .

– ئان :بەند ( نووسەك، دواگر ) .

بە : ئازاد ( بنکەی سەربەخۆ، ئەرکی ).

– ڕێگە : ئازاد ( بنکەی سەربەخۆ، لێکسیکی ).

– ەوە : بەند ( گیرەك، ڕێزمانی، پاشگر ) .

– ن :بەند ( نووسەك، دواگر ) .

**بۆ : ئازاد ( ئەرکی ) .**

**ئێرە: ئازاد ( ئەرکی) .**

بەراوردکردنێکی خێرای ئەم پۆلکردنە ئەو دەردەخات کە پۆلکردنی دووەم وردتر و قووڵترە لەوەی یەکەم، جگە لەمەش تەنیا ئەم پۆلێنکردنە دەتوانێ رەگی کار و گیرەکەکانی کوردی لە یەکتری جیابکاتەوە : پۆلکردنی یەکەم هەردووکیان بە مۆرفیمی بەند دادەنێت بەبێ جیاوازی، بەلام پۆلکردنی دووەم لەوەدا جیایان دەکاتەوە کە یەکێکیان دەبێ بە بنکە بۆ گیرەکەکان، بەلام ئەویتر خۆی گیرەکە[٣٠] .کەواتە پاش ئەو ڕوونکردنانەی سەرەوە دەتوانین مۆرفێمەکانی زمانی کوردی[٣١] بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکەین :

١ – مۆرفێمی سەربەست (ئازاد ) :

ئەو مۆرفێمەیە کە بە تەنیا دەردەکەوێت و ماناداره، وەك : ( دەست، سەر، چاو، باوك، برا، ... هتد ) و بەشەکانی ئاخاوتن هەمووی دەگرێتەوە تەنیا ( فرمان )ەکان نەبێت کە چ تێپەڕبێت یان تێنەپەڕ لە چەند مۆرفێمێك پێك دێن، مۆرفێمی سەربەستیش ئەوەیە کە لە یەك یەکە پێك هاتبێت،کە ڕاستەوخۆ واتاکانیان دیارە، ئەو مۆرفێمانەی بەزۆری لە وشە سادەکاندا هەیە، واتایەکی سەربەخۆیان هەیە و لە فەرهەنگدا ماناکانیان دیارە . زۆربەی وشە سادەکان یەك مۆرفێمن .

هەموو مۆرفیمێکی سەربەست بە وشە دادەنرێت، مۆرفیمی سەربەست ئەو مۆرفیمەیە کە تایبەتی خۆی هەیە و قەبارەی فیزیاوی هەیە و فۆرمی هەیە وکەرەسەی خاوی پێکهێنانی ڕستەیە و واتایەك هەڵدەگرێ، هەموو

مۆرفیمێکی سەربەست یەکسانە بە وشە، هەموو زمانەکانی جیهان مۆرفیمی سەربەستیان تێدایە، چونکە مۆرفیمی سەربەست جۆرەها توێژینەوەی لەسەر دەکرێ لە ڕووی واتاوە دەکرێ بزانرێ ئەو مۆرفیمە ئایا فرەواتایە یان ناوە، هەروەها ئایا واتاکەی ڕووبەرێکی زۆر دادەپۆشی یان واتایەکی تەسکی هەیە، ئایا لەگەڵ چەند مۆرفێمی سەربەستی تر دەبنە هاوواتا، دەکرێ لە ڕووی مێژووییەوە تەماشا بکرێ، دەکرێ پەرە و پەرەسەندن و کشانەوەی واتا مۆرفیمێکی سەربەست دەستنیشان بکرێ . هەروەها لەناو هێڵی زماندا بۆمان هەیە بە پێی لەهجەکان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین وەکو بەراوردکاری، بۆ نموونە دەتوانین مۆرفیمە سەربەستەکانی ڕاناو – واتە ڕاناوی جودا لە شێوەکانی زمانی کوردیدا دەست نیشان بکەین و جیاوازیەکان بخەینە ڕوو و لەیەکچووەکان دەست نیشان بکەین، ئەلۆمۆرفەکانیان بخەینە ڕوو هەروەها دەتوانین ئەو مۆرفیمە سەربەستانەی ڕاناو لەگەڵ هەموو زمانەکانی دنیا بەراوردبکەین – کەواتە سنووری باسکردن، قسە لەسەر کردن، توێژینەوە و ئەنجامدان لەسەر مۆرفیمی سەربەست سنوورێکی دیاری نەکراوە ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە لە تایبەتمەندییەتی خودی مۆرفیمی سەربەست دەتوانین بڵێین لەڕووی بەشەکانی ئاخاوتنیشەوە مۆرفیمی سەربەست شوێن و ڕێی خۆی هەیە، دەچێتە ناو هەندێ لە بازنەکانی ئەوانەوە، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ناو بکەین بەشێکی زۆر لە مۆرفیمە سەربەستەکانی زمانی کوردی بەناو

دادەنرێت کە ئەوانیش لە نێوان خۆیاندا جۆریان هەیە لەسەر بنچینەی مۆرفۆلۆجی،کە ژمارەی مۆرفیمەکان دەست نیشان دەکات، دابەش دەکرێت . هەروەها پێوەری واتایی لەهەندێ بواردا تێکەڵ بەم دەست نیشان کردنە دەبن لەڕووی لێکۆڵینەوەکانەوە تەنها فرمان نەبێ ناکرێ بە مۆرفیمێکی سەربەست لەقەڵەم بدرێ، بەڵام بەشەکانی تری ئاخاوتن تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵ بەم بۆچوونە دەبن، مۆرفیمی سەربەست وەکو بەشێك لە پێکهاتەی وشە لێکدراوەکان دەبێ ئاوڕی تەواوی لێ بدرێتەوە و ئەرکی جیاجیا لەڕووی پێکهێنانی واتاوە دەبینن کە ئەوە خۆی لە خۆیدا بە بەڵگەیەکی زیندووی پەرەسەندنی وشە و لە دایکبوونی وشەی نوێ لەقەڵەم دەدرێ، کەواتە بۆ دروستکردنی دانەیەکی گەورەتر لە ئاستی وشەسازیدا مۆرفیمی سەربەست ڕۆڵی گرنگی تیا دەبینێ، جگە لەمەش لە ئاستی ڕستەسازیشدا پەنا دەبرێتە بەر ئەو مۆرفیمە سەربەستانە لە کاتی دروستکردنی دانەیەکی ڕێزمانی گەورەتردا کە لە وشە گەورەترە .

٢ – <u>مۆرفێمی بەند</u> :

ئەو مۆرفێمەیە کە بە تەنیا مانا نابەخشێت . ئەو مۆرفێمانەن کە بەندن و دەچنە سەر کار ( دەچنە سەر هەربەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن )، ئەو مۆرفێمانەن کە ئەرکیان لە ناو ڕستەدا هەیە، ئەو مۆرفێمانەیە بە

شێوەیەکی بەند دەردەکەوێ و بە تەنیا بەکار نایێت، ئەو مۆرفێمانەیە بە گشتی دەچێنە سەر وشە و ڕۆنانی وشەی نوێ و واتایی نوێ پێك دەهێنن .
لە پۆلکردنی مۆرفیمەکاندا مۆرفیمی بەند بە بەشێك لە بەشەکانی مۆرفیم دادەنرێت، یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکانی ئەم بەشە ئەوەیە، کە بەتەنها دەرناکەون و لە فەرهەنگدا شوێنیان نییە و لە ڕێگای ڕیزبوونیان لەگەڵ مۆرفیمی تردا دەکرێ دەربکەون یان بخرێنە ڕوو . مۆرفیمی بەند لە نێو خۆیشیدا بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەبێ، هەریەك لەو بەشانەش بە پێی بنەما و بنچینە و سیمای جیاجیا دەکرێ پۆل بکرێ لە بواری وشەسازیدا پۆلکردنی ئەو جۆرانە پشت بە چەند ڕاستییەك دەبەستی، دەکرێ ئەمانەبن :

١- دەرکەوتن .

٢- ئەرك .

٣- واتا .

هەریەك لەوانە یان زیاتر لە یەکێکیان دەتوانن ببنە پێوەر بۆ دەست نیشان کردنی ئەو جۆرانە، خۆ ئەگەر تەماشای مۆرفیمی بەند بکەین لە زمانی کوردیدا ئەوا دەتوانین ئەم بەشانە دەست نیشان بکەین :

١- مۆرفیمی بەندی داڕشتن .

بۆچوونێکی زانستییانەیە لە ڕێگای ئەرکی مۆرفیمەکەوە سنووری بۆ دانراوە، دەتوانێ هەموو ئەو مۆرفیمانە دابپۆشێ یان لەژێر سێبەری خۆیدا

کۆیان بکاتەوە کە مۆرفیمن و بەندن و ئەرکی دارِشتن دەبینن بەبێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکاری هەریەك لە تایبەتی ئەو جۆرانە، زمانەوانە کوردەکان لەسەرەتای سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ( مۆرفۆلۆجی ) مۆرفیمی بەندی دارِشتنیان بەسەر سێ جۆر دابەشکردووە، کە ئەمانەن : ( پێشگر، پاشگر، ناوگر ) .

ئەو گیرەکانەن کە واتای نوێ دەبەخشن بە وشە، کاتێك وەك مۆرفێمێکی بەندی دارِشتن دەچێتە سەر وشە، فۆرم و واتای تازە دادەرِێژن و وشە لە بەشە ئاخاوتنێکەوە بۆ بەشە ئاخاوتنێکی تر دەگۆرِن، یان لە هەمان بەشە ئاخاوتندا واتایەکی تری پێ دەبەخشێت، وەك:( جوان + ی = جوانی / تەخت + ە = تەختە / کار + گە = کارگە / رِا + کردن = رِاکردن ....هتد).

٢- <u>مۆرفیمی بەندی رِێزمانی .</u>

ئەو مۆرفێمانەن کە ناتوان وشەی نوێ پێك بێنن، بەڵکو رۆڵیان ئەوەیە کە حاڵەتی رِێزمانی دەبەخشن بە وشەکە، واتا لە وشەیەکی وەك : ( کورِ + ەکە = کورِەکە ) واتایەکی رِێزمانی پێ بەخشیوە، کە ئەویش ناساندنە . مۆرفێمی رِێزمانی جۆرە گیرەکێکن ئەرکەکانیان ئاماژەکردنە بۆ پەیوەندییە رِێزمانییەکان، وەك : ( ان، ێك، ەکە، دە، ن، ر، ا، ئ، ە، ... ) نموونەی ئەو گیرەکانەن، هەروەها ئەو مۆرفیمانە دەچنە سەر وشە، بەمەبەستی

دەربڕینــی پەیوەنـدی نێـوان ئـەو وشــەیە و وشــەکانی تـر لـە چوارچێوەی سینتاکسدا .

٣- مۆرفیمی نووسەك (**) .

زاراوەی ( نووسەك ) بەرانبـەر بـە زاراوەی ( Clitics ) دەوەستێت، کە ئەویش جۆرێکە لە مۆرفێمی بەند، کە جیـاوازە لـە گیرەکـە ڕێزمانییـەکان، بەڵام دەشکرێت هەر بە گیرەکی ڕێزمانی دابنرێت، لەبەر ئەو تێکەڵییەی کە هەنـدێ جـار لەنێوانیانـدا هەیـە . بـەوەش لـە گـیرەك جیـا دەبێتـەوە کـە بەوشــەوە نالکێـت، بـەڵکو بـە گرێـوە دەلکێـت، بۆیەکـەش پێـی وتـراوە نووسەك، چونکە هەر جارە و بە شوێنێکەوە دەلکێت، بۆ نموونە، نووسەکی کەسی ( ‐ م ) بەم شێوەیە دەردەکەوێت :

- ماڵم کڕی ( بەناوەوە نووساوە )
- کڕیم ( بە فرمانەوە نووساوە )
- دەم نارد ( بە مۆرفێمی ڕووکارەوە نووساوە ) ....هتد .

به شێوەیەکی تریش دەتوانین مۆرفێمی بەند دابەش بکەینە سەر دوو بـەش :-

یەکەم : مۆرفێمی داڕشتن و لێکدان :

ئەو مۆرفێمانەن کـە دەبنـە هـۆی داڕشـتنی وشـەی نـوێ کـە پێـك دێـت لـە مۆرفێمەکانی :

١ ـ مۆرفێمی داڕێژراو : وەك ( پێشگر، ناوگر، پاشگر، پێشگر و پاشگر ) .

٢ – مۆرفێمی لێکدان : کە لە دوو ڕێگەوە دروست دەبێت :

أ – بێ ئامراز، وەك : دڵ + شاد = دڵشاد، ... **هتد** .

ب – بە ئامرازەوە، وەك :

بەرد + ە + نوێژ = بەردەنوێژ .

گوڵ + بە + دەم = گوڵ بەدەم .

دەنگ + و + باس = دەنگوباس . .... **هتد** .

دووەم : <u>مۆرفێمی ڕێزمانی</u> :

ئەو مۆرفێمانەن کە دەوری ڕێزمانی دەبینن و حاڵەتی ڕێزمانی جیاجیا نیشان دەدەن، ئەمیش دەبێت بە دوو بەشەوە :

أ – ئەو مۆرفێمە ڕێزمانیانەی کە دەلکێن بەسەرەتای وشەوە، وەك : ( دە، ب،... **هتد** ) .

ب – ئەو مۆرفێمە ڕێزمانیانەی کە دەلکێن بە کۆتایی وشەوە، وەك ( ەکە، ێك، ان، ... **هتد** ) .

واتا مۆرفێمی ڕێزمانی ئەوەیە، وشە لە حاڵەتێکی ڕێزمانییەوە دەگۆڕێ بۆ حاڵەتێکی تری ڕێزمانی .

– **هەروەها لە جۆرەکانی تری مۆرفیم** :

– <u>**مۆرفیمی ڕەگ :**</u>

ئەو بەشەی وشەیە کە بچووکتر ناکرێتەوە، یان ئەو بەشەی وشەیە کە دوای لابردنی هەموو ئەفێکەسەکانی دەمێنێتەوە، لەوانەیە لە شێوەی مۆرفیمێکی سەربەست یان مۆرفیمێکی بەندا هەبێت، هەموو ڕەگێك بنجە بەلآم بە پێچەوانەوە نابێت .

تام ----- مۆرفیمی ڕەگە (( سەربەخۆیە )) .

دەکرم -----( کر ) مۆرفیمی ڕەگە (( واتاکەی بەندە بەوانی ترەوە )) .

دەکەوم ----- ( کەو ) ڕەگە، بنجە، بە شێوەی سەربەخۆش دەردەکەوێت .

- <u>مۆرفیمی قەد</u> :

لەوانەیە سادەبێت، یان لێکدراوبێت، کە تەنیا گیرەکە ڕێزمانییەکانی لێ بکرێتەوە، واتا ئەو بەشەی وشەیە کە هەبووە پێش ئەوەی پاشگرە ڕێزمانییەکانی بۆ زیاد بکرێت . بەمەش قەد ئەو مۆرفێمەیە توانای وەرگرتنی، یاخود پێوەلکانی گیرەکی ڕێزمانی هەیە، وەك

مندالّ + ەکە = مندالّەکە

( مندالّ )قەد (ەکە) گیرەکی ڕێزمانی

<u>جاموڵکەکان</u> :

جامولکە + ەکە + ان

( جامولکە ) مۆرفیمی قەدە / ( ولکە )ش مۆرفیمی وشە داڕێژە / ( ەکە ) و ( ان ) مۆرفیمی ڕێزمانین .

**<u>باخەوانەکان</u>** :

( باخەوان ) مۆرفیمی قەدە / ( ەوان ) مۆرفیمی وشە دارێژە / ( ەکە ) و ( ان ) مۆرفیمی ڕێزمانین .

باخچەکە :

(باخچە) مۆرفیمی قەدە –واتە تەنها گیرەکی ڕێزمانییەکانیان لێ لادەبەین، قەدمان دەست دەکەوێت ).

– **مۆرفیمی بنج** :

ئەوەیە کە گیرەکی پێوەنەبێت – واتا هەردوو جۆرەکەی گیرەکی ڕێزمانی و داڕشتنی پێوە نەبێ، ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەڵێن بنج، وەك :

کارگەکان---------- ( کار ) بنجە / ( گە ) بەندی داڕشتنە / ( ەکە ) و ( ان ) بەندی ڕێزمانییە، یان نووسەکن .

جامولکەکان = جام + ولکە + ەکە + ان

بنجە وشەدارێژ ڕێزمانی ڕێزمانی ............هتد[٥٤] .

ژنەکان لە کارگەکان کار دەکەن :

ژن : ئازاد ( سەربەخۆ )

ەکە :بەند ( نووسەك، دواگر )

ان : بەند ( نووسەك، دواگر )

لە : ئازاد ( ئەرکی )

کار : ئازاد ( سەربەخۆ )

گە : بەند ( گیرەك، وشەدارێژ، پاشگر )

ەکە : بەند ( نووسەك، دواگر )

ان : بەند ( نووسەك، دواگر )

کار : ئازاد ( سەربەخۆ )

ده : بەند ( گیرەك، ڕێزمانی، پێشگر )

كه : بنكەی بەند

ن : بەند ( نووسەك، دواگر )

..............هتد .

## پەراوێز و سەرچاوەكان :

١- شێركۆ حمەئەمین قادر، مۆرفێمە بەندە لێكسیكی و ڕێزمانییەكان و ئەركیان لە دیالێكتی گۆراندا، نامەی ماجستێر، زانكۆی سلێمانی / كۆلێژی زمان، ٢٠٠٢، ل١٧ .

٢- د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، بەرگی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١٢ .

٣- د.محەمەد مەعروف فەتاح   سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێكی مۆرفۆلۆجیی كوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل٧ .

٤ - محمد معروف فەتاح، زمانەوانی، ل٧١ .

٥- محمد معروف فەتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٩٠، ل٧١ .

٦- كەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفێم و هەندێ لایەنی وشەسازی كوردی، نامەی ماجستێر، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی ئاداب، ١٩٩٠،ل٣٩ پەراوێزی ژمارە (١) .

هەروەها لەبارەی جۆری ئەو زمانانە و دابەشبوونیان بەپێی سیفەتە مۆرفۆلۆژییەكانیان، بڕوانە :

– د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، بەرگی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١٦–١١٧ .

– د.محەمەد مەعروف فەتاح   سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێكی مۆرفۆلۆجیی كوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل٨٧–٩١ .

– د.ابراهیم خلیل، في اللسانیات ونحو النص، دار المیسرة للنشر والتوزیع والطباعة، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠٠٧، ص٨٠–٨٢.

- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بیردۆزی مۆرفیمەوە. بڕوانە : [1]

- د.ابراهيم خليل، في اللسانيات ونحو النص، دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠٠٧، ص٧٢-٨٢.

- کەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ١٩٩٠،ل٢٣ .

٧- محمد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٧٤،ل٢٣.

(*) جیاوازی نێوان ( فۆنیم ) و ( دەنگ ) لەوەدایە، کە هەموو فۆنێمێك دەنگە، بەڵام هەموو دەنگێك فۆنێم نییە، بەواتای ئەوەی فۆنێم دەتوانێت ڕۆڵی گۆڕینی واتای وشە ببینێت، بۆ نموونە ئەگەر بێت و فۆنێمی ( د )مان لە جێی فۆنێمی ( ش ) لە وشەی ( شار ) دانا، دەبێتە ( دار ) واتا دەوری گۆڕینی واتای وشەکەی بینیوە، کەچی هەندێ دەنگ ناتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، بۆ نموومنە دەنگەکەکانی ( فیکە و پرخەپرخ و قرتێنە و .....) ناتوانن واتای وشە بگۆڕن، بۆیە بە فۆنێم ناژمێردرێن .

٨- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧، ل٢٣.

٩- صادق بهاءالدین، ڕێزمانی کوردی کرمانجی یاژۆری و ژێری یا هەڤبەرکێ، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٧، ل١٤٩.

١٠- د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٦٤ .

١١- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسانبوونی بڕگە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر، ١٩٩١،ل٣٦ .

12-David Crystal , Afirst Dicionary of Languistics and phonetics , great Russell, London ,1980,p231

١٣- د.محەمەد مەعروف فەتاح سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل٧.

١٤- د.محمد علي الخولي، معجم علم اللغة النظري ( انكليزي – عربي )، لبنان، ١٩٩١،ص١٧٤ .

١٥- بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی پێناسەکانی مۆرفێم و ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی بڕوانە ئەم سەرچاوانەش :

- د.محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٨٤، ل٨٠ .

- ڕۆژان نوری عبداللە، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢١-٢٤ .

- د.کەمال میراودەلی، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧١-٧٢ .

- د.ابراهیم خلیل، في اللسانیات ونحو النص، دار المیسرة للنشر والتوزیع والطباعة، الطبعة الاولی، الاردن، ٢٠٠٧، ص٧٢-٧٤.

- کەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفێم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ١٩٩٠،ل٢٧-٢٨.

- محەمەد عومەر عەول، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە — لە کرمانجیی خوارووداـ، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە ( ٣ )، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣١٢-٣١٣ .

- کەمال محەمەد ئۆمەر، دەروازەی فەرهەنگیی هەندێ پێشکاری کوردیی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٥-١٧ .

- شەهاب شێخ تەیب، فۆنێم و مۆرفێم، گۆڤاری ( بانەڕۆژ )، ژمارە(١٧)، کەرکووک، ٢٠٠٥، ل٦٦-٦٧ .

- بێستون حەسەن ئەحمەد، ڕۆنانی کردار لە زاری هەورامیدا، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل٢٩-٣٢

١٦- لە بارەی تایبەتییەکانی مۆرفێمەوە بڕوانە :

- د.محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٨٤، ل٨١ .

- د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١٤-١١٦ .

- محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، بەغدا، ١٩٨٤،ل١٧٣ .

- بێستون حەسەن ئەحمەد، ڕۆنانی کردار لە زاری هەورامیدا، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل٣٢ .

- د.محەمەد مەعروف فەتاح سەباح رەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل١١.
- سەلام ناوخۆش، مۆرق سفر و مۆرفی بەتاڵ، گۆڤاری ( رامان )، ژمارە ( ١٥٩ )، خولی سێیەم / ساڵی پازدە، هەولێر، ٢٠١٠. ل١١٠-١١١ .
- د.نەورەحمانی حاجی مارف، وشەرۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧، ل٢٧-٢٨.
- کەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفێم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ١٩٩٠، ل٤٠ .
- محەمەد عومەر عەول، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەرووی دارشتن و ئەرکەوە – لە کرمانجیی خوارووودا –، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە ( ٣ )، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣١٢-٣١٣.
- رۆژان نوری عبدالله، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٣-٢٤ .

١٧- د.نەورەحمانی حاجی مارف، وشەرۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧، ل٣٠-٣٤.

هەروەها، بڕوانە :

- د.نەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ( کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی )، سلێمانی، ٢٠٠٤،ل٣٤٣-٣٤٧.

١٨- د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١٨( پەراوێز ).

19- David Crystal , Afirst Dicionary of Languistics and phonetics , great Russell, London ,1980,p231

٢٠- کەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفێم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ١٩٩٠، ل٢٧-٣١ .

٢١- رۆژان نوری عبدالله، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٥-٢٦ .

- هەروەها لە بارەی جۆرەکانی مۆرفێمەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانەش :

* د.ابراهيم خليل، في اللسانيات ونحو النص، دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠٠٧، ص٧٢-٨٠.

* محەمەد عومەر عەول، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە – لە کرمانجیی خوارووا –، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە ( ٣ )، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣١٢-٣١٩.

..... تاد .

٢٢- د.محەمەد مەعروف فەتاح سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل٢٨-٢٩.

**٢٣- لە بارەی جۆرەکانی مۆرفیمی زمانی کوردی، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە :**

- ڕۆژان نوری عبدالله، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٥-٢٦ .

- محەمەد عومەر عەول، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە – لە کرمانجیی خوارووا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠١، ل٦ – ١١.

- صباح ڕشید قادر، هاوبێژی و فرەواتایی لە ( گیرەك )دا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٠، ل٥١- ٦٢، ٨٨-٩٠ .

- شادمان سالار نەریمان، وشەی نوێباو لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٨، ل١٥ .

**- لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ، مۆرفێمەکانی ( یْ ) لە زمانی کوردیدا بە کەرەستەی کرمانجیی خواروو و ژووروو، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە، ١٩٩٨، ل٤٣ – ٤٦ .**

**- ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٣،ل٢٠- ٢٦.**

- کەمال محەمەد ئۆمەر، دەروازەی فەرهەنگیی هەندێ پیشکاری کوردیی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢٠-٢٧ .

**- نازەنین جەلال ئەحمەد، وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە، ١٩٩٨، ل٧٨ – ٨٣ .**

- شێرکۆ حمەئەمین قادر، مۆرفێمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی زمان، ٢٠٠٢، ل١٨ -١٩ .

- ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان، مۆرفێمەکانی ( ە ) **لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە، ١٩٩٨، ل٥٩ – ٦١ .**

- کەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفێم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ١٩٩٠، ل٢٧-٣١ .

- دڵشاد محەمەد غەریب، مۆرفێمەکانی ( بە ) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا، **نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٤، ل٣٦ – ٣٩ .**

- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧، ل٣٠-٣٢.

- محەمەد ئەمین هەورامانی، فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، چاپخانەی ( مەعاریف )، بەغدا، ١٩٧٤، ل١١٠- ١١١ .

David Crystal , Afirst Dicionary of Languistics and phonetics , great Russell, London ,1980,p23-2324. -

- د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٦٥ – ٣٦٧ .

- د.محەمەد مەعروف فەتاح سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل٢٨-٣٠.

- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ( کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی )، سلێمانی، ٢٠٠٤،ل٣٤٣-٣٤٧.

- د.کەمال میراودەلی، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧٢ .

- د.ابراهيم خليل، في اللسانيات ونحو النص، دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠٠٧، ص٧٢-٨٠.

- بێستون حەسەن ئەحمەد، ڕۆنانی کردار لە زاری هەورامیدا، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل٢٩ – ٣٦ .

- **محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، بەغدا، ١٩٨١، ل١٧٢-١٧٣ .**

(**) **لە بارەی مۆرفێمی نووسەکەوە و جیاوازی لەگەڵ گیرەکی ڕێزمانی بڕوانە :**

١- د.محەمەد مەعروف فەتاح   سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل٣٢- ٣٦.

٢- بازیان یونس محی الدین، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٨، ل٢٦- ٣٠ .

**٢٤- لەبارەی مۆرفێمی ( ڕەگ ) و ( قەد ) و ( بنج )ەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە :**

- بێستون حەسەن ئەحمەد، ڕۆنانی کردار لە زاری هەورامیدا، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل٣٤ – ٣٦ .

- د.محەمەد مەحویی، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکهەم، سلێمانیی، ٢٠١٠، ل١١-١٣.

- کەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفێم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ١٩٩٠، ل٣٠-٣١ .

- کەمال محەمەد ئۆمەر، دەروازەی فەرهەنگیی هەندێ پێشکاری کوردیی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٩-٢٢ .

- بازیان یونس محی الدین، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٨، ل٣٠- ٤٠ .

- محەمەد عومەر عەول، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە – لە کرمانجیی خوارووودا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠١، ل٦ – ١١ .

# خوێندنەوەیەك بۆ
# پێناسەی جێناوی لكاو

**عەدنان ئەحمەد عەلی**

زۆرێك لە زمانەوانان پێناسەیان بۆ جێناوی لکاو کردووە، وە لەو پێناسانەدا پشتیان بە بۆچوونی خۆیان بەستووە یان لەژێر کاریگەریی بۆچوونی نووسەرانی دیکەدا نووسیویانە. سەرەڕای بوونی هەندێك جیاوازی لەخستنەڕووی پێناسەکاندا، بەڵام بەگشتی ناوەڕۆکی مەبەستەکانیان لەیەکترەوە نزیکە .

ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لەسەری بدوێین ئەو پێناسەیە کە لە نامەیەکی ئەکادیمی ماجستێردا بەناونیشانی(جێناو : لێکدانەوەیەکی نوێ لەزمانی کوردیدا) لەنوسینی (م.تارا محسین قادر ) خراوەتە ڕوو کە دەڵێت:((جێناوی لکاو: بریتین لەو جێناوانەی کەلەجیاتی جێناوی سەربەخۆ و ناوی کەس بەکاردێن وەکو وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لەناو ڕستەدا بەکار نایەن، بەڵکو بەوشەیەکی ترەوە دەلکێنرێن، بۆ دەربڕینی دەوری کەسی و پەیوەندی وەسفی لەڕستەدا بەکاردێن، نالوێ ئاخاوتنی پێدەسپێبکرێت)) .[1] نووسەر خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەم پێناسەیە لەژمارەیەك لەو پێناسانە وەرگیراوە کە پێشتر لەلایەن زمانەوانانەوە خراوەتەڕوو. پاشان ئەم پێناسەیە لە نامەیەکی تری ئەکادیمی ماجستێر بەناونیشانی (ڕێزمانی جێناو لەشێوەزاری خانەقیندا) لەنووسینی (د.ئومێد بەرزان برزۆ) بەدەستکاریەکی کەمەوە خراوەتەڕوو، کە دەڵێت: ((بریتین لەو جێناوانەی کەلەجیاتی جێناوی جوداو ناوی کەس بەکاردێن، وەك وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لەناو ڕستەدا بەکار نایەن،

بەڵکو بە وشەیەکی ترەوە دەلکێنرێن، بۆ دەربڕینی دەوری کەسی وپەیوەندی وەسفی لەڕستەدا بەکاردێن، نالوێت ئاخاوتنی پێدەستپێبکرێت، چونکە ئەم جێناوانە نوسەکن، کە بەوشەی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن)).[٢]

لەم پێناسانەدا کۆمەڵێك تێبینیمان هەیە لەخوارەوە ئەو تێبینیانە دەخەینە ڕوو بەمەبەستی خستنەڕوی پێناسەیەکی باشتر :

١- وەکو دیارە لەم پێناسانەدا ئەوە خراوەتە ڕوو، کەوا (جێناوە لکاوەکان لەبری ناوی کەس) بەکار دەهێنرێن، لەکاتێکدا ئەوە ڕونە کەناوی کەس هەڵگری کۆمەڵێ سیفەتی تایبەتییە کە ئەو سیفاتانە لە هەندێك گیاندارەکان وەك (ئاژەڵ، ڕووەك ) و بێگیانەکاندا نییە، و جێناوە لکاوەکان ڕۆڵیان لەناو ڕستەدا دەبینن. وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا خستومانەتە ڕوو .

- گۆران نانی خوارد. (ی) جێناوی لکاوی بکەرە بۆ کەسی یەکەمی تاك، بۆ گۆران دەگەڕێتەوە کاتێك گۆران لە ڕستەکەدا لابەرین ئەوا (ی) لەجێی گۆران ڕۆڵ دەبینێت .

- نانی خوارد.

- سەگەکان دەوەڕن. (ن) جێناوی لکاوی بکەرە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بۆ سەگەکان دەگەڕێتەوە، کاتێك کەوا سەگەکان لەڕستەکەدا لابەرین دەبینین (ن) دەوری سەگەکان دەبینێت.

- دەوەڕن .

– پەنجەرەکان شکان . (ن) جێناوی لکاوی بکەرە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بۆ پەنجەرەکان دەگەڕێتەوە، کاتێك کەوا پەنجەرەکان لەڕستەکەدا لابەرین دەبینین (ن) دەوری پەنجەرەکان دەبینێت.

– شکان.

دەبینین جێناوە لکاوەکان تەنها دەوری (ناوی کەس ) نابینن، بەڵکو دەوری ناو بەگشتی دەبینن . مەبەستمان لە ناو بەگشتی ناوی گیاندارو بێگیانەکانە، وە لەگیاندارەکانیشدا خاوەن عەقڵ و بێ عەقڵەکانە .

٢– ژمارەیەك لەزمانەوانان وارادەگەیەنن کەجێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بە پرێپۆزیشنەوە دەلکێن:

د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم دەڵێت: ((ڕاناوە لکاوەکان لەگەڵ ئامرازی (بۆ، پێ، لێ، لەگەڵ ) بەکار دەهێنرێ ...))[٣].

لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی شەشەمی ئامادەی، لە ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان لە دەوری تەواوکەری بەیاریدەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کەوا جێناوە لکاوەکان دەچنە دوای ئامرازە پەیوەندیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە .[٤]

أ/ لەگەڵ کاری تێنەپەڕی دەمی ڕابردوو و ڕانەبردوو بکەر نادیار کۆمەڵە جێناوی (م، مان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و لەدوای بکەر یان جێگری بکەر دێن، گەر بکەر یان جێگری بکەر لابرین، جێناوەکان دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندیەوە

- نامەکە بۆ من هات (دێت).

- نامەکەم بۆ هات (دێت).

-بۆم هات (دێت).

ب/ لەگەڵ کاری ڕانەبردوی تێپەڕیشدا کۆمەڵەی (م، مان) لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای بەرکای ڕستەکە ئەگەر لە ڕستەکەدا هەبوو، بەڵام ئەگەر بەرکار لابرێت، جێناوەکان دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندیەوە

- گوندەکانیان بۆ ئاوەدان دەکەینەوە.

-بۆیان ئاوەدان دەکەنەوە.

ج/ لەگەڵ کاری ڕابردووی جێناوە کەسیە لکاوەکاندا دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لە دوو شێوەدا :

١-دەگونجێت کۆمەڵەی (م، مان) ببنە تەواوکەری بەیاریدەو یەکسەر لەدوای ئامرازە پەیوەندیەکەوە دێت.

- پرسیارەکانی بۆم چاپکرد.

- بۆمی چاپکرد.

٢-کۆمەڵەی (م-ین)دەبنەتەواوکەری بەیاریدە دەچنە کۆتایی کردار.

پاش خستنەڕووی ئەم خاڵانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە جێناوە لکاوەکان تەنها بە وشەوە نالکێن، بەڵکو بەئامرازی پەیوەندیشەوە دەلکێن.

٣– لێرەدا ئەو تێبینیە دەخەینە ڕوو کە توێژەران هەستاون بەدانانی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک (ی) وەکو دەڵێن (نالوێت ئاخاوتنی پێدەستپێبکریت ) لەحاڵێکدا دەبوو لەبری ئەو جێناوە جێناوی کەسی سێیەمی کۆ (یان)یان دابنایە .

پاش خستنەڕوی ئەو خاڵانەی سەرەوە دەکرێت پێناسەکە بەم شێوەیە دابڕێژین کە دەڵێت :

جیناوە لکاوەکان ((بریتین لەو جێناوانەی کە لە جیاتی جێناوی سەربەخۆ و ناو بەکاردێن، وەك وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لەناو ڕستەدا بەکار نایەن، بەڵکو بە کەرەستەیەکی تری ناوڕستەکەوە دەلکێنرێن، بۆ دەربڕینی دەوری ناو و پەیوەندی وەسفی لە ڕستەدا بەکاردێن، ناکرێت ئاخاوتنیان پیَ دەست پێبکرێت، چونکە ئەم جێناوانە نوسەکن)) .

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١– تاراموحسین قادر، جێناو لێکدانەوەیەکی نویَ لەزمانی کوردیدا، ل٥.

٢– ئومێدبەرزان برزۆ،ڕێزمانی جێناو لەشێوەزاری خانەقیندا، ل١٠.

٣– د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەشی دووەم، جێناو، ل١١٤.

٤–زمان ئەدەبی کوردی، پۆلی شەشەمی ئامادەی،چاپی یەکەم،٢٠٠٦زاینی، ل٩٧–١٠٢.

# چۆمسکی و گرنگیدان بە ڕۆنانی قوڵ

ئـاری عوسمان خەیـات/ کفری

بۆچوونەکانی چۆمسکی، کە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گوێزانەوە) دێتە ئەژمار، بە یەکێك لە بۆچوونە هەر بە ناوبانگەکانی دنیای زانستی زمانەوانی ناسراوە، ئەمەش وێڕای ئەوەی تەمەنێکی زۆر درێژی نییە لەچاو بۆچوونی قوتابخانە زمانەوانییەکانی پێشووتر. ئەوەی کە لای چۆمسکی گرنگی تەواوی پێدەدرێت، ئەو پرسیارەیە، کە ئاخۆ مرۆڤ چۆن فێری زمان دەبێت؟ ئەمە بە پرسیارە گەوهەرییەکەی ئەو زانا گەورەیەیە، کە لەڕێگەیەوە چەندین دەلاقەی دیکەی بەڕووی دەیان پرسیاری تردا والآ کرد، کە دواجار لەوێندەرێوە وەڵامەکان بە سانایی بەردەست دەکەون.
چۆمسکی پێیوایە منداڵ، کە دێتە ژیانەوە، خاوەنی توانستی تایبەت بە خۆیەتی و ئەو توانستەش لە مێشکدایە، واتا ئەتوانین بڵێین، بەپێی ئەو تێڕوانینیەی ناوبراو، هەموو مرۆڤێك هەر لە چرکەساتی یەکەمی هاتنە ژیانەوە، خاوەنی فەرهەنگێکی تایبەتە بە زمان، ئیدی لەڕێگەی هۆکارە دەرەکییەکانەوە، کە دیارترینیان دەوروبەر و ئەو کۆمەڵەیە، کە تیا دەژی، ئەو فەرهەنگە تایبەتە دەپشکوێ و دەکەوێتە کار و بەوەش زمانی مرۆڤ چەکەرە دەکا.

کەواتا بناغەی گرنگیدانی چۆمسکی و قوتابخانەی زمانەوانی بەرهەمهێن، بە کردارەکانی مێشك و چۆنێتی دروستبوونی دروستە سینتاکسییەکان، بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە، کە ئاژەمان پێدا، ئەویش بوونی توانستە لای مرۆڤ، یان باشتر بڵێین: لای منداڵی تازە لەدایکبوو، بەو واتایەی مێشکی مرۆڤ مەڵبەندی بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی لەڕادەبەدەری ڕستەیە، کە ئەمەش پێیدەوترێ بەرهەمهێنانی ڕستە لە ئاستی قوڵدا (ئاستی ژێرەوە)، کە

دواجار لە پرۆسەی ئاخاوتندا دێتە بەرکارهێنان و دەچێتە ئاستی ڕووکەشەوە، یان ئەوەی پێیدەوترێ: ئاستی سەرەوە.

لێرەوە دەتوانین وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، لەوەی ئاخۆ بۆچی چۆمسکی گرنگی بە بنیادی قوڵ دەدا، نەك بە بنیاتی ڕووکەش؟ یان ئایا هۆی چییە، کە دروستە سینتاکسییەکان لە مێشکدا دروست دەبن؟ هەروەك دەکرێ بشپرسین: ئەوە چییە وا دەکا، کە قوتابخانەی بەرهەمهێن، گرنگی زیاتر بە مێشك بدات نەك بە ئاخاوتن؟

هەڵبەت لە وەلامی کۆی ئەو پرسیارانەدا دەڵێین: چۆمسکی گرنگی بەو کردارانەی مێشك دەدات، کە دەتوانن ژمارەیەکی بێ سنووری ڕستەکان بەرهەم بهێنن، ئەویش لە جیاتی جەختکردنەوە لەسەر ئەو وتانەی کە بە کردەوە دەوترێن، واتا گرنگی بە بنەما قوڵەکانی زمان دەدات، بونیادی قوڵیش بە بۆچوونی چۆمسکی پەیوەستە بە توانستەوە، توانستیش، کۆمەڵێك زانست و زانیارییە، هەر لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا لەدایك دەبێت. توانست نابینرێت و ناگوترێت و هەستی پێ ناکرێت. لە توانستدا هەڵە ناکرێت، بەڵکو لەچالاکیدا هەڵە دەکرێت، چونکە دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت.

چۆمسکی لە بارەی توانست و چالاکییەوە، نمونەیەك لە ژیانی ڕۆژانەدا دەهێنێتەوە، کە وەك ئەوەیە یەکێك بەشداری خولی فێربوونی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بکات، ئەو کوڕاسەیەی کە لە خولەکەدا وەری دەگرێت، هەمووی زانست و زانیارییە، ئەو زانست و زانیارییە دەچنە بواری توانستەوە، بۆیە هەڵەیان تێدا نییە، بەڵکو مرۆڤ لە کاتی جێبەجێکردنیدا هەڵەی تێدا دەکات.

چۆمسکی باس لە دوو ئاست دەکات، کە بەپێی ئەو دوو ئاستە، دروستە سینتاکسییەکان بنیاد دەنرێن، ئەویش: یەکێکیان ڕۆنانی سەرەوەیە، ئەویتر ڕۆنانی ژێرەوەیە. ڕۆنانی ڕووکەش (سەرەوە) ئەو کەرەستانەن، کە لەسەرەوە دەردەکەون و مەرج نییە هەموو کەرەستەکان بگرێتە خۆ. ئاستی قوڵیش (ژێرەوە) ناوەڕۆك و بنجی ڕستەکە دەگرێتە خۆ، چونکە لە هەندێ حاڵەتدا هەندێ کەرەستە دەرناکەون، بەڵام لە ئاستی ژێرەوە بوونیان هەیە، وەك: ئازاد دەتوانێ بنووسێت.

وەك سەرنج دەدرێ، لەو ڕستەیەی سەرەوەدا، یەکێك لە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە دەر نەکەوتووە، بەڵام بێگومان ئەم کەرەستەیە لە ناوەڕۆکدا بوونی هەیە، ئەمەش بەپێی ئەو بنەمایەی کە کرداری تێپەڕ پێویستی بە دوو کەرەستەی سەرەکییە، ئەویش بکەر و بەرکارە، تا بتوانێ دروستەی ڕستەیەکی تەواو بدا بە دەستەوە، بەو واتایەی لە ڕستەی (ئازاد دەتوانێ بنووسێت)دا، بکەری ڕستە، کە (ئازاد)ە، دەتوانێ شتێ بنووسێت، کە ئەویش دەبێتە (بەرکاری ڕاستەوخۆ)ی ڕستەکە، جا ئەو کرداری نووسینەکە هەرچییەك بێت، گرفتێك ناهێتە ئارا.

لەو نمونەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە (دەقەکان ناکرێن بە بناغەی پەسنکردن، بەڵکو ڕستە دەکرێت بە بناغەی پەسنکردن)، چونکە توانست وەك لەباردابوونی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ڕستە پێناسە دەکرێت.

کەواتا لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکەی (چۆمسکی)دا، ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت، کە مرۆڤ لەتوانستدا فێری زمان دەبێت، هەر بۆیە دروستە سینتاکسییەکانیش لە مێشکدا دروست دەبن، بۆیە چۆمسکی گرنگی بە

مێشك دەدا، نەك بە ئاخاوتـن، واتا گرنگی بە ڕۆنانی قـوڵی زمـان دەدا، کـە لە مێشکدایە، نەك بونیادی ڕووکەش، کـە لـەئاخاوتندا دەردەکەوێت.

سـوود لەم سەرچاوانە وەرگیـراوە:

١. دەروازەیەك بۆ زمانەوانی: محەمەد محەمەد یـونس عـەلی، وەرگێڕانـی: نـەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکـانی کتێبخانـەی ئـاوێر، چـاپخانەی ڕۆژهـەڵات، چـاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل٦٤ و ١٣٠.

٢. ڕستەسازی: نـەریمان عەبـدوڵلا خۆشـناو، چاپخانەی ڕۆژهـەڵات، چـاپی یەکـەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥٠ و ١٥١.

٣. مۆدێـل و مۆدێلـەکانی ڕێزمـان: کۆمـەڵێك زمانـەوان، وەرگێڕانـی: د. محەمـەدی مەحوی، لە بڵاوکراوەکـانی مەڵبەنـدی کوردۆلـۆجی، چـاپخانەی ڕەنـج، چـاپی یەکـەم، سلێمانی، ل٣٤٤.

# چەند تێبینی و
# سەرنجێك لەسەر مەنهەجی كوردی

پۆلەكانی ( شەشەم، حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم) ی بنەڕەتی

مامۆستا : گۆران وسو حەمەد
پسپۆڕی زمانی كوردی لە پەروەردەی پشدەر
قوتابخانەی : ( چواس )ی بنەڕەتی / قەڵادزێ

**کوردی شەشەمی بنەڕەتی :**

أ – بابەتی ڕێزمان :

لە بابەتی ( تەواوکەر ) لە لاپەڕە ( ٢٣) دا نووسراوە پێناسەی کار :

بەڕای ئێمە مادام بابەتی خوێندن لەو لاپەڕەیەدا ( تەواو کەر )ە، دەبوایە پێناسە بۆ ( تەواو کەر ) کرابایە نەك بۆ کار، چونکە بابەتی سەرەکی (تەواو کەر )ە .

لە لاپەڕە (٢٤) دا ڕاهێنانی (٤) نووسراوە تەواوکەرێکی گونجاو بۆ ئەم بۆشاییانە دابنێ :

لقی ( ٣ ) ئاوا نووسراوە : ٣.......... کوردی نووسی .

پێم وایە لە شوێنی ( کوردی ) بۆشایی کرابایە نەك لە شوێن (بکەر)، چونکە ئەو ڕستەیە ( تەواوکەر ) ی دەوێ نەك بکەر یان شتێکی دیکە .

ب – بابەتی ( بەشی هۆنراوە و خوێندنەوە ) لا (٥٠) :

لە لاپەڕە (٧١) هۆنراوەیەك هەیە نووسراوە ( ئەی کچێ )

بەڵام لەچاپی سێیەم کتێبی کوردی پۆلی شەشەم ساڵی ( ٢٠١٠ ) ئەم کتێبەش هەر دەخوێندرێت و نووسراوە (کەچا کورد )، هەردوو کتێبەکەش بەسەر قوتابیان دا دابەشکراون و دەخوێندرێن، تاکو ئێستا هیچ نووسراوێکی فەرمی بۆ قوتابخانەکان نەهاتووە کامیان ڕاستە و کامیان هەڵەیە ؟ لێرەدا دەپرسین ئایا بۆ تاقیکردنەوەی نیشتمانی و کۆتایی ساڵ دەبێ قوتابیان کامەیان ئامادە بکەن ؟

بـــۆ دەبـــێ قوتابیـــان ببنـــە قوربـــانی هەڵەیـــەکی مەنهـــەجی کـــە لـــە وەزارەتەوە دابەزیوە ؟

**چەند تێبینیەك لەسەر مەنهەجی کوردی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی**

لـــە کتـــێبی ( زمـــان و ئـــەدەبی کـــوردی ) – پـــۆلی حەوتـــەمی بنـــەڕەتی چاپی چوارەم / (٢٠١٠) ز

وانـەی دوازدەهـەم / ( دیارخـەری نـاو – تەواوکـەری کـار ) لـە لاپـەڕە ( ٥٣ )

أ. لـە ڕسـتەی ژمـارە ( ٩ ) نووسـراوە ( مـەکتێب ژوی وەرگـرت )، ئـەو ڕسـتەیە لـە لاپـەڕە ( ٥٦ ) دا کاتێـك خسـتنە ڕووی بـۆ کـراوە لـە ڕسـتەی زنجـیرە (٩)دا نووسـراوە (کتێـب ژ وی وەرگـرت )، دیـارە ئـەو ڕسـتەیە هـەمان ئـەو ڕسـتەیەیە کـە لەلاپـەڕە ( ٥٣ ) دا نووسـراوە ( مـە کتێـب ژ وی وەرگـرت )، بـەلاّم لـە خسـتنەڕوودا وشـەی جێنـاوی ( مـە ) نەنووسـراوەتەوە . لێـرەدا دەپرسـین ئایـا مەبەسـت چییە کـە جێنـاوی ( مـــە ) نەنووســـراوەتەوە؟ ئایـــا هەڵـــەی چـــاپە یـــان بەمەبەســـت نەنووسـراوە ؟ بۆچـی ؟ بـە ڕای ئێمـە دەبوایـە جێنـاوی (مـە) دووبـارە لـــە خســـتنەڕوودا هـــەم نووســـرابایەوە و هـــەم ڕوونـــیش کرابایـــەوە کـــە جێناوی (مە) چییە و بۆ چ مەبەستێ بەکار دێت ؟

هـەر لـەو ڕسـتەیەدا ( مـە کتێـب ژ وی وەرگـرت ) دەبوایـە لـە نێـوان ئـامرازی پەیوەنـدی (ژ) و جێنـاوی ( وی ) فاسـلەیەك هەبوایـە چـونکە دوو وشـەی لێـك جیـاواز و هەریەکـەی مانـا و مەبەسـتی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە . دەبوایـە لـەنێوان هـەردوو ئـامراز و جێناوەکـە مەودایـەك هەبوایـە لـەکاتی نووسـیندا تـاکو قوتابیـان بـە ڕەوانـی و بـەبێ هەڵـە

توانیبایـــان بیخوێننـــەوە و لێـــی حـــاڵی بـــبن، کـــە بەداخـــەوە ( ژۆی ) هـــەمووی بەســـەر یەکـــەوە وەکـــو وشـــەیەك نووســـراوە و تارادەیـــەك زۆر قوتابیـــان و تەنانـــەت هەنـــدێ مامۆســـتاش بـــە ووشـــەیەکی ســـەر بـــەخۆی تـــێ دەگـــەن، کـــە ئەمـــەش دەبێتـــە هـــۆی ئـــەوەی کـــە هەڵـــەی تیـــادا بکـــرێ و مانـــا و مەبەســـتی ڕوون و ئاشـــکرایی خـــۆی لەدەســـت بـــدات . جگـــە لـــە هەڵـــە خوێندنـــەوە بـــەڵکو ئـــەرکی هەریەکـــە لـــە ئـــامراز و جێناوەکـــەش نـــە دەکرا بە جیا لێك بدرێتەوە و دیاری بکرێت .

ب . لـــە هـــەمان بابـــەتی وانـــەی دوانزەهـــەم ( دیارخـــەری نـــاو، تەواوکـــەری کار ).

لـە لاپـەڕە ( ٥٣ ) لـە ڕسـتەی ژمـارە ( ١) دا نووسـراوە (دایکـی شـەهید فرمێسکی خوێندن دەڕێژێت ).

لـە لاپـەڕە (٥٤) دا لـە دێـڕی دەیـەم بـە زنجـیرە (١) خسـتنەڕووی بـۆ کـراوە .لـە ناوەڕاسـتی دێـڕی سـێیەمی، کـە وشـەکانی ئـەو ڕسـتەیەی خسـتۆتەڕوو، نووسـراوە پـەیڤی ( فرمێسـك ) نـاوە تەواوکـەری کـاری ( دەڕێـژێت ) ە. واتـە بـەر کـارە بـەڕای ئێمـە دەبوایـە لـە نێـوان هـەردوو وشـەی ( نـاوە تەواوکـەرە) هێمـای (،) بـۆ دانرابـا ئـەو کاتـە هـەم بەشـە ئاخـاوتنی ( نـاو ) دەناسـێنرا هـەم ئەرکەکەشـی دیـاری دەکـرا لەلایـەکی دیکـــە دەبوایـــە پـــەیڤی (فرمێســـك ) لـــە پـــەیڤی ( خـــوێنین ) جیانەکرابایـــەوە، چـــونکە ئـــەو دەســـتەواژەیە ( فرمێســـکی خـــوێنین ) هـــەمووی بەیەکـــەوەیە و دەبێتـــە ( گرێیـــەکی نـــاوی ) و ئەرکەکەشـــی (تەواوکـــەری کـــار)ە نـــەك تـــەنها وشـــەی ( فرمێســـك ) بـــە تـــەنیا ( تەواوکەر )ە.

پـەیڤی ( فرمێسـك ) --- نـاوە، پـەیڤی ( خـوێنین ) هاوەڵنـاوێکی چـۆنیەتیە و ئەرکەکـەی دیـار خـەری نـاوی (فرمێسـك )ە، چـونکە وەسـفی پـەیڤی (فرمێسـك ) ی کـردووە ئینجـا هـەمووی بەسـەریەکەوە ( فرمێسـکی خـوێنین ) دەبێتـە تەواوکـەری کـار هۆکارەکـەش ئەمەیـە کـە ( ی) ئـامرازی خسـتنەپاڵ لـە نێـوان هـەردوو پەیڤەکـەدا هەیـە و هـەردوو ( نـاو و هاوەڵناوەکـەی ) داوەتـەپاڵ یـەکتر و جـۆری فرمێسکەکەی دەرخستووە.

ج / لەهـەمان کتێـب و لەوانـەی سـێزدەهەم لـە بابـەتی ( نـاو) لەلاپـەڕەی ( ٥٩) لـە دەقـی ( دەسـتوور ) دا هـاتووە کـە : ( نـاو وشـە و بێژەپێکـە بـەکاردێت بـۆ ناونـان و دیـاری کـردن و پیشـاندانی گیانـدارێك ( مـرۆڤ بـێ، ئـاژەڵ، یـان ڕووەك) یـان بـێ گیانێـك ( شـت بـێ یـان شـوێن) یان بیرو مەبەستێك ) .

- بـەڕای ئێمـە دەبوایـە ( دەسـتوور) ئـاوا نووسـربایە : ( نـاو وشـە و بێژەپێکـە بـەکاردێت بـۆ ناونـان و دیـاری کـردن و پیشـاندانی زینـدەوەرێك ( مـرۆڤ بـێ، ئـاژەڵ، یـان ڕووەك ) یـان بـێ گیانێـك ( شـت بێ یان شوێن ) یان بیرو مەبەستێك ) .

دەبوایـە : ١- لـە جیـاتی وشـەی گیانـدارێك، بنوسـرابایە (زینـدەوەرێك)، چـونکە ( ڕووەك ) بـە زینـدەوەر دەکـرێ لـە قەڵـەم بـدرێت، بـەڵام گیانـدار نییـە . مـەرج نیـە هـەموو زینـدەوەرێك گیـانی تیابـێ بۆیـە وا باشـترە وشـەی ( ڕووەك ) لـە نـاو ئـەو کەوانەیـە دەربهێنرێت کە ( مرۆڤ، ئاژەڵ ) ی تیادا نووسراوە .

٢- یان پێناسەکە هەروەك خۆی بێ بەمەرجێك وشەی ( ڕووەك ) لە پاڵ وشەی ( مرۆڤ و ئاژەڵ ) لەناو یەك کەوانەدا نەبێ، بەڵکو بخرێتە دەرەوەی کەوانەکە. کەواتە بە هەردوو شێوەکەی خاڵی ( ١، ٢ ) هەرچۆنێك بنووسرابایە هەر ڕاستە.

د - لە هەمان کتێب و لە بابەتی ( بنچینەکانی ڕستە ) وانەی دەیەم (لاپەڕە ٤٧ )

أ- ( بکەر - کار )

ب- ( نیهاد - گوزارە )

بەڕای ئێمە دەبوایە لە لقی أ- نووسرابایە ( بکەر - بەرکار - - کار ) واتە وشەی ( بەرکار ) بنووسرایە، چونکە لەڕستەدا ئەگەر ( کار ) کارێکی تەواو لە ڕووی هێزەوە کارێکی ( تێپەڕ ) بێت، ئەو کاتە بنچینەکانی ڕستە بریتی دەبێ لە ( بکەر - بەرکار - کار ) ئەوکاتە کە ( کار ) ی ڕستە لە ڕووی هێزەوە ( کارێکی تێپەڕ ) بێ ئەوە ڕستەکە هەم لە ڕووی ماناوە هەم لە ڕووی ئەرکی بەشە ئاخاوتنەکانەوە پێویستی تەنها بە ( بکەر و کار ) نیە بەڵکو پێویستی بە وشەیەکی تریش هەیە کە لە ڕووی ئەرکەوە دەبێتە ( بەر کار )، چونکە لەو حاڵەتەدا ئەو وشەیەی کە دەبێتە ( بەرکار ) واتای کارەکە تەواو دەکات و کاریگەری کارەکەشی دەکەوێتە سەر لە کاتێك ئەگەر ڕستەیەك کارەکەی لەڕووی هێزەوە ( تێپەڕ ) بێ شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کەبە تەنها لەگەڵ ( بکەر ) نا توانرێ واتای ڕستەکە تەواو پیشان بدات، بەڵکو پێویستی بە ( تەواوکەر )

ێك هەیە كە بە ( بەركار ) دیاری كراوە بۆیە پێویستیە ( بەركار)یش بكرێتە بەشێك لە بنچینەكانی ڕستە شان بە شانی ( بكەر و كار ) ٠
بە داخەوە لەو بابەتەدا لەلاپەڕەی ( ٤٧ ) وە تاكو لاپەڕە ( ٥١ ) هیچ ڕوونكردنەوە و ئیشارەیەكی پێ نەكراوە، كە دەبوایە زۆر بە ڕوونی ئەو بابەتە شیكار و ڕوونكردنەوەی پێویستی لەسەر كرابایە٠
بەو ئومێدەی ئەو ڕایەمان بە هێند وەربگیرێت كە پیا چوونەوەیەكی بۆ بكرێت بۆ چاپی داهاتوو لە ساڵی نوێی خوێندن دا.
چەند تێبینییەك لەسەر مەنهەجی كوردی
پۆلی ﴿ هەشتەمی بنەڕەتی ﴾
١- لە كتێبی ( زمان و ئەدەبی كوردی ) پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی – چاپی چوارەم – ساڵی ( ٢٠١٠ ) زایینی أ) لەوانەی چواردەهەم ( بابەتی هاوەڵكار ) لاپەڕە ( ٨٩ ) چوار ڕستەی بە نموونە هێناوەتەوە كە دەربڕی چوار جۆری هاوەڵكارە لە ڕووی ناوەڕۆكەوە٠
بەم شێوەیە : ١- دوهی بەفر باری ٠ ⟵ هاوەڵكاری كاتی
٢- دەرسەكەمان خێراتەواو بوو ٠ ⟵ هاوەڵكاری چۆنیەتی
٣- ئازادی كەو دناڤ هێلینێ داگرت. ⟵ هاوەڵكاری شوێنی
٤- پووشەكەی تۆزێ سووتا ٠ ⟵ هاوەڵكاری چەندی
تێبینی / ١- باشە ئەگەر لە بابەتی ( هاوەڵكار ) بەڕێز باسی ئەو چوار جۆرەی هاوەڵكار كراوە و خراونەتە ڕوو دیارە مەبەست ناساندن و ئاشنا كردنی ئەو چوار جۆرەیە بە قوتابیان و خوێندكاران، بۆیە پێویست بوو لە بابەتی (جۆرەكانی هاوەڵكار )،

کە لەلاپەڕە ( ٩١ ) لە ( وانەی پازدەهەم ) دا خراوەتە ڕوو پێویست بوو ئەو چوار جۆرە بەڕیز بەشێوەی زنجیرەی بەدوایەك دا ( **هاوەڵکاری کات – چۆنیەتی شوێنی – چەندی** ) بە وردی و بە ڕوونی باسکرابان و خستنە ڕوویان بۆ کرابا، ئەوکاتە قوتابیان و خوێندکاران زۆر بە باشی ئەو بابەتەیان وەردەگرت و لێی حاڵی دەبوون، بەڵام بە داخەوە ئەو ڕیز کردنەی کە لەلاپەڕە ( ٨٩) دا پەیڕەو کراوە لە لاپەڕە ( ٩١) دا لە (**جۆرەکانی هاوەڵکار** ) دا پەیڕەو نەکراوە و ڕیزکردنەکە تێك چووە و بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو :

**١– هاوەڵکاری کاتی . ٢– هاوەڵکاری شوێنی – هاوەڵکاری چۆنیەتی .**

**تێبینی / یەکەم** : لەوەدایە کە جێگۆڕکێ لە زنجیرەی ( ٢، ٣ ) دا کراوە بە بەراورد لەلاپەڕەی ( ٨٩،٩١ ) کە ئەمەش بەڕای ئێمە سەر لێ شێواندنێك بۆ قوتابیان و خوێندکاران پەیدادەکات دەبوایە چۆن لەلاپەڕەی (٨٩ )دا بە دوایەك دا هاتوون لەلاپەڕە (٩١) دا بەهەمان زنجیرە بە دوایەك دا **هاتبان**. لەلایەکی دیکەوە ( **هاوەڵکاری چەندی**) کە لەلاپەڕە ( ٨٩ ) دا ناسێنراوە لە لاپەڕە ( ٩١ ) دا فەرامۆش کراوە و باس نەکراوە کە ئەمەش بۆتە جێ ی سەرنج و پرسیاری یەك بە دوای یەکی قوتابیان و خوێندکاران. باشە ئەگەر لەلاپەڕە ( ٨٩ ) دا دەیناسێنێ بۆ دەبێ لە لاپەڕە ( ٩١ ) دا فەرامۆش بکرێت. دەبوایە لە لاپەڕە ( ٨٩ ) دا هەر باس نەکرابا

تاکو هیچ جۆرە سەر لێ شێواندن و فکرێك بۆ قوتابیان دروست نەبووبا.

لە جۆری سێیەم ( هاوەڵکاری چۆنیەتی ) : لەتەك وشەی ( چۆنیەتی ) لەناو کەوانەدا نوسراوە ( چۆنی ) . بەڕای ئێمە وشەی ( چۆنی ) لەگەڵ وشەی ( چۆنیەتی ) لە ڕووی واتا و مەبەستەوە لێك جیاوازن و وشەی ( چۆنی ) ئەو مەبەستە ناگەیەنێ کە لە ( هاوەڵکاری چۆنیەتی ) دا مەبەستمانە.

٢- لە بابەتی شازدەهەم ( گرێی ناوی ) لاپەڕە ( ٩٦ )

لەلاپەڕەی ( ٩٧) نووسراوە ( دەستوور ) .

- لە دێڕی چوارەم هاتووە :لە ڕووی دروستبوونیشەوە، تەواو کراوو لێکدراوی هەیە، کە بەم جۆرە دروست دەبن بە سێ خاڵ باس لە دروست بوونی گرێی ناوی کراوە :

١-

٢-

٣-

تێبینی ئێمە ئەوەیە کە هیچ ڕوونکردنەوەیەك نەخراوەتە ڕوو تاکو هەم مامۆستا وەك ڕابەرێك هەم قوتابانیش وەك تەوەری دووەم بتوانن وا بەئاسانی جیاوازی بکەن لە نێوان گرێ ی ناوی ( تەواوکراوو - لێکدراو ) .

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا خاڵی سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی هەر دوو جۆری گرێ ی ناوی ( تەواوکراو و لێکدراو ) چییە ؟ چۆن بتوانین ئەو گرێیانە لێك جیا بکەینەوە و بناسینەوە کە ئایە کامیان (

تــەواوکراو )ە کامیــان (لێکـدراوە ) بـە تایبـەتی لـە ڕسـتەدا کاتێـك ( گرێیەکی ناوی ) بەر چاو دەکەوێ .

خــالّی (١) و (٣) هــەردوو خالّەکــە نووســراوە ( دوونــاو ) کــە بــەهۆی ئـامرازی خسـتنەپاڵ دروسـت دەبـن. لـە خـالّی (١) دەبێتـە گـرێ ی نـاوی ( تـەواوکراو ) لـە خـالّی ( ٣ ) دەبێتـە گـرێ ی نـاوی ( لێکـدراو ) . بـەلاّم لــە خــالّی ســێیەم (٣) دا ئیشــارە بــەئامرازی ( بــە، ب، بــێ ) کــراوە کەهۆیەوە لێکبدرێن.

لێـرەدا دەپرسـین ئایـا ئـەو ئامرازانـە ( بـە، ب، بـێ ) دەبنـە ئـامرازی پەیوندی؟

چـونکە تــەنها نووســراوە ( ئــامراز ) دیــارە ( ئــامرازیش ) جــۆری زۆری هەیە بۆیە پێویست بوو ئامرازەکە ناسرابایە چ جۆرێکە ؟

ئایا مەبەستمان لە ئامرزە خستنە پالّەکە لێرە دا کام ئامرازەیە ؟

ئــامرازی ( ە ) یــان ( ی ) یــا . چــی دیکــە ؟ پێویســتە باشــتر ڕوون بکرێتەوە .

# کرمـــاشـــــان...

# کرما نجان یان گەرماژن یان کارمانژان؟!..

بەختیار مام حەمید

## ((هۆرەیەك بۆ گەرمەژنەکانی کورد، هـورەیـــەك بـــۆ خۆپاراســـتن، هـــۆرایـــەك بـــۆ کرمـاشـــان))

مـــانگی ٦ی ٢٠١٠ لــە کرماشــان بووم،ڕۆژێــك مــن بــۆ گــەڕان بــە دوای ڕاســـتیی دیرۆکییـــدا نەچـــووبووم بـــەڵام خۆبـــەخۆ کەوتمـــە ئـــەو نێوەندەوە،چـونکە نـاتوانم لـە جێگەیـەك بم و زانیـاریی لەسـەر (کـورد-کوردستان) وەرنەگرم.

بەهـەرحاڵ لەتـەك پیـاوێکی فـرەپیری کرماشـانی کـە خـۆی بـە ڕەسـەن سەرپێڵیی(سـەرپێڵ زەهـاو) بوو،کەوتینـە گفتوگـۆ لەسـەر تاقەوسـان و شـیرین و فـــەرهادو ئـــەو شـــتانە کـــە لـــە دەوروبـــەری کرماشـــان هەڵکـەوتوون،ئینجا یـەژن بـۆ وشـکەدار چـووم گـوێزم دەسـکەوت،منیش وام لێهات.

مامـە پـیرە باسـی قارەمـانێتیی شـیرینی بـۆ دەکـردم و دەیـوت -بـڕێ کـەس دەڵـێن شـیرین و فـەرهاد ئەفسـانەیە،وەلێ مـن وا نایـەژم چـون ئەمـە مێـژوی کوردە،شـیرین نمونـەی کـچ و ژنـی تێکۆشـەری کـوردە بـەر لـەوەی نمونـەی ئەشـق بێت،شـیرین گەرمـەژنێك بـووە وەك تـرش و زۆر ئـازاو وریـا بـووە-،دوای ئـەم قسـانە کـەمێك وەسـتاو،منیش بـیرم چـوو

بۆ لای (گەرمەژن=ژنی گەرموگوڕ و ئازا) و ئەوەشم بە بیردا هات کە کە لە هەندێك دەڤەری کوردستان بە کەسی گەنج و جوان و ئازاو دلێر دەڵێن (گەرم یان گەرموو گوڕ،گەرماوگەرم،بە گەرمی،گەرمكار) بە پێچەوانەکەی دەڵێن (سارد یان ساردو سڕ)،گڕو تین و قین و قارو گەرموگوڕیی میوانداریش هەر لەمەوە سەرچاوەی گرتووە،من لەو بیرەدا بووم کە بگەمە ئەنجام،ئینجا مامۆ پیرە دەستی بە قسەکردەوەو بیرو (یاتە)کەی منی بڕی و وتی –گشت ژنانی کرماشان کاتی خۆی دلێرو ئازاو گەرموگوڕ بوون،چوون شیرینەکەی بێستون–،بەداخەوە هەرچەندە زۆر هەوڵمداو کە لەسەر ئەو بابەتە زانیاریی دیکەم بداتێ،وەلێ ئەو ڕوخسەتی خواست و ڕۆشت و وتی – من هەر ئەوە دەزانم!– لە کاتەوە من لە گەڕاندام بۆ سەرچاوەکان تا بزانم لە کۆندا (گەرم) وەك هێمای چی و چی بەکار براوە؟ زۆر بە داخەوە هیچی لەو بارەوە دەستنەکەوت،بۆیە ئەم بابەتەش وا دواکەوت بە نیاز بووم کە سەرچاوەی ڕوونتر و باشترو سەلمێنەرتر بدۆزمەوە،بە هەرحاڵ هیچم دەستنەکەوت،وەلێ لێرەدا بە یارمەتی خودا،بیری خۆم (کە نابێتە بەڵگەو پێویستی بە کۆڵینەوە هەیە) دەخەمە ڕوو لەسەر ئەو چەند قسە.

جارێ پێش هەر شتێك مامۆستای پایەبەرزی کورد حەسەن سەڵاح سۆران(ح.س.سۆران) لە بارەی ناوی کرماشانەوە دەڵێت (کرمانشان

واتـــە کرمانجـــان= کرمانج+ان،دەکاتـــە کـــۆی کـــوردانی کـــۆن و – کورد+مـــان+جیّ–کورمانجی،بـەڵام وەك زۆر وشـــەو نـــاوی دیکـــەی پیتـــی گـــۆڕاوەو ڕەنگـــە (ج)کـــەی بووبێـــت بـــە (ش) و بـــەم جـــۆرە دەبێتـــە کرمانشـــان)،ئینجا بـــا باســـی درکاندنەکـــەی مـــامۆ پـــیرە بکـــەین، مـــن وای بـــۆ دەچـــم نـــاوی (کرماشـــان) نـــاوێکی بـــیّ چەندوچـــوون کـــوردی بێـــت و سەرچـــاوەکەی بەدەســـتوبردیی ژنـــە کـــوردە دلێرەکـــانی ناوچـــەکە بێـــت،و بـــە پێـــی تێپـــەڕبوونی کـــات و زەمـــەن گۆڕانکـــاریی بەســـەردا هاتبێـــت وەك زۆر نـــاوی دیکـــە بـــۆ وێنـــە (حـــەلوان= هـــەڵاوان، دیـــالا= دوویاڵا،هەمـــەدان= هـــەنگمادان، بەغداد=باخـــداد، جەلـــەولا= گوڵاڵـــە، مەندەلی=بەینـــدەجین، هـــــــەولێر=ئاربیل، جەزیرە=جـــــــەزێرە، بەعقوبـــــــە=بانکوەبان، عەربەت=ئارپـــــــەت، شەهرکرد=شـــــارەکورد، داقـــــوق=دیّ کـــــۆك، ئەسەدئاباد=ئەســـــاوا، ســـــەروئاباد= ســـــەوڵاوا، کردفان=کوردۆڤـــــان، مەملەحـــە= خوێلانگـــا، دەینـــەوەر=دینهاوەر، دەســـکەرە= دەســـتگورد، بروجـــورد=وەروگرد، ئیران=ئێرانـــە، عیراق=ئـــارواك ئەمـــەو هـــەزاران نـــاوی دیکـــەی گـــۆڕدراو کـــە نـــەك بابـــەتێك بـــەڵکو چـــەندین پـــەرتوك و کتاومـــان لـــەو بـــارەوە گەرەکـــە،بۆ زانیـــاریی پـــتر بڕوانـــە کتاوگـــەلی (مێـــــــژووی حەســـــــەنوەیهی و عەییاری،محەمـــــــەد جـــــــەمیل ڕۆژبەیانی، .ئاڤێســـــتای نەورۆز،م.عەبـــــدولخالق سەرســـــام، .زمانەوانی کوردی،م.حەســـەن ســـەڵاح ســـۆران،.) ..هتد) بـــەم جـــۆرە لـــە ڕێنووســـی

عارەبیدا پیتەکانی (گ) و (ژ) بوونیان نیەو زۆر جار دەگۆڕدرێن بۆ (ك) و (ش) و هەروەها بزوێنی کورت دەرناکەوێت(نانوسرێت) تنیا دەخوێندرێتەوە وەکو (عرب=عەرەب،نسب= نەسەب، قلم=قەلەم، هورامان= هەورامان و هتد...) هەروەها لە زمانی کوردیدا بزوێنی درێژ هەندێ جار دەبێتە کورت و بە پێچەوانەشەوە بۆ نمونە(ئەزمان=ئاسمان) یان (ئاورامان=ئەورامان) بۆیە گەر تێی بڕوانین بە شێوەیەکی خێرا ناوەکە لە (گەرمەژن) وە دەبێتە (کرماشان)،ئەویش بەم شێوەیە:

گەرمەژن=کەرماژن=کەرماشن=کەرماشان=کرماشان،وەك باسمان کرد گەرما بە مانای دلێری نەك کەش و هەوای گەرم،ئەگەر لێکۆڵینەوەی باش بکرێت و دەرکەوێت ئەم ناوە دروستە کە زۆر جێگەی گومانە کە ڕاست بێت،ئەو کات دەسەلمێت کە لە مێژوودا کورد ڕێزی تایبەتی لە ژن ناوەو ڕەنگی داوەتەوە،ژنی کورد تایبەتمەدیە گرنگی هەبووە،ئەمە جگە لەوەی ڕاستینەی ناوە کوردییەکەی کرماشان دەردەخات،ڕەنگیشە وشەکانی ژن،ژین،ژەن، ژان،شن،شنە،شان، شەن،شین، کە هەموویان واتای ژیان،ژان و ئازاری نەوە ئافراندن، شنەی با، شان و هێز،شەنی تێکۆشان،شینی سەرلەنوێ ئاوابوونەوە،دەدەن،هەموویان یەك بن.

دەبێت ئەوەیچ لە یاد نەکەین بەو پێیەی کە ناوچەی کرماشان شوێنێکی فرە کۆنەو هەمیشە کارو ئیشی زۆر بووەو مانەوەش پەیوەندیی بە ژان و ئێشەوە هەبووە، دەگونجێت ناوی کرماشان لە سێ وشەی کوردیی وەك (کار+مان+ژان)وە هاتبێت و بە پێی تێپەڕبوونی کات (کار) بوبێتە (کر) و (مان) بوبێتە (ما) و (ژان) بوبێتە (شان)،دەبینین هەر سێ وشەکە تەواو کوردیین،کار کردن و مانەوەو ئێش و ژان،دیسان دەڵێم ئەگەر لێکۆڵینەوەی باش بکرێت و وردبینەوە لە ناو،وشە،ڕستەکان ئەوا دڵنیا دەبین لە کوردییەتییان و گومانێك نامێنێتەوە !،یان دەگونجێت (کار+مان+ژن) بە بەڵگە وەرگین کە دەکاتە کارو مان پەیوەندییان بە ژنەوە هەس و بێ ژن ئەو دووانە واتایەکیان نیە،وا دەزانم هەر ئەمەشە وای کردوە کە ناوی کرماشان لە برێ جێگا بیبێتە (قرماسین یان قرمسین)

دەبێت بێژم..تکام وایە لە شارەزایانی زوان و فەرهەنگ و ژوگرافیاو مێژووی کورد،هەوڵ بدەن و تێبکۆشن یان بە ڕوونتر خەبات بکەن لە پێناو دەرخستنی ڕاستییەکانی میللەتی کورد و وەڵاتی کوردستان،لە ناوی شارەکان بکۆڵنەوەو لە ڕاستییەکەی بگەڕێن،مێژووی کوردمان ڕاست بکەنەوە،تکایە با وەکو توتی لە دوای دەمی دوژمنانی کوردەوە مێژووی کورد نەڵێینەوە !،با خۆمان

و لـە خـاك و ئـاوی خۆمـان كۆڵینـەوە بكـەین و تـا ئـیتر كـەس نەمانكاتـە دێوو درنج و كێوی و هتد...

((ئەمـــە دەرچـــەیەكە بـــۆ لێكۆڵینـــەوەی پـــترو بـــە دواداچـــوون،نەك ئەنجام!))

# دواندنێکی بڵاونەکراوەی مامۆستا هەژار

**شوان ئەحمەد**

ئەمەی خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنێکی مامۆستا ( هەژار) ە، کە پێدەچێت لەگەڵ پەیامنێرانی بیانی ئەنجامی دابێت، چونکە لە وتەکانیدا زیاتر لە جارێك داوای داد و هاوار دەکات بۆ کوردان لەوان دەربارەی زمان و ئەدەبی کوردی.

کە ئەم دەقەش بریتی یە لە باس کردنێکی کورتی زمان و ئەدەبی کوردی. ئەم دەقەم لە ڤیدیۆیەك وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی نووسین کە هەر بەزمانی مامۆستا هەژار نووسراوەتەوە بە بێ هیچ دەسکارییەك جگە لە لادانی چەند وشەیەکی زۆر کەم کە لێیان نەگەیشتم .

((دەمەوێ لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە قسەیەکتان بۆ بکەم، میللەتی کورد باوجوودی قەت کیانی خۆی نەبووە وە هەزار ساڵە کەس ئاوەڕی وەسەر نەداوەتەوە، بەڵکو لەژێر تەئسیری زمانی عەرەبی، فارسی،تورکیدا بووە و بەزۆری زۆرداری زمانی عالەمی پێ خوێندراوە، قەت کوردیی نانی لێ پەیدا نەبووە بۆ میللەتی کورد دیسان بەو حاڵەش کورد لە ئەدەبی خۆیدا گەیشتۆتە پایەیەکی زۆر بەرز و گەورە کە لەوەدا دەتوانێت لەگەڵ میللەتی دیکەش شرکەت بکات بۆ نموونە ( مەم وزین) ی خانی مان هەیە، (مەم و زین) ی خانی لە (ڕۆمیۆ جوڵێت) ی (شکسپیر) ئەگەر بەرزتر نەبێ بەرانبەری دەکا و بە عەقیدەی من بەرزتریشە چونکە جگە لە عیشقبازییەکەی زۆر شتی دیکەی تێدایە کە لە (ڕۆمیۆ جولێت) ی

شکسپیر دا نییە،پیاوی وەك مەولەوی تاوەگۆزی یان ئەحمەدی خانی ئەوانە توانیویانە بە واستەی موستەشریقین بەوانەی زمانی کوردی کوردی دەزانن ناوی ئەدەبی کوردی بەرزبکەنەوە و لە دونیادا تەرجەمە بکریٚ ئەگەر ئەو میللەتە بۆخۆی ساحێبی کیانی خۆی بووایە بۆ خۆی ئازاد بوایە هەر ئەوەندە بتوانیٚ بە زمانی خۆی و دایك و باوکی و میللەتەکەی خۆی بخوێنیٚ دەبوایە چەند عەبقەری تر ئێمە تەسلیم بە دونیا بکەین دەبوایە چەندمان خزمەت بە ئەدەبیاتی عالەم دەکرد من هاوارێکی کە دەیکەم لە ئەهلی دونیا پێم وایە هەر بۆ قازانجی دەوڵەمەندی ئەدەب و فۆلکلۆریان یاریدەی ئەو میللەتە کوردە بکەن تەنیا ڕێگەی ئەوەی هەبێت بە زمانی دایك و باوکی خۆی بخوێنیٚ ئێمە بە دزییەوە زمانی خۆمان دەدزینەوە لە ئەشکەوتان دەیخوێنین هەر ئەوەندە، نالێم ئینسانیەت چونکە بە ئەندازەیەکمان هاوار لە ئینسانیەت کردووە جوابیان نەداوینەوە کە بەکولی ئینسان مەئیوس دەبیٚ، بەڵام هاوار لەوەندە دەکەین بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبێکی زۆر گەورە و ئی فۆلکلۆرێکی زۆر گەورە بۆ ئەوە کە ئێمەش بزانن چەپکە گوڵی خۆمان دەدەین بە ئەدەبیاتی جیهان بۆ ئەوەندە هاوارێکمان بۆ بکەن دادێکمان بۆ بکەن ئەو حەقە کەمە مەشروعە کە ئازادی زمانە بدریٚ بە میللەتی کورد وە ئەوەش دەڵێم میللەتی کورد ئەلئان منداڵی بە چوار پێنج زمان پێی دەخوێندریٚ دەبیٚ بە ڕوسی و ئەرمەنی بخوێنیٚ دەبیٚ بە

تورکی بخوێنێ دەبێ بە فارسی بخوێنێ دەبێ بە عەرەبی بخوێنێ تەنیا ڕێگەی نییە بە کوردییەکەی خۆی گەشە بە خۆی بدات،ئەگەر دەبیستینەوە لە چەند جێیەك کە دەڵێن ئازادی خوێندنی کوردی هەیە . منداڵی کورد دەبێ سێ زمان فێر ببێ یەك لەوانە کوردییە تا سەفی پێنجی ئیبتیدائی پاشان حەقی نییە، دەبێ ئێمە هەرچی هەمانە لە زمانی بێگانەوە تەرجەمەی بکەین حەرف بە حەرف جا پێی بڵێین کوردی، دەمانتوێننەوە ئەو هاوارەی من حەزدەکەم بە گوێ ی دونیا بگا وە حەزدەکەم مەجال ببێ میللەتی کوردیش گوڵی خۆی چەپکە گوڵی خۆی لەسەر سەروەتەی ئەدەبی جیهان دابنێ هاوارێکی ئەو هامان بۆ بکەن . بۆ شیعریش ئەوەندەی فکر دەکەمەوە وا بە موناسب دەبینم ئەو حیکایەتەش بگێڕمەوە کە لە ١٩٥٧ بۆ هاوارێك بۆ میللەتی کورد هەوڵمدا بگەمە موسکۆ لە شامەوە بە سواڵ و سەدەقە پارەم پەیداکرد ئەمما خۆم گەیاندە( چیکۆسلاڤاکیا) لەوێوە پیاوانی کورد و عەرەبیش هەر لەبەر ئەوەندە ڕێگای هاوارەکەم نەبێ وایان کرد کە دەرم بکەن لە وێوە بە مەقتوعی گەیشتەمەوە ئەڵمانیا .

---

14

# زمانناسی

چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر